

# کەم و کورتی دادوەری

## لێپرسراوێتی بۆ تاوانەکانی داعش لە عێراق

HUMAN RIGHTS WATCH

# کەم و کورتی دادوەری

## لێپرسراوێتی بۆ تاوانەکانی داعش لە عێراق

کۆپی ٢٠١٧ مافی کۆپیکردنی پارێزراوە بۆ
هیومان ڕایتس ۆوچ
لە وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چاپکراوە
ISBN: 978-1-6231-35553
دیزاینی بەرگ لەلایەن ڕەفائێل جیمێنز

هیومان ڕایتس ۆوچ بەرگری لە مافەکانی خەڵك دەکات لەسەرتاسەری جیهان. زۆربە چڕوپڕی لێکۆڵینەوە لە پێشێلکاریەکان دەکەین و ڕاستیەکان بۆ ڕای گشتی ئاشکرا دەکەین و فشار دەخەینە سەر دەسەڵاتداران بۆ ڕێزگرتن لە مافەکان و وەدیهێنانی دادپەروەری. هیومان ڕایتس ۆوچ ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی سەربەخۆیە وەك بەشێك لە جوڵانەوەیەکی چالاك کاردەکات بۆ ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤەکان و پێشخستنی بابەتی مافەکانی مرۆڤ بۆ هەمووان.

هیومان ڕایتس ۆوچ ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیە کە ستافی لە زیاتر لە ٤٠ وولاتی جیهان و ئۆفیسی لە ئەمستەردام و بەیروت و برۆکسل و شیکاگۆوجنێف و گۆماو یۆهانسبێرگ و لەندەن و لۆس ئانجلس و مۆسکۆو نایرۆبی و پاریس و سانفرانسیسکۆو سیدنی و تۆکیۆو تۆرانتۆو تونس و واشنتن دی. سی و زورك هەیە.

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە:http://www.hrw.org

کانوونی دووەم ٢٠١٧

ISBN: 978-1-6231-35553

# کەم وکورتی دادوەری

## لێپرسراوێتی بۆ تاوانەکانی داعش لە عێراق

کورتە ... 1
لێکۆڵینەوەی سەرەتایی ... 2
ڕەوشی زیندانەکان ... 2
ڕێکاری یاسایی ... 2
هەنگاوەکانی داهاتوو ... 5

میتۆد ... 9

بەشی یەکەم: پێشینە ... 10
تۆماری پێشێلکاریەکان ... 13

بەشی دووەم: ڕێکاری یاسایی لەدژی ئەندامان و لایەنگران و چەکدارانی داعش ... 19
زیادەڕەوی لە دەستگیرکردن و زیندانیکردن ... 22
کەم وکورتیە دادگەریەکان لە دادگاکانی عێراقدا ... 26
نەبوونی پاڕێزەری یاسای و سەردانی خێزانی ... 39
ئەو گومانلێکراوانەی داعش کە منداڵن ... 41
مامەڵەی خراپ لەگەڵ زیندانیان ... 47
سزای لەسێدارەدان ... 50
نەبوونی بەشداری قوربانیان ... 51
ڕێکاری یاسایی لە تاوانی دژبە یەزیدیەکان ... 54
قەرەبووکردنەوە ... 59

بەشی سێیەم: فەرامۆشکردنی پێشێلکاری هێزەکانی عێراق وهەرێمی کوردستان لە جەنگی داعشدا ... 66

پێشنیازەکان ... 69
دادوەری کاتی ... 69
لێکۆڵینەوەو دەستگیرکردن و بەندکردن ... 70

# کورته

هێزە چەکدارەکانی حکومەتی عێراقی و هەرێمی کوردستان (KRG)، بە پشتگیری هاوبەشە نێودەوڵەتیەکانیان بە وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئێرانیشەوە، لە کۆتایی هەڵمەتە سەربازیەکەیاندان لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی (ناسراو بە داعش) لە عێراق. لەم هەڵمەتەدا، هێزەکانی حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەزاران گومانلێکراویان لە ئەندام و چەکدارانی داعش دەستگیرکردووە کە لە نێویاندا بە سەدان منداڵیش هەن.

هەریەکە لە سیستمی دادوەری حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان پشت بە دادگا دژە تیرۆریەکانی خۆیان دەبەستن تا بەخێرایی پرۆسەی دادگاییکردنی ئەم هەموو گوومانلێکراوانەی داعش لەسەر بنەمای ئەو تۆمەتەنای ڕووبەڕوویان دەکرێتەوە بەپێی یاساکانی دژە تیرۆرئەنجام بدەن، بەشێوەیەکی سەرەکی و زۆرجاریش بەتایبەت لەسەر بنەمای تۆمەتی ئەندام بوون لە ناو داعش و بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ جیاکاریەك لە گەورەی تۆمەتەکانی دژیان و هیچ هەوڵێك نادەن بە ئەولەویەت دان بەگرتنەبەری ڕێکارە یاساییەکان لە دژی تاوانە گەورەکان. دادوەرێکی عێراقی لە دادگای دژە تیرۆری پارێزگای نەینەوا کە دەسەڵاتی پێدراوە بۆ دادگایکردنی ئەندامانی دەستگیرکراوی داعش لە موسڵ، ووتی، لە مانگی شوبات تا کۆتایی ئابی ٢٠١٧، دادگاکەیی پرۆسەی دادگاییکردنی ٥٥٠٠ گومانلێکراوی داعشی ئەنجام داوەو لەو ژمارەیە لانی کەم ٢٠٠ کەسیان سزا دراون.

هیومان ڕایتس ۆوچ ئاگادارە کە لەساڵی ٢٠١٤وە لانی کەم ٧،٣٧٤ کەس لە دادگاکانی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دادگایی کراون یان سزادراون و لەم ژمارەیەش ٩٢ کەیسیان لە سێدارە دراون. ڕێکخراوەکە دەشزانێ کە ئەمە بەشێکی کەمە لە کۆی ژمارەی هەموو ئەو کەسانەی وەك گومانلێکراوی داعش دەستگیر کراون.

ئەم ڕاپۆرتە بایەخ دەدات بە شیوازی لێکۆڵینەوە و دەستگیرکردن و پرۆسەی گرتنەبەری ڕێکارە یاساییەکان لەدژی گومانلێکراوانی داعش لە عێراق. لەهەریەك لەم قوناغانەدا، ڕاپۆرتەکە کەموکورتی جددی یاسای بەدی دەکات کە دەبنەهۆی لاوازکردنی هەوڵەکان لە دادگایکردنێکی ڕەوای ئەندام و لایەنگرو چەکدارانی داعش.

لەهەمووی گرنگتر، لە توێژینەوەکەی هیومان ڕایتس ۆوچدا دەردەکەوێ کە ستراتیژێکی نیشتمانی لە ڕێکارە یاساییەکاندا نیە کە تێیدا دڵنیایی بدات لە دادگایکردنێکی ڕەوای ئەوانەی لەناو داعش بەپرسیاربوون لە ئەنجامدانی تاوانە نەگریس و گەورەکان یان بەشداریەکی پڕ مانای قوربانیان و دروستکردنی تۆمارێکی دادوەری تێروتەسەل بۆ ئەم تاوانانە. لە هەمان کاتدا، دادگایکردن و سزادانی بەرفراوانی هەموو ئەوانەی لایەنگری داعش بوون، ئەگەرچی پەیوەندییەکی کەمیشیان بە گرووپەکەوە هەبووبێت، دەبێتە هۆی دروستکردنی بەربەست لەبەردەم هەر ئاشتبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە داهاتوودا و خنکان و گیرانی دادگاو بەندیخانەکانی عێراق بۆ دەیان ساڵی داهاتوو.

## لێکۆڵینەوەی سەرەتایی

ڕاپۆرتەکە نیگەرانی دەربارەی یەکسانی مافە یاساییەکان لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکاندا بۆ ئەوانەی شوێنەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشیان جێهێشتووە لەلایەن هێزەکانی ئاسایش و سووپای عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو. هیومان ڕایتس ۆوچ نیگەرانە لە تایبەتمەندێتی زانیاریەکان و ناڕوونی پرۆسەکە کە بەکارهێنراون لە تۆمەتبارکردن و دەستنیشانکردنی گومانلێکراوانی داعش، بە پشتبەستن بە لیستی داواکراوان یان تۆمەتبارکردن و پەنجە بۆ ڕاکێشان لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگە بەبێ بوونی هیچ بەڵگەیەکی زیاتر ،ڕەنگە دەرەنجامەکەی ببێتە هۆی دەستنیشانکردن و دەستگیرکردنی بە هەڵەی ئەو کوڕو پیاوانەی کە لە ڕاستیدا پەیوەندیان بە داعشەوە نەبووە. وەك لە توێژینەوەکەماندا نیشان دراوە، هەندێك لەوانەی بە هەڵە وەك گومانلێکراوی داعش لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکاندا دەستیان بۆ ڕاکێشراوە چەند مانگێکیان لە زیندانی بە کۆمەڵ لەکاتی لێکۆڵینەوە دادوەریەکان بەسەر بردووە.

## ڕەوشی زیندانەکان

کەشی ناو زیندانەکان و پرۆسەی لێکۆڵینەوەکانیش لەگەڵ زیندانیان کێشەی زۆریان هەیە. توێژینەوەکەمان نیشانی دەدات کە بەرپرسانی عێراقی گومانلێکراوانی داعشیان لە زیندانی قەرەباڵغ و لە هەندێك حاڵەتدا لە بارودۆخی نامرۆییانەدا بەندکردووە؛ منداڵانیان لە گەورەکان جیانەکردۆتەوەو بەشێوەیەکی ڕێکخراو مافە یاساییەکانیان لە بەرقەرارکردنی پرۆسەیەکی یاسایی عادیلانە پێشێل کردووە. لەو پێشێلکاریانەش وەك پشتگوێخستنی ئەو بڕگەیەی لە یاسای عێراقیدا هاتووە کە دەبێت دەستگیرکراو لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا بهێنرێتە بەردەم دادوەرو لەکاتی لێکۆڵینەوەدا ڕێگە بە ئامادەبوونی پارێزەر بدرێ و خێزانەکانیان ئاگادارکەنەوە لە دەستگیرکردنیان و ڕێگەیان پێبدەن پەیوەندیان لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکانیان هەبێت. جگە لەوەش، ژمارەیەکی زۆری دەستگیرکراوان ووتیان ئەشکەنجەدراون تا ناچاریان بکەن بە دانپێنان بە بەئەندام بوون لە ناو داعش. کاتێك پرسیار لە بەرپرسانی عێراقی کرا سەبارەت بەم تۆمەتانە، ووتیان، لێکۆڵینەوەیان لەوبارەیەوە کردووە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکیان نەخستەڕوو دەربارەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی لەم جۆرە.

## ڕێکاری یاسایی

کارەکانی داعش مەترسی ئەمنی گەورەی بۆسەر دەوڵەتی عێراق دروستکرد. ئەم گرووپە ژمارەیەکی بەرفراوان هێرشی بە ئەنجام گەیاند؛ لەوانەش لە دژی هاوڵتیانی مەدەنی، وهەروەها کاری تاوانکاری تری لەسەرتاسەری ووڵات ئەنجامداوە. بەرپرسانی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاستن لە گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لەدژی ئەنجام دەرانی ئەم تاوانانە لە پێناو بەرگریکردن لە ئاسایشی هاووڵاتیانیان و دڵنیابوون لە بەرقەرارکردنی دادپەروەری بۆ قوربانیان. بەڵام، ئەم ڕاپۆرتە ژمارەیەك کەموکورتی لە پرۆسەی ڕێکارە یاساییەکان لە دژی چەکداران و لایەنگرانی داعش دەخاتەڕوو.

### *نەبوونی ستراتیژێکی نیشتمانی*

لە ڕاپۆرتەکەدا دەردەکەوێ‌هیچ ستراتیژێکی نیشتمانی لە پرۆسەی ڕێکارە یاساییەکان لە دژی داعش نیەو ئەو سزایانەی ڕووبەڕوی گومانلێکراوانی داعش دەکرێتەوە هاوتا نیە لەگەڵ فراوانی مەودای ئەو تاوانانەی داعش ئەنجامی داون. دادوەرانی عێراق و هەرێمی کوردستان دەڵێن کە دادگاکانی دژە تیرۆری عێراق وهەرێمی کوردستان هاوشێوەی یەکتر کاردەکەن. بەڵام کاتێك پرسیاریان لێکرا دەربارەی پلانێکی سەرتاسەری لە لێپرسینەوە یاساییەکانیان لە تاوانەکانی داعش، دادوەرەکان بە هیومان ڕایتس ۆوچیان ووت

که ستراتیژێکی نیشتمانیان نیه بۆ هەماهەنگی کردن لە گرتنەبەری ڕێکارە یاساییەکان لە دژی داعش و ئەولەویەت دان بە دادگایکردن و سزادانی ئەوانەی بەرپرسیاربوون لە ئەنجامدانی تاوانی گەورە. بەڵکو، دەردەکەوێ کە هەردوو حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەریەکەیان بەپێی یاسای دژەتیرۆری خۆیان ڕێکاری یاسایی لەدژی هەموو گومانلێکراوانی داعش بەبێ جیاکاری بگرنەبەربە تایبەت بۆ تۆمەتی ئەندام بوون لە ناو گرووپەکەو، هیچ ئەولەویەت نەدانێك بە مەوداو قەبارەی تاوانەکان کە تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی.

***پشتبەستن بە یاساکانی دژە تیرۆر***

یاساکانی دژە تیرۆر کە لەلایەن حکومەتی عێراقی و بەرپرسانی هەرێمی کوردستانەوە کاریان پێدەکرێ ڕێگەی بە دادوەران داوە سزای ژمارەیەکی بەرفراوان لە خەڵك بدەن بە هەندێك لەوانەشەوە کە بە تاوانێکی دیاریکراوەوە تێوەنەگلاون، بەڵام باوەڕ وایە هاوکاری داعشیان کردبێ، بۆ نموونە وەك ئەو پزیشکانەی لە نەخۆشخانەکانی داعش کاریان کردووە یان چێشتلێنەرەکان کە خواردنیان بۆ چەکدارانی داعش ئامادەکردووە. یاساکانی دژە تیرۆر سزای زۆر توندیان تێدایە وەك زیندانی هەتاهەتایی و سزای لە سێدارەدان تەنانەت بۆ تەنها تۆمەتی ئەندام بوونیش لەناو داعش.

سزادانی گومانلێکراوانی داعش بەپێی یاساکانی دژەتیرۆر، لەبری سزادانیان بە ئەنجامدانی تاوانەکانی تر بەپێی یاسای سزادان (القانون الجنائی)، زۆرجار ئاسانترە لە رووی بابەتی بەڵگەییەوە. لەم کەیسانەدا، ئەوەی لەسەر بەرپرسان پێویستە تەنها سەلماندنی تۆمەتی بە ئەندام بوونە لەناو داعش، یان بەشداریکردن لە دام و دەزگاکانی داعش یان هێزە چەکدارەکانی وەك بەڵگە بۆ سزادانی گومانلێکراوان و پێویست ناکات هەستن بە دۆزینەوەی بەڵگەو سەلماندنی تاوانێکی دیاریکراو کە ڕەنگە ئەنجامیان دابێ—ئەمەش کارێکی قورسە بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئەم تاوانانە لە بێسەروبەری جەنگدا ڕوویانداوە. بەڵام، پشتبەستن بە یاساکانی دژە تیرۆر کێشەیە لە ڕوانگەی ئەولەویەت دان بە سزادانی تاوانە زۆر گەورەکان کە لە ژێر دەستی داعش ئەنجام دراون.

لەگەڵ ئەوەش، ڕاستە ئەندام بوون لە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لە زۆربەی ووڵاتان بە تاوان لەقەڵەم دەدرێ و هیچ شتێك لە یاسای نێودەوڵەتیدا نیە ڕێگری لە عێراق بکات لە دادگایکردن و سزادانی ئەندامانی داعش، بەڵام سزادانێکی بەرفراوانی لەم جۆرەی هەموو خەڵك ڕەنگە بۆ عێراق گونجاو نەبێ بە ڕەچاوکردنی زۆری ژمارەی دانیشتوانی ئەو هەموو ناوچەیەی داعش دەسەڵاتی سەربازی و مەدەنی تێدا سەپاندبوو. لە لوتکەی دەسەڵاتەکەیدا، داعش پشتی بە دەیان هەزار هاووڵاتی عێراقی بەستبوو بۆ حوکمڕانی کردنی ئەو ناوچانە و دانیشتوانەکانی ژێر کۆنترۆڵی. لەلایەکی تریشەوە، ئەولەویەت دان بە سزادانی تاوانە زۆر گەورەکان ڕێخۆشکەردەبێ بۆ ڕێکخستنەوەیەکی ستراتیژی سەرچاوە سنووردارەکانی عێراق.

***دروستکردنی تۆمارێکی دادوەری و بەشداریکردنی قوربانیان***

گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لەدژی گومانلێکراوان تەنها بەپێی یاسای دژە تیرۆر کێشەیەکی تریش دروست دەکات لە ڕوانگەی دروستکردنی تۆمارێکی دادوەری بۆ ئەو هەموو تاوانە زۆرو بەرفراوانانەی لە دژی ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی عێراقی ئەنجام دراوەو کۆکردنەوەی بەڵگەی ئەم تاوانانە لە شاهێدحاڵان و قوربانیان.سەرەڕایی بانگەوازی ئەو کۆمەڵگانەی لە عێراقدا قوربانیان داوە بۆ بەرقەرارکردنی

دادپەروەری، و سەرەڕای ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی  لە عێراقدا ڕێگە بە بەشداریکردنی قوربانیان و شاهێدحاڵان لە دادگایکەکاندا دەدرێ،بەڵام بەرپرسان لەوبارەیەوە هیچ هەوڵێکیان نەداوە بۆ بەشداری پێکردنی قوربانیان لە دادگاییەکاندا، وەك ئامادەبوون و دەرکەوتن لە دادگایکردنەکاندا وەك شاهێدحاڵ و گێڕانەوەی ئەزموونەکانیان و ئاراستەکردنی پرسیار بۆ گومانلێکراوان.

لەبری ئەم هەنگاوە، دەردەکەوێ لە باسکردنی مافی قوربانیان بەرپرسان تەنها پشت بە قەرەبووکردنەوە ببەستن. بۆ تاوانی دژ بە یەزیدیەکان بۆردێکی پێداچوونەوەی تایبەت دامەزرا، بەڵام تەنانەت بۆ ئەم دەستپێشخەریە بچووکەش، زانیاریەکی گشتی زۆر کەم هەیە. هەندێك لە نوێنەرانی ئەو کۆمەڵگانەی قوربانیان داوە ووتیان، هیچ زانیاریەکیان لەسەر پلانی قەرەبووکردنەوەیان نیە. لەکاتێکدا بەرپرسانی بەغداد ووتویانە کە بۆردێکی لێکۆڵینەوەی دادوەریان بۆ تاوانی دژبە یەزیدیەکان دامەزراندووە بۆ لێپرسینەوەی یاسایی لەو تاوانانەی لەدژی قوربانیانی یەزیدی ئەنجام دراوە، بەڵام ووتیان ئەم بۆردە هێشتا بووجەو شوێنی نیە. بەرپرسان ووتیشیان، بۆردەکە چاوپێکەوتنی لەگەڵ قوربانیان کردووەو شکاتی تاوانەکانیان کۆکردۆتەوە، بەڵام ڕیش سپیەکانی کۆمەڵگەی یەزیدی ووتیان، هیچ چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ بۆردەکە نەکردووە.

***ڕێکاری یاسایی لە دژی منداڵان***

دەستگیرکردن و لێپرسینەوەی یاسایی لە منداڵانی گومانلێکراوی داعش ڕەنگە پێشێلکردنی پابەندیەکانی عێراق خۆی بێت بە مافەکانی مرۆڤ سەبارەت بە مامەڵەی منداڵان، بەپێی ئەم پابەندیانەش پێویستە ڕەچاوی باشترین بەرژەوەندی منداڵەکە بکرێ و دەستگیرکردن تەنها وەك دوا ڕێگەچارە ڕەچاوبکرێ و ئەولەویەت بە چاکسازی و دۆزینەوەی بەدیلی تر بدرێ لەبری بەندکردن.

***یاسای لێبوردنی حکومەتی عێراقی***

ئەو ئەندامانەی داعش کە لە دادگاکانی حکومەتی عێراقیدا سزایان بەسەردا سەپێنراوە ڕەنگە مافی ئازادکردنیان هەبێت بەپێی یاسای لێبوردنی گشتی (ژمارە ٢٧\٢٠١٦) کە لە مانگی ئابی ٢٠١٦ تێپەڕێندرا، بەڵام دادوەرە عێراقیەکان زۆر ئەو یاسایە جێبەجێ ناکەن. بەپێی ئەم یاسایە هەرکەسێك بتوانێ نیشانی بدا پەیوەندی بە داعش یان گرووپێکی تری توندڕەو لەدژی خواستی خۆیی کردوەو  هیچ تاوانێکی گەورەی وەك پێ بوون یان بەکارهێنانی ماددەی تەقەمەنی و تاوانی کوشتن بەرلە مانگی ئابی ٢٠١٦ ئەنجام نەداوە. بڕیارەکە ژمارەیەکی تر خەڵك دەگرێتەوە کە بە ئەنجامدانی تاوانی تر سزدراون.

ئۆفیسی سەرۆکی دادگای فیدراڵی بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت، لە نێوان مانگی ئابی ٢٠١٦ و تشرینی یەکەمی ٢٠١٧، بەرپرسان ٩،٩٥٨ دەستگیرکراویان بەپێی یاسای لێبووردنی گشتی ئازادکردوە، بەڵام نەیووت چەند کەس لە ئازادکراوەکان تاوانی دژە تیرۆریان هەبووە. ئەو دادوەرانەی مامەڵە لەگەڵ زۆرینەی کەیسەکانی دژە تیرۆر دەکەن ووتیان و، ڕەتیان کردۆتەوە یاساکە جێبەجێ بکەن. بۆ نموونە، دادوەرێکی باڵای دژە تیرۆر لە نەینەوا ووتی کە بە بۆچوونی ئەو ئەوانەی  پشتگیری داعشیان کردووە تەنانەت بە کارێکی سەرەتایی وەك چێشت لێنانیش بەهەمان شێوەی چەکدارەکانی داعش تاوانبارن، وەهیچ خواستێکی نیە لە بیستنی بانگەشەکانی ئەو کەسانەی دەڵێن لە دژی خواستی خۆیان پەیوەندیان بە داعش کردووە. ئەو بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت، ڕەتیکردۆتەوە یاساکە جێبەجێ بکات لەبەرەوەی بە باوەڕی ئەو  هەرکەسێك پشتگیری داعشی کردبێت شایەنی لێبوردن نیە. حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ

یاسایەکی لێبوردنی بۆ سزادراو یان گومانلێکراوە داعشەکان دەرنەکردووەو ووتەبێژێکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ووتی، هیچ بڕیارێکی لەوجۆرە لە ئارادانیە.

لەکاتێکدا حکومەتەکان ناچارنین بە دەرکردنی بڕیاری لێبوردن، یاسا مرۆییە نێودەوڵەتیەکان هانی بەرپرسان دەدەن لە کۆتایی ململانێە چەکداریە ناوخۆییەکاندا هەستن بە جێبەجێ کردنی بڕیاری لێبوردنی بەرفراوان بۆ ئەوانەی بەشداریان لە جەنگدا کردووە، جگە لەو کەسانەی هەستاون بە ئەنجامدانی تاوانی زۆر گەورەی وەك تاوانی جەنگ و تاوان لە دژی مرۆڤایەتی یان جینۆسایدو تاوانی نێودەوڵەتی تر. هەروەها، یاسا مرۆییە نێودەوڵەتیەکان گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لەدژی کارمەندانی تەندروستی بەهۆی ئەنجامدانی ئەرکی تەندروستیان کە هاوتا بووبێت لەگەڵ نەریتی تەندروستی قەدەغە دەکات.

## هەنگاوەکانی داهاتوو

***بەرپرسانی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان***

هیومان ڕایتس ۆوچ پشتگیری هەوڵەکانی هێنانی هەموو ئەنجام دەرانی تاوانە گەورەکان بۆ بەردەم یاسا دەکاو دەشزانێ زۆری ژمارەی ئەم تاوانانە چ فشارو بارگرفتیەك لەسەر سیستمی دادوەری عێراق دروست دەکات، بەڵام هەتا پرۆسەی دادوەری بەپێی بنەما بنچینەییەکانی پرۆسەیەکی یاسایی و دادوەری عادیلانە کارنەکاو بەرپرسانی عێراقی و هەرێمی کوردستان ستراتیژێکی نیشتمانی دروست نەکەن لە ئەولەویەت دان بە لێپرسینەوەی یاسایی و سزادانی تاوانە گەورەکان، بە تێپەڕاندنی یاساشەوە بۆ بە تاوانکردنی تاوانی جەنگ و تاوان لە دژی مرۆڤایەتی، ئەم پرۆسەیەی ئێستا نە دادپەروەری بۆ قوربانیان بەرقەرار دەکاو نە بە بەڵگەنامەیی کردنی دادوەری ئەم تاوانانەی لێدەکەوێتەوە.

بۆیە دەبێت دەستبەجێ بەرپرسانی عێراقی و هەرێمی کوردستان هەستن بە دروستکردن و بڵاوکردنەوەی ستراتیژێکی نیشتمانی لە ئەولەویەت دان بە سزادانی ئەوانەی کە تاوانی زۆر گەورەیان ئەنجام داوە ئەوەش بە دادگایکردن و سزادانیان بۆ ئەو تاوانە دیاریکراوانەی ئەنجامیان داوە لەگەڵ ڕۆڵێکی ڕوون بۆ بەشداربوونی قوربانیان لە پرۆسەکەدا. بۆ ئەوانەی کە تەنها گومانی ئەندام بوونیان لەناو داعش لێدەکرێ بەبێ بوونی بەڵگەی ئەنجامدانی تاوانی گەورە، بە تایبەتی بۆ منداڵان، دەبێت بەرپرسان ڕەچاوی دۆزینەوەی بەدیلی تر بکەن لەبری سزادانیان بە تاوان، ئەوەش لە چوارچێوەی دروستکردنی میکانیزمێك بۆ خستنەڕووی ڕاستیەکان: ئەم پرۆسەیەی ئێستا دەبێتە هۆی خنکان و گیرانی سیستمی دادوەری و بەندیخانەکان و هیچ دادپەروەریەکیش بۆ قوربانیان بەرقەرار ناکات و یارمەتی عێراق نادات لە هەناگاونان بەرەو ئاشتی لە داهاتوودا.

دەبێت لانی کەم بەرپرسان وازبهێنن لە گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی و سزادانی ئەوانەی کە کارەکانیان لەژێر دەسەڵاتی داعش هاوکاربووە لە پارێزگاریکردنی مافەکانی مرۆڤی هاووڵاتیانی مەدەنی. بەڵام، ئەگەر بەرپرسان هەر سووربوون لەسەر سزادانی بەرفراوان و بە کۆمەڵی ئەوانەی تەنها ئەندام بوون لە ناو داعش و هیچ تاوان و پێشێلکاریەکی تریان ئەنجام نەداوە، دەبێت یەکەم جارو بەخێرایی ئەولەویات بدەن بە دادگایکردنی ئەوانەی کە کەمترین تۆمەتیان لەسەرە و دەستبەجێ ئەو کەسانە ئازاد بکەن کە یاسای لێبوردن دەیان گرێتەوە. بە تایبەت منداڵان، دەبێت بەرپرسان ڕەچاوی بەدیلێکی تریان بۆ بکەن لەبری سزادانیان و پرۆگرامی چاکسازیان بۆ دروست بکەن لە پێناو گەڕانەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگا.

شێوازێك كە ئەولەویات بە سزادانی تاوانە گەورەكان بداو پێشنیازی بەدیل لەبری سزادان بۆ تاوان و پێشێلكاریە بچووكەكان بكات، ڕەنگە نارەزایەتی لەناو ئەو كۆمەڵگانە لێ بكەوێتەوە كە قوربانیان داوەو داوای ڕێكاری یاسایی و دادوەری بەپەلە دەكەن لە دژی هەموو ئەوانەی لە ڕووی مەدەنی و سیاسی و ئەمنی و سەربازی و ئیداریەوە پەیوەندیان بە داعشەوە هەبووە. بەڵام، بەرپرسان دەتوان لەم نارەزایەتیانە كەم بكەنەوە بە بەشداری پێكردنی بەردەوامی قوربانیان لە دادگایكردنەكان لەدژی ئەوانەی تاوانی گەورەیان ئەنجامداوەو بەردەوام و بەئاشكرا لە پەیوەندیدابن لەگەڵیان سەبارەت بە دادگایكردنی گومانلێكراوانی داعش و سزاكانیان. ڕێوشوێنێكی لەم جۆرە نەك تەنها نیشانی دەدا كە یاسا سەروەرە بەڵكو یارمەتی دەریش دەبێت لە دروستكردنی گێڕانەوەیەكی دروستی مێژووی ڕووداوەكان.

هەروەها دەبێت بەرپرسان هەستن بە دروستكردنی میكانیزمی خستنەڕووی ڕاستیەكان كە دەسەڵاتێكی بەرفراوانی پێبدرێ و مافی ئەوەی هەبێت خەڵك و شاهێدحاڵان بانگ بكا بۆ شاهێدیدان، لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێ هەموو ئەو تاوانانەی لەلایەن هەموو لایەنەكانی جەنگەكەوە ئەنجام دراون بخرێنە ڕوو.

زیادلەوەش، دەبێت بەرپرسانی عێراقی و هەرێمی كوردستان هەوڵەكانیان زیاد بكەن لە دڵنیابوون لەوەی ئەو پلانی قەرەبووكردنەوەی هەیە هەموو قوربانیان بگرێتەوەو پلانەكە بەرفراوان بكەن بە جۆرێك هەستیاری ڕەگەزی لەخۆبگرێت لە ڕێگەی پرۆسەیەكی شەفاف و بەشداری پێكردنی هەموو قوربانیانی تاوانە گەورەكانی مافەكانی مرۆڤ و یاسا مرۆییەكان كە لەكاتی جەنگەكەدا ئەنجام دراوە بە توندوتیژی و دەستدرێژی سێكسیشەوە. لە ژمارەیەك وڵاتی جیاوازدا قەرەبووكردنەوە پشتی پێبەستراوە وەك چارەسەرێك بۆ ئەو پێشێلكاریانەی بوونەتە هۆی ئاوارەبوونی خەڵك لە ماڵ و حاڵیان.
قەرەبووكردنەوەیەكی لەوجۆرە نەك تەنها یارمەتی ئەوانە دەدا كە بەهۆی شەڕی داعش ئاوارە بوون لە دروستكردنەوەی ماڵ و حاڵیان بەڵكو بەرقەراركردنی دادپەروەریشە بۆیان. ئەنجومەنە ناوخۆیی و خێڵەكیەكان لەسەرتاسەری عێراق بانگەوازو پشتگیری خۆیان بۆ پرۆگرامی چاكسازی و دووركەوتنەوە لە توندڕەوی بۆ لایەنگرانی داعش دەربڕیوە، بەڵام تا ئەمڕۆ هیچ هەنگاوێكی لەو جۆرە نەنراوە.

***لێپرسراوێتی و ئاشتەوایی***

چاوپۆشی كردن لە پێشێلكاریە جددیەكانی خۆیان (هێزە ئەمنیەكانی عێراق و حكومەتی هەرێمی كوردستان) كێشەیەكی گەورەیە بۆ بەرقەراركردنی دادپەروەری و بەرپرسیارێتی و هەروەها هەوڵی فراوانتری ئاشتەوایی لە عێراق. ئەوەندەی هیومان ڕایتس وۆچ ئاگادارە، دادگاكانی عێراق و حكومەتی هەرێمی كوردستان سزای هیچ عێراقیەك یان كوردێك یان هێزێكی دژە داعشیان نەداوە بۆ هیچ پێشلكاریەكی مافەكانی مرۆڤ و یاساكانی جەنگ. ئەو پێشێلكاریە بەبەڵگەكراوانەش بریتین لە كوشتن و گولەبارانی بە كۆمەڵ و بێسەروشوێن كردن و فڕاندن و ئەشكەنجەو ڕووخانی بەرفراوانی ماڵە سوونەكان لەو ناوچانەی لە ژێر دەستی داعش دەرهێنراون. هیومان ڕایتس وۆچ لە چەندین كاتی جیاوازدا داوای زانیاری لە بەرپرسانی عێراقی و هەرێمی كوردستان دەربارەی دەرەنجامی لێكۆڵینەوەكانیان لە پێشێلكاریەكانی هێزەكانی عێراق و حكومەتی هەرێمی كوردستان كردووە ، بەڵام هیچ وەڵامێكیان پێنەگەیشتووە. بەرپرسان دەبێت دەستبەجێ ئەو هێزانەی پێشێلكاریان ئەنجام داوە بە بە لێپرسراو لەقەڵەم بدەن، بەپێچەوانەوە ڕەنگە ڕوبەڕووی مەترسی جەنگێكی تر ببنەوە لەگەڵ ئەو گۆمەڵگانەی كە باوەڕێكی كەمیان هەیە بە یەكسانی و دادپەروەری حكومەتی عێراقی و حكومەتی هەرێمی كوردستان.

**_چالاکیە نێودەوڵەتیەکان_**

ژمارەیەك لایەنی نێودەوڵەتی، وەك گرووپی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان: کۆمسیۆنی نێودەوڵەتی بۆ دادپەروەری و بەرپرسیارێتی (CIJA)، ووڵاتانی سێیەم و بەم دواییانە تیمێکی لێکۆڵینەوە کە لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەسەڵاتی پێدراوە، هەوڵی ئەنجامدانی چەند دەستپێشخەریەکیان بە ئامانجی بەرقەرارکردنی دادپەروەری بۆ هەندێك لە قوربانیانی دەست داعش داوە، بەڵام نەیانتوانیوە ڕابگەن بەو پرۆسە خێرایەی دادگایکردن و سزادانەی ئەندامانی داعش کە لە عێراق بەڕێوەدەچێ: ڕەنگە تا ئەو کاتەی دەست پێشخەریە نێودەوڵەتیەکان دەست پێدەکات پرۆسەکە لە عێراق کۆتایی هاتبێ. دەبێت لایەنە نێودەوڵەتیەکان زنجیرە هەوڵێك بخەنەگەڕ لەپێناو باشکردنی بارودۆخی دەستگیرکردن و ڕێکارە یاساییەکان و مافە یاساییەکان و خستنەڕووی ئەو پێشێلکاریانەی کە لەم ڕاپۆرتەدا بە بە بەڵگەکراوە. لەم زنجیرە هەوڵانەش وەك چاودێریکردنی مافەکانی مرۆڤ و دادگایکردنەکان لەو بەندیخانەو دادگایانەی کە گومانلێکراوانی داعشیان تێدایە. دەبێت هاوبەشەکانی حکومەتی عێراقی و هەرێمی کوردستان کاربکەن بۆ قەناعەتپێکردنی دەسەڵاتە دادوەریەکان کە لانی کەم هەستن بە بەڵگەکردنی تاوانەکان بەپێی یاسای سزادان (القانون جنائی) لەکاتی پرۆسەی لێکۆڵینەوە، تەنانەت ئەگەر گومانلێکراوانیش تەنها بەپێی یاسای دژەتیرۆر دادگایی بکرێن و سزا بدرێن، هەروەها کۆتایی هێنان یان هەڵپەساردنی سزای لە سێدارەدان. لەگەڵ گرتنە ئەستۆی بووجەی هاتوجۆوی خێزانی قوربانیان بۆ بەشداریکردن لە دادگاییەکان.

لە ٢١ی ئەیلولی ٢٠١٧، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بە کۆی دەنگ بڕیاریدا لەسەر پێدانی دەسەڵات بە سکرتێری گشتی لە دامەزراندنی تیمێکی لێکۆڵینەوە بۆ کۆکردنەوەو پاراستنی بەڵگەی تاوانە گەورەکان وەك ئەنجامدانی تاوانی جەنگ و تاوان لە دژی مرۆڤایەتی کە لەلایەن داعشەوە لە عێراق ئەنجامدراوە، ئەوەش بۆ بەکارهێنانیان لە پرۆسە دادوەری و دادگایکردنەکان لە داهاتوودا لە عێراق، یان لە دادگا نیشتمانیەکانی تردا. بەڵام، هەتا ئەوکاتەی عێراق و هەرێمی کوردستان ڕێگە بە سزای لە سێدارەدانی گومانلێکراوانی داعش بدەن، نابێت ئەو تیمە بەڵگە کۆکراوەکانیان بدەنە بەرپرسانی هەردوولا بۆ بەکارهێنان لە دادگایکردنەکانی داعشدا، ئەمەش هاوتایە لەگەڵ ئەو پەیڕەوە لەمێژینەیەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پشتگیری نەکردن و هاوکاری نەکردنی ئەو پرۆسانەی کە ڕێگە بۆ سزای لە سێدارەدان خۆش دەکەن. لە ١٠ی تشرینی یەکەم، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنتۆنیۆگوتێرەرس ووتی، "سزای لە سێدارەدان لەسەدەی ٢١دا شوێنی نابێتەوەو،" وەك "کارێکی بەربەری" ناوزەندی کرد.

بۆیە، دەبێت لانی کەم داوای هەڵپەساردنی جێبەجێکردنی سزای لە سێدارەدان لە بەرپرسانی عێراقی بکەن لەم دادگایکردنانەی ئێستادا، کارێکی لەم جۆرەش وەک بەم دواییانە و لەپێشتردا بوونی هەبووە: حکومەتی لوبنانی ڕازیبوو بە هەڵپەساردنی سزای لە سێدارەدانی ئەو کەیسانەی بەڕێوەدەچوون لە دادگای تایبەتی لوبناندا وەك بەشێك لە ڕێکەوتنی حکومەت لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان.

**_چەکدارانی بیانی_**

مامەڵەی خراپ و پێشێلکاری مافە یاساییەکانی گومانلێکراوانی داعش ڕەنگە کاریگەریشی لەسەر گومانلێکراوە بیانیەکانی داعش لە عێراق هەبێت. توێژەران پرسیاریان لە بەرپرسانی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربارەی ژمارەی گومانلێکراوە بیانیەکانی داعش لە بەندیخانەکانیاندا کردووە، لەگەڵ ژمارەی ئەوانەی گەڕێندراونەتەوە بۆ ووڵاتەکانیان. حکومەتی عێراقی ووردەکاری ژمارەی زیندانیە

گومانلێکراوە بیانیەکانی داعشی نەخستۆتەڕوو، بەڵام لە ١٧ی ئەیلول سەرۆك وەزیران حەیدەر عەبادی ڕایگەیاند کە بەرپرسان هەستاون بە دەستگیرکردنی کچێکی ئەڵمانی لەگەڵ هاووڵاتیانی بەلجیکی و فەرەنسی و سووری و ئێرانی. دادوەرێکی باڵای دژەتیرۆر بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت، سێ بیانی تر بۆ دادگایکردن ڕاگیراون. ڕاپۆرتی میدیاکان باسیان لە دەستگیرکردن و دادگایکردن و لەسێدارەدانی چەکدارێکی ڕووسی کرد لەلایەن هێزە عێراقیەکانەوە.

ووتەبێژێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان باسی لە گەڕانەوەی دوو بیانی لەلایەن هەرێمی کوردستان بۆ ووڵاتەکانیان کرد، بەڵام بەرپرسانی حکومەتی عێراقی لە بەغدا هێشتا هیچ زانیاریەکیان دەربارەی گەڕاندنەوە ئاشکرا نەکردووە. چوار فەرماندەی عێراقی بە هیومان ڕایتس ۆوچیان ووت کە هێزەکانیان چەکداری بینیان کووشتووە لە بەرەکانی جەنگدا. هەروەها هاوپەیمانی ئەمریکی و بەریتانی و فەرەنسی بەتایبەتی سەرنجیان لەسەر هاندانی کوشتنی چەکدارە بیانیەکانی داعش داوە. گولەبارانکردنی ئەو چەکدارانەی خۆیان بەدەستەوە دەدەن یان لەشەڕدا نین بەهۆی برینداریەوە بە تاوانی جەنگ لەقەڵەم دەدرێ. دەبێت ئەو ووڵاتە بیانیانەی کە هاووڵاتیەکانیان لەلایەن عێراقەوە وەك گومانلێکراوی داعش دادگای دەکرێت کاربکەن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هاووڵاتیەکانیان دادگاییەکی عادیلانە دەکرێن، ئەوەش بە دابینکردنی پارێزەرو هاوکاری لە دەستنیشانکردنی نوێنەری یاسایی و چاودێریکردنی بارودۆخی دادگایکردن و دەستگیرکردنیان، لەگەڵ کارکردن لەگەڵ حکومەتی عێراقی بە ئاشکراو بە نهێنی بۆ کۆتایهێنان یان هەڵپەساردنی سزای لە سێدارەدان لە دادگایکردنەکاندا.

# میتۆد

ئەم ڕاپۆرتە لەسەر بنەمای زانیاریە کە لە پێنج گەشتدا بۆ هەولێرو پارێزگای نەینەواو بەغداد لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٦ بۆ تەموزی ٢٠١٧ کۆکراوەتەوە، لەم ماوەیەدا چوار توێژەر لە سێ کاتی جیاوازدا سەردانی دوو بەندیخانەیان کردووە کە ١٢٠٠ گومانلێکراوی داعشیان تێدا بووە، لەگەڵ سەردانی سەنتەری چاکسازی لە هەولێر بۆ ئەو ژن و منداڵانەی کە تۆمەتبارن بە ئەندام بوون لە ناو داعش. دووجار سەردانی دادگای دژەتیرۆریان لە نەینەوا کردووەو یەك جار سەردانی ژووری دژەتیرۆر لە هەولێر، چاوپێکەوتنیان لەگەڵ پێنج دادوەری دژەتیرۆر کردووە کە کەیسی گومانلێکراوانی داعشیان لەبەردەست بووە. هەروەها سەردانی دادگاکانی بەغداو هەولێریان کردووە کە کارلەسەر کەیسەکانی دژەتیرۆر دەکات. توێژەران کۆبوونەوەی وەرگرتنی زانیاریان لەگەڵ سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق و وەزیری دادو ڕاوێژکاری دادوەری کاتی سەرۆك وەزیران کردووە. هەروەها چاویان کەوتووە بە بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕاوێژکاری دادوەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان. توێژەران ڕاوێژیان کردووە بە و ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیانەی کار لەسەر کێشە دادوەریەکانی عێراق دەکەن، لەگەڵ پارێزەری ناوخۆیی و شارەزایانی یاسای.

هەروەها چاوپێکەوتنیان لەگەڵ لانی کەم لە ١٠٠ خێزانی گومانلێکراوانی داعش کردووە، لەگەڵ دەیان پیاو ژن و منداڵ کە لەسەر دەستی داعش ئازاری گەورەیان چەشتووەو لە ئەنجامدا خۆشەویستانیان لەدەستداوە. بەرپرسان ڕێگەیان نەدا توێژەران چاوپێکەوتن لەگەڵ هیچ گومانلێکراوێکی داعش بکەن لە زیندانەکان، بەبیانووی نیگەرانی ئەمنی.

توێژەرانی هیومان ڕایتس ۆوچ ڕووبەڕوو لەگەڵ زۆربەی هەرەزۆری ئەم کەسانە بە زمانی عەرەبی چاوپێکەوتنیان کردووە. هەندێك لە چاوپێکەوتنەکانیان لە هەولێر بە زمانی کوردی لە ڕێگەی وەرگێڕەوە ئەنجامداوە. توێژەران هەموو ئەم کەسانەیان ئاگادارکردۆتەوە لە مەبەست و سروشتی خۆبەخشی چاوپێکەوتنەکان لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زانیاریەکان و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی لە هەموو ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوەو تێگەیشتوون لەوەی هیچ قەرەبوویەك ناکرێتەوە بۆ بەشداریکردنیان لە چاوپێکەوتنەکان. بە مەبەستی هۆکاری ئەمنی شەخسی، هیومان ڕایتس ۆوچ ناو و زانیاری ناسنامەی هەندێك لەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە بڵاوناکاتەوە.

لە ٣١ی ئاب، هیومان ڕایتس ۆوچ لیستێك پرسیاری ئاراستەی بەرپرسانی حکومەتی عێراقی و هەرێمی کوردستان کرد سەبارەت بە دەسکەوتنی زانیاری دەربارەی ژمارەو جۆری پرۆسەی دادگایکردنەکان لە دادگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە دژی گومانلێکراوانی داعش. تا بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە بەرپرسان لە بەغداد هیچ وەڵامێکیان نەبووە، بەڵام ئەو زانیاریانەی گرنگ و پەیوەستن بەم بابەتەوە لە وەڵامەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وێنەدانەوەی لەم ڕاپۆرتەدا هەیە . هیومان ڕایتس ۆوچ بەردەوام دەبێت لە وتوویژ لەگەڵ بەرپرسانی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و سوپاس گوزارە بۆ ئەو هاوکاریانەی پێی گەیشتووە لە هەڵسەنگاندنی ئەو ڕاستیانەی کە لەم ڕاپۆرتەدا خراونەتەڕوو لەگەڵ دەرئەنجامە و پێشنیازکراوەکان.

# بەشی یەکەم: پێشینە

سەرهەڵدانی داعش و گەشەکردنی خێرای ئەم گرووپە لە عێراق و سووریا لە زنجیرە هۆکارێکدا خۆی دەبینێتەوە، ئەویش هەرلە داگیرکاری ساڵی ٢٠٠٣ی عێراق لەلایەن ئەمریکاوەو سیاسەتی "ڕیشەکێش کردنی بەعس" تا سیاسەتە تائیفیەکانی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق و حکومەتە هەرێمیەکان کە هۆکاربوون لە سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوە توندڕەوە.[1] هەر فاکتەرێیک یان هەر هۆکارێك کێش و کاریگەری زیاتری لەم هاوکێشەیەدا پێبدرێ، دەبێتە جێگەی باس و گفتوگۆ لە نێو توێژەراندا.

داعش لە پاشماوەی ئەلقاعیدە لە عێراق (AQI) کە تۆڕێکی سوونی چەکدار بوو دروست بوو، لە پاش داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەم گرووپە پێك کە هاتبوون لەو چەکدارە عێراقی و بیانیانەی دژی داگیرکاری ئەمریکاو حکومەتی زۆرینەی شیعە بوون لە عێراق زۆر چالاك بوون.[2] لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٤، (AQI) زنجیرە هێرشێکی ئەنجامدا زۆرجار بریتی بوون لە هێرشی خۆکوژی کە هێزە ئەمنی و دەزگا حکومیەکان و هاووڵاتیانی عێراقیان دەکردە ئامانج.[3]

لە نێوان ٢٠٠٦ و ٢٠٠٨ توندوتیژی تایفی لە عێراق چڕبوویەوە، بەتایبەت لە پاش تەقاندنەوەی مزگەوتی ئەلعەسکەری لە سامەڕا: کە یەکێکە لە پیرۆزترین مەزارگە لە ئیسلامی شیعە دا. ئەمەش زنجیرەیەك کاردانەوەی شیعەی لە دژی سوونەکان لێکەوتەوەو سوونەکانیش هێرشی پێچەوانەیان ئەنجامدا.[4]

لە دەستپێکی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥، دادگایەکی تایبەتی عێراق کە پێی دەووترا دادگای باڵای عێراق هەستا بە دادگایکردنی بەرپرسانی پێشووی حکومەتەکەی سەدام حسین بۆ ئەو تاوانانەی ئەنجامیاندابوو لەسەردەمی حوکمی سەدام حسین.[5] ئەو دادگایە دەسەڵاتێکی تایبەتی دادوەری بەسەر عێراقیەکان و غەیرە عێراقیەکانی دانیشتووی عێراق هەبوو، کە تاوانبار بوون بە ئەنجامدانی جینۆساید و تاوان لە دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ و تاوانی تر لە نێوان تەموزی ١٩٦٨ تا ٢٠٠٣. لە یەکەم دادگایدا، سەدام حسین و شەش بەرپرسی تر تاوانبارکران بە ئەنجامدانی تاوان لە دژی مرۆڤایەتی؛ سەدام حسین و دوو بەرپرسی تر سزای مردنیان بەسەردا سەپێنرا

---

[1] دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان فەرمانی ژمارە (١) ڕیشەکێشکردنی بەعس لە کۆمەڵگەی عێراقیدا لەلایەن پۆڵ بریمەر دەرچووە. ئەمریکا (ڕۆژی ١٣\٢٠٠٣) https://upload.wikimedia.org/wikipedia/commons/5/56/20030516_CPAORD_1_De
ڕیشەکێشکردنی بەعس لە کۆمەڵگەی عێراقیدا. سەنتەری کارنیج بۆ ئاشتی نێودەوڵەتی، "دامەزراندنی دەوڵەتی زۆرینەی شیعەو ڕەتکردنەوەی سوونە لە پاش عێراقی ٢٠٠٣،" http://carnegieendowment.org/files/CP261_Haddad_Shia_Final.pdf (accessed on November 2, 2017 کانوونی دووەمی ٢٠١٦.)

[2] جێسیکا دی. لویس، "سەرهەڵدانەوەی ئەلقاعیدە لە عێراق. هەڵمەتی شکانی دیوارەکان. بەشی ١، "پەیمانگای نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوەی جەنگ، ئەیلولی ٢٠١٣، http://www.understandingwar.org/sites/default/files/AQI-Resurgent-10Sept_0.pdf (accessed on November 5, 2017).

[3] واشنتن پۆست، ١٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧. "، (a.k.a. al-Qaeda in Mesopotamia) گرێك برونۆ، "پرۆفایل: ئەلقاعیدە لە عێراق http://www.washingtonpost.com/wp-dyn/content/article/2007/11/19/AR2007111900721.html (accessed on October 27, 2017).

[4] تەقینەوەی بۆمب لە مزگەوتی سامەڕای عێراق،" ڕۆیتەرز، ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٧.
https://www.reuters.com/article/us-iraq-samarra-mosque/bomb-explodes-at-iraqs-samarra-mosque-idUSIBO25341320061212 (accessed on October 27, 2017).

[5] هیومان ڕایتس ۆوچ، "ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٦ی عێراق" ٢٠٠٧
https://www.hrw.org/world-report/2007/country-chapters-6.

بە هەڵواسین.[6] لە ڕاپۆرتێکیدا کە لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٦ بڵاوکرایەوە، هیومان ڕایتس ۆوچ گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە دادگایکردنەکە بنەما بچینەیەکانی دادگایکردنێکی عادیلانەی تێدا نەبوو.[7]

لە ساڵی ٢٠٠٦ بۆ ٢٠١٤ حکومەتی عێراقی کە لەلایەن نووری مالیکیەوە سەرکردایەتی دەکرا دووبەرەکیەکانی وولاتی چڕترکردەوە بۆ دوو بەشی شیعەو سوونە کە دەرەنجامەکەی چەندین هێرشی تایفی خوێناوی بوو. [8]

لە ماوەی دە ساڵی داهاتوودا، حکومەت شکستی هێنا لە چارەسەرکردنی داواکاریە سەرەکیەکانی سوونە، کە گازندەی ئەوەیان دەکرد بەشداریەکی زۆر کەمی مانادرایان لە پرۆسەی سیاسی هەیەو هیچ ڕیفۆرمێکی ڕاستەقینە لە هەڵمەتی "ڕیشە کێشکردنی بەعس" و یاسای دژە تیرۆردا نەکراوە. زیادکردن و بە ناوەند کردنی دەسەڵاتەکان لە دەستی سەرۆك وەزیران و سەرکوتکاری پۆلیس و ڕەشبگیری و دادگایکردنی ناعادیلانەو ئەشکەنجەدان لە بەندیخانەکانی عێراقدا ناڕەزایی سوونەکانی زیاد کرد.[9]

لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٧دا ئەلقاعیدە لە عێراق بەتەواوی لاواز بوو، ئەمەش لە پاش ئەوەی خێڵە سوونەکان کە لەلایەن ئەمریکاوە مووچەیان پێدەدرا دەستیان کرد بە دروستکردنی میلیشیای چەکداری بەناوی ئەنجوومەنەکانی الصحوە بۆ دەرکردنی ئەلقاعیدە لە ناوچەکانیان. هەرچەندە (AQI) بە تەواوی لاواز بوو، بەڵام تۆڕەکە بەردەوام بوون لە چالاکیەکانیان هەندێك جار لە ڕێگەی دەستگیرکراوەکانەوە لەو بەندیخانانەی لەلایەن ئەمریکاوە بەڕێوەدەچوون، وەك کامپی بوکا کە هەندێك لە سەرکردەکانی داهاتووی داعش لەو شوێنە چاویان بە یەك کەوت و تۆڕیان دروستکرد.[10]

لە ساڵی ٢٠١١ چارەنووسی ئەلقاعیدە بەرەو باشتر چوو کاتێك گرووپەکە جەنگی سووریا یان بەکارهێنا کە ساڵێك لەمەوبەر دەستپێکرد بوو بۆ مەشقپێکردن و پەیداکردنی چەکدار. لە نیسانی ٢٠١٣، ئەبوبەکر البغدادی کە سەرکردەی ئەلقاعیدە بوو لە عێراق تیشکی خستەسەر ئامادەبوونی نوێی گرووپەکە لە سووریا بە گۆڕینی ناوی گرووپەکە بۆ دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا.[11] شکستی ئەمنی و تاکڕەوی حکومەتی عێراق وایکرد ئەلقاعیدە بەخێرایی بگەڕێتەوە بۆ سەروەری جارانی لەم وولاتە.

---

[6] کێرك سێمپڵ، "سەدام حسین سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو،" نیۆرك تایمز، ٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٦
http://www.nytimes.com/2006/11/05/world/middleeast/05cnd-saddam.html (accessed on October 5, 2017).

[7] هیومان ڕایتس ۆوچ، دادگایی دوجەیل، یەکەمین دادگایی لەبەردەم دادگای باڵای عێراقی، ١٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٦.
https://www.hrw.org/report/2006/11/19/judging-dujail/first-trial-iraqi-high-tribunal.

[8] کێرك سێمپڵ، "هێرشی تایفی لە بەغدا لە لوتکەدایە لەدوای داگیرکاری." نیۆرك تایمز، ٢٤ تشرینی دووەمی ٢٠٠٦
http://www.nytimes.com/2006/11/24/world/middleeast/24iraq.html (accessed on October 5, 2017).

[9] ستیڤن وویکن، "سوونەکانی عێراق لە قەیراندا،" ڕاپۆرتی ٢ی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، پەیمانگای توێژینەوەی جەنگ (ڕۆژ ٢٠١٣)
http://www.understandingwar.org/sites/default/files/Wicken-Sunni-In-Iraq.pdf (accessed on November 2, 2017);
ماریس حەسەن القواری، " قەیرانی تایفی لە عێراق: ئەنجامی گۆشەگیرکردن،" سەنتەری کارنیج بۆ ئاشتەوایی نێودەوڵەتی، نیسانی ٢٠١٤
http://carnegieendowment.org/files/iraq_sectarian_crisis.pdf (accessed on November 2, 2017).

[10] ئەنجومەنەکانی سەحوەی عێراق،" ماڵپەڕی هەواڵی بی.بی.سی، ١٨ی تەمووزی ٢٠١٠
http://www.bbc.com/news/world-middle-east-10677623 (accessed on October 27, 2017);
گێرنس مکۆیی، "چۆن دەوڵەتی ئیسلامی لە زیندانەکانی ئەمریکا سەریهەڵدا،" واشنتن پۆست، تشرینی دووەمی ٢٠١٤.
https://www.washingtonpost.com/news/morning-mix/wp/2014/11/04/how-an-american-prison-helped-ignite-the-islamic-state/?utm_term=.57928945e4cc (accessed on October 27, 2017).

[11] ڕەی سانشێز، "داعش یان دەوڵەتی ئیسلامی،" سی، ئێن.ئێن، ٢٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧
http://www.cnn.com/2014/09/09/world/meast/isis-isil-islamic-state/index.html (accessed on October 27, 2017).

کاتێك سوونەکانی عێراق هەوڵیاندا خۆپیشاندانی ئاشتیانە لەدژی پشتگوێ خستنی داواکانیان لە ٢٠١٢ و ٢٠١٣، سازبکەن هێزە ئەمنیەکانی حکومەت بە هێرش و توندوتیژی وەڵامیان دانەوە.[12]

یەکەم جار داعش چەند ناوچەیەکی لە سووریا داگیرکردو لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٣ دەستی بەسەر شاری ڕەقەدا گرت. لە کانوونی دووەمی ٢٠١٤، داعش دەستی بەسەر شاری فەللوجەی عێراق گرت و لە هاوینی ٢٠١٤ گرووپەکە بەردەوام بوون لە هێرشەکانیان لە عێراق و کۆنترۆڵکردنی موسڵ و پێشڕەویەکانیان لە باشورەوەو کۆنترۆڵکردنی چەند بەشێکی پارێزگاکانی سەلاحەدین و کەرکوك و دیالە و ئەنبار.[13]

لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا، داعش حوکمی لە ناوچەکانی عێراق و سووریا کردو بانگەشەی بۆ تاوان و پێشێلکاریەکانی کردووە لە پێناو بڵاوکردنەوەی ترس و سەپاندنی دەسەڵاتی بەسەر بەشێکی زۆری دانیشتوانی سوونە.[14] وەك هەوڵێك بۆ ئیدارەکردنی ناوچەکانی ژێر دەستیان، داعش ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەری ناوخۆیی حکومەتی عێراقی لەسەر ئیشەکانیان هێشتەوە، وەك مامۆستاو کارمەندی نەخۆشخانەو شارەوانی وەك زبڵ کۆکەرەوەکان.[15]

بەڵام، هێزە عێراقی و سووریەکان بە پشتیوانی هاوپەیمانی ئەمریکی دژە داعش و ئێران و ڕووسیا (هێزەکانی دژە داعش) بە توندی وەڵامی گرووپەکەیان دایەوەو لە ناوەڕاستی ٢٠١٧ زۆرینەی ناوچەکانیان لەژێر دەستیان دەرهێنایەوە.[16] لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا، جەنگ بووە هۆی ئاوارەبوونی زیاتر لە یەك ملیۆن هاووڵاتی لە ناو عێراق بەتەنها، جگەلە ناچارکردنی سەدان هەزار کەسی تر لە جێهێشتنی وڵاتەکانیان و داواکردنی مافی مانەوە لە وڵاتانی دەرەوە.[17]

---

[12] ئەسۆشیەیتید پرێس، " بریندار بوونی ٢ کەس لەکاتی بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەرانی عێراق،" نیۆرك تیمز، ٣٠ کانوونی یەکەمی
http://www.nytimes.com/2012/12/31/world/middleeast/2-wounded-as-iraq-protesters-dispersed.html (accessed on November 1, ٢٠١٢2017);
"پێکدادانی خۆپیشاندەرانی سوونەی عێراقی لە حەویجە بووە هۆی کوشتنی چەند کەسێك،" ماڵپەڕی هەواڵی بی.بی.سی، ٢٣ی نیسانی ٢٠١٣
http://www.bbc.com/news/world-middle-east-22261422 (accessed on October 27, 2017).

[13] جێسیکا دی لویس، "بەرگری داعش لە عێراق و سووریا: بەرەنگاربوونەوەی دوژمنێکی شارەزا،" پەیمانگای توێژینەوەی جەنگ، ٢٠١٥
http://www.understandingwar.org/sites/default/files/ISIS%20Defense%20in%20Iraq%20and%20Syria%20--%20Standard.pdf (accessed on November 2, 2017).

[14] ڕاستیەکان دەربارەی داعش،" سی. ئێن، ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧
http://www.cnn.com/2014/08/08/world/isis-fast-facts/index.html (accessed on October 27, 2017).

[15] چانشیس کامبانیس و ڕێبیکا کۆلارد، "چۆن داعش شارێك بەڕێوەدەبات،" تایم، ٢٦ی شوباتی ٢٠١٥
http://time.com/3720063/isis-government-raqqa-mosul/ (accessed on October 27, 2017).

[16] وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئۆفیسی نوێنەری تایبەتی سەرۆکایەتی بۆ هاوپەیمانی جیهانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش،" 'نوێکراوەتەوە: هاوپەیمانی جیهانی بۆ لەناوبردنی داعش،" ٤ی ئابی ٢٠١٧
https://www.state.gov/r/pa/prs/ps/2017/08/273198.htm (accessed on November 2, 2017).

[17] لۆرا سمس و سپارك و چێلسی جەی کارتەر، "زیاتر لە ١ ملیۆن عێراقی هاڵهاتوون لە ماڵ و حاڵی خۆیان لەکاتێکدا داعش بەردەوامە لە گەمارۆکانی،" سی. ئێن.ئێن، ٢٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤
http://www.cnn.com/2014/06/20/world/meast/iraq-crisis/index.html (accessed on October 17, 2017).

## تۆماری پێشێلکاریەکان
### *تاوانی هێزەکانی داعش*

لە ساڵی ٢٠١٤وە، هێزەکانی داعش هەستاون بە ئەنجامدانی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و تاوانی جەنگ و تاوان لە دژی مرۆڤایەتی لە ناوچە جیاوازەکانی عێراق و هەروەها تاوانی جینۆساید بەپێی دەرەنجامەکانی کۆمسیۆنی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆی نێودەوڵەتی (COI) لەسەر کۆماری عەرەبی سووری کەلەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان دەسەڵاتی پێدراوە.[18] لە بەناوبانگترینیان، لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ داعش هێرشی کردە سەر گووندو شارۆچکەکانی سەرتاسەری شنگال و دانیشتوانی یەزیدی کردە ئامانج.[19] چەکدارەکانی ئەم گرووپە لانی کەم ٢٠٠٠ کەسیان گولەباران کردوو ٦،٤١٧ کەسی تریان دەستگیرکرد.[20] پاشان داعش یەزیدیەکانی زیندانی کردوو بەشێوەیەکی سیستماتیکی و ڕێکخراو دەستدرێژی سێکسی کردە سەر ژنان و کچانیان و وەك کۆیلەی سێکسی بەکاریهێنان لەگەڵ تاوانی تری وەك ئەشکەنجەو مامەڵەی خراپ و هاوسەرگیری زۆرەملێ بە چەکدارانی داعش و کارپێکردنی زۆرەملێ.[21] هەروەها یەزیدیەکانیان ناچاکرد بە گۆڕینی ئاینیان و منداڵانیان کردە چەکدارو سەرباز.[22] ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بەڵگەوە نیشاندا کە ئامانجی داعش لەناوبردنی دانیشتوانی یەزیدی بووە وەك گرووپ و دەرەنجامی ڕاپۆرتەکە دەریخست کە "کاری لەو جۆرە ڕەنگە بە جینۆساید لەقەڵەم بدرێ."[23]

---

[18] سکای وویڵەرە، "ترسێکی بێ ئەندازە: ڕاپۆرتەکانی پەناڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر تاوانەکانی داعش دژبە یەزیدیەکان،" نێردەی هیومان ڕایتس ۆوچ، ٢١ی حوزەیرانی ٢٠١٦
https://www.hrw.org/news/2016/06/21/un-panel-reports-ISIS-crimes-yezidis
عێراق: بۆردومانەکانی داعش تاوانە لە دژی مرۆڤایەتی،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ، ١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧.
https://www.hrw.org/news/2017/01/15/iraq-isis-bombings-are-crimes-against-humanity.

[19] سکای وویڵەر، "ترسێکی بێ ئەندازە،"

[20] کۆمسیۆنی باڵای پەنابەران، "داوا بۆ لێپرسینەوەو پارێزگاریکردن: قوربانیە یەزیدیەکانی کۆمەڵکوژی لەلایەن داعش،" ئابی ٢٠١٦
http://www.uniraq.org/index.php?option=com_k2&view=item&task=download&id=1910_ca5ff308fd2154bb547334082b35290d&Itemid=650&lang=en (accessed on November 2, 2017
یۆنامی لە عێراق، "ڕاگەیاندنی دکتۆر جیۆرجی بەزیستین، جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی لە یادکردنەوەی هێرشەکانی دژ بە یەزیدیەکان لە بەغداد، ٣ی ئابی ٢٠١٧
http://reliefweb.int/report/iraq/statement-mr-gy-rgy-busztin-deputy-special-representative-secretary-general (accessed on October 18, 2017).

[21] سکای وویڵەر، "ترسی بێ ئەندازە،" عێراق: هاوسەرگیریکردنی بە زۆرەملێ و گۆڕینی ئاینی یەزیدیەکان،" هەواڵی بڵاوکراوەی هیومان ڕایتس ۆوچ، تشرینی یەکەمی ٢٠١٤،
https://www.hrw.org/news/2014/10/11/iraq-forced-marriage-conversion-yezidis
'عێراق: ڕزگاربووانی دەست داعش باس لە دەست درێژی سێکسی سیستماتیکی دەکەن، قوربانیە یەزیدیەکان پێویستیان بە چارەسەری بەپەلەیە،" هەواڵی بڵاوکراوەی هیومان ڕایتس ۆوچ، ١٤ی نیسانی ٢٠١٥.
https://www.hrw.org/news/2015/04/14/iraq-isis-escapees-describe-systematic-rape
سارا مۆرگن (هیومان ڕایتس ۆوچ)، "حوکمی مەترسیداری داعش: بەرەنگاربوونەوەی قەیرانی مرۆیی لە عێراق و سووریا' گێرانەوە، کۆمیتەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیران، ٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٤،
https://www.hrw.org/news/2014/12/09/isils-reign-terror-confronting-growing-humanitarian-crisis-iraq-and-syria-testimony
عێراق: پارێزگاریکردن لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان، بەڵگەی جینۆسایدی داعش لە مەترسیدایە،" هەواڵی بڵاوکراوەی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٣٠ کانوونی دووەمی ٢٠١٦.
https://www.hrw.org/news/2016/01/30/iraq-protect-mass-graves
ڕۆسانا بێگوم و سەمیر مەسقەتی (هیومان ڕایتس ۆوچ)، "چاوپێکەوتن: ئەم کچە یەزیدیانە لە داعش هەڵهاتوون، ئێستا چی؟"، ١٥ی نیسانی ٢٠١٥.
https://www.hrw.org/news/2015/04/15/interview-these-yezidi-girls-escaped-isis-now-what.

[22] سەنتەری هەواڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، "ڕەنگە داعش تاوانی جەنگ و جینۆسایدی لە عێراق ئەنجام دابێت، ڕاپۆرتەکەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ،" ٩١ی مارسی ٢٠١٥
http://www.un.org/apps/news/story.asp?NewsID=50369#.Wbwf58gjERm (accessed on November 2, 2017).

[23] ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕاپۆرتی ئۆفیسی کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق لەژێر ڕۆشنایی ئەو تاوانانەی لەلایەن دەوڵەتی بەناو ئیسلامی و گرووپە نزیکەکانی ئەنجام دراون، ١٣ی مارسی ٢٠١٣
http://www.ohchr.org/EN/HRBodies/HRC/RegularSessions/Session28/Documents/A_HRC_28_18_AUV.doc (accessed on November 2, 2017).

چەکدارانی داعش گرووپی تریان کردە ئامانج وەك شیعەکان. لە یەکێك لە گەورەترین کۆمەڵکوژیاندا، داعش لە حوزەیرانی ٢٠١٤ بە سەدان سەربازی شیعەی لە کامپی

سپایکەری دەرەوەی تکریت گولەباران کرد.[24] لە کۆمەڵکوژیەکی ترداو لە هەمان مانگدا، چەکدارانی داعش هەستان بە گولەبارانکردنی سەدان زیندانی شیعەو ژمارەیەك لە کوردو یەزیدی لە زیندانی بادوش لە دەرەوەی موسڵ.[25]

داعش هەروەها بەشێوەیەکی ڕێکخراو کەمینەکانی تری عیراقی وەك یەزیدی و شەبەك و تورکمانی شیعەو مەسیحیەکانی کردە ئامانج.[26] فەرمانی بە مەسیحیەکانی شاری موسڵ کرد یان ببنە موسڵمان یان جزیە بدەن یان شارەکە جێبهێڵن یان ڕووبەڕوی شمشێر ببنەوە.[27]

لە ساڵی ٢٠١١وە، داعش چەکدارەکانی، بە منداڵە بە چەکدارکراوەکانیشیەوە، ناردووە بۆ ئەنجامدانی سەدان کاری خۆکوژی و هێرشی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو کە لە ئەنجامدا کووشتنی هەزاران هاوولاتی مەدەنی لێکەوتۆتەوە.[28] لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی، چەکدارەکانی پێشێلکاری و تاوانی گەورەیان ئەنجام داوە وەك تووندوتیژی سێکسی و سەربڕین لە شوێنە گشتیەکان و کووشتنی وەحشیانەو ئەشکەنجەدان ئەمەش وەك شێوازێکی حوکمڕانی لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندنەوە.[29] لە زۆربەی ناوچە سوونەکانی ژێر کۆنترۆڵی، "دیوانی الحسبە"ی داعش سزای تووندی بەسەر هاوولاتیاندا سەپاندووە وەك گولەبارانکردنی پیاوی هاوڕەگەزبازو بەردبارانکردنی ئەو کەسانەی گوایە زینایان کردووە، لەگەڵ قەدەغەکردنی مۆبایل و جگەرەکێشان. سەپاندنی فشاری توند بەسەر ژنان و کچاندا لە شێوازی پۆشینی جل و بەرگیان و ئازادی چوونەدەرەوەیان.[30] ژنان و کچانی سوونە بە هیومان ڕایتس ۆوچیان ووت، تەنها

---

[24] عێراق: گولەبارانکردن لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی لە تکریت،" هەواڵی هیومان رایتس ۆوچ، ٢ی ئەیلولی ٢٠١٤ https://www.hrw.org/news/2014/09/02/iraq-islamic-state-executions-tikrit.

[25] عێراق: داعش بە سەدان زیندانی گولەباران کردووە،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ، ٣٠ تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ https://www.hrw.org/news/2014/10/30/iraq-isis-executed-hundreds-prison-inmates.

[26] عێراق: فڕاندن و کوشتن و دەرکردنی کەمینەکان لەلایەن داعش،" هەواڵی بڵاوکراوەی هیومان ڕایتس ۆوچ، ١٩ی تەمووزی ٢٠١٤ https://www.hrw.org/news/2014/07/19/iraq-isis-abducting-killing-expelling-minorities.

[27] عێراق: هاوسەرگیریکردنی بە زۆرەملێ، گۆڕینی ئاینی یەزیدیەکان،" هەواڵی بڵاوکراوەی هیومان ڕایتس ۆوچ، ١١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ https://www.hrw.org/news/2014/10/11/iraq-forced-marriage-conversion-yezidis.

[28] عێراق: هێرشێکی خۆکوژی هاوولاتیانی مەدەنی لە بەغدا کردە ئامانج،" هەواڵی بڵاوکراوەی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٢٠١٧\٣٠ https://www.hrw.org/news/2017/05/30/iraq-suicide-attacks-targeting-crowds-baghdad
چاڕلی دی ئاگاتا، "چۆن منداڵە بە سەربازکراوەکانی داعش بۆمبی تەوقیت کراون،" سی.بی. ئێس نیوز لە ٢٩ی تەموزی٢٠١٧
http://www.cbsnews.com/news/isis-trained-child-soldiers-cbsn-on-assignment/ (accessed on October 27, 2017)
سامویێل ئازبۆرن، "منداڵە خۆکوژەکەی داعش پشتووێنە بۆمبڕێژکراوەکەی لێکرایەوە بەرلە خۆتەقاندنەوە لە عێراق،" ڕۆژنامەی ئیندیپێندنت لە ٢٢ی ئابی ٢٠١٦
http://www.independent.co.uk/news/world/middle-east/isis-child-suicide-bomber-iraq-turkey-attack-bomb-terrorism-terror-bombing-a7203261.html (accessed on October 27, 2017).

[29] عێراق: ژنانی سوونە باس لە زیندانیەکانی داعش دەکەن، ئەشکەنجەدان،" هەواڵی بڵاوکراوەی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٢٠ی شوباتی ٢٠١٧ https://www.hrw.org/news/2017/02/20/iraq-sunni-women-tell-isis-detention-torture

[30] عێراق: ژنان ژیانیان سەختە لەژێر دەستی داعش،" هەواڵی بڵاوکراوەی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٥ی نیسانی ٢٠١٦ https://www.hrw.org/news/2016/04/05/iraq-women-suffer-under-isis
سووریا: توندڕەوەکان مافی ژنان بەرتەسك دەکەن،" هەواڵی بڵاوکراوەی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ١٣ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤
https://www.hrw.org/news/2014/01/13/syria-extremists-restricting-womens-rights.

له کاتێکدا ڕێگەی چوونە دەرەوەیان پێدراوە ئەگەر "نیقاب"یان بپۆشیایە و پیاوێکی خزمی نزیکیان لەگەڵ بووایە. پێشێلکردنی ئەم یاسایە دەرەنجامەکەی غەرامەکردن یان لێدانی پیاوێکی ئەندامانی خێزانەکە بووە. ئەم ڕەفتارانە ژنان و کچانی لە خێزان و هاوڕێ و ژیانی گشتی گۆشەگیر کردبوو.[31]

[31] عێراق: ژنان ژیانیان سەختە لەژێر دەستی داعش،" هەواڵی بڵاوکراوەی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٥ی نیسانی ٢٠١٦
https://www.hrw.org/news/2016/04/05/iraq-women-suffer-under-isis
سووریا: توندڕەوەکان مافەکانی ژنان بەرتەسك دەکەنەوە،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ١٣ی کانوونی دووەم ٢٠١٤
https://www.hrw.org/news/2014/01/13/syria-extremists-restricting-womens-rights.

داعش باجی سەپاندبوو بەسەر خێزانەکان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی و دەستیگرتبوو بەسەر ماڵ و موڵکی ئەوانەی هەڵدەهاتن و بانکەکانی تاڵان دەکردو پارەو ئاڵتون و شتومەکی تری بەنرخی دەدزی.[32] داعش هەستا بە وێرانکردنی مزگەوت و مەزارگەو کەنیسەو گۆڕو پەیکەرو شوێنواری تری ئاینی و ئاسەواری لەسەرتاسەری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی، لەگەڵ تاڵانکردن و دزینی ئاسەواری کلتوری بەنرخ وەک کۆمەکێکی دارای بۆ ئیدامەدانی ئۆپراسیۆنەکانی.[33] ئەم جۆرە کارانە بە تاوانی جەنگ لەقەڵەم دەدرێن.

لە شەرەکانیاندا لە دژی هێزەکانی دژە داعش، گرووپەکە هەستا بە ئەنجامدانی هێرشی کیمیاوی و تۆپبارانکردنی ئەو ناوچانەی هاووڵاتی مەدەنیان تێدا بووە.[34] چەکدارەکانیان لە نێو هاووڵاتیان و لە شوێنە گشتیەکانی وەك نەخۆشخانە کە بەپێی یاسا مرۆییە نێودەوڵەتیەکان بە شوێنی پارێزراو دادەنرێ خۆیان حەشاردەداو لەکاتی ئۆپراسیۆنەکانیان هاووڵاتیانیان وەك قەڵغانی مرۆیی بەکاردەهێنا. قەناس بەدەستەکانی داعش تەقەیان لەو هاوڵاتیانە دەکرد کە هەوڵی هەڵهاتنیان دەدا.[35] لە ناوەراستی شەرەکاندا، داعش گولەبارانی بە کۆمەڵی هاووڵاتیانی مەدەنی ژێر کۆنترۆڵی دەکردو بەهۆیەوە چەندین گۆڕی بەکۆمەڵی لەدوای خۆی جێهێشتووە.[36]

### ***پێشلکاری هێزەکانی دژە داعش***

**مامەڵەی خراپ و گولەبارانکردن**

هەرچەندە پێشێلکاری لەلایەن هێزەکانی عێراقی و هەرێمی کوردستان و میلیشیا شیعەکان کە ئێستا لە نێو هێزەکانی دەوڵەتی عێراقیدا ڕێکخراون و بە حەشدی شەعبی ناسراون لە مێژە هەبووە، بەڵام شەری دژ بە داعش وایکردووە ئەم هێزانە ئازادی زیاتریان هەبێ لە ئەنجامدانی تاوان و پێشێلکاری لەژێر پەردەی شەڕی تیرۆردا.

---

[32] ئاشلی فانتز، "چۆن داعش پارە پەیدا دەکاو پارە دەبات،" سی. ئێن. ئێن لە ١٣ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤
http://edition.cnn.com/2015/02/19/world/how-isis-makes-money/index.html (accessed on October 26, 2017).

[33] دەیڤید بۆوکەر، لۆرا گوداڵ و ڕێبیکا هاسیسکی، "بەرەنگاربوونەوەی شەڕی داعش لەسەر موڵکی کلتوری،" کۆمەڵگەی ئەمریکی بۆ یاسا نێودەوڵەتیەکان، بەندی ٢٠، دەرچووە لە ١٢ی (٢٠١٦)
https://www.asil.org/insights/volume/20/issue/12/confronting-isis-war-cultural-property (accessed on November 2, 2017).

[34] داعش تاوانبارە بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە موسڵ،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٦ی مارسی ٢٠١٧
https://www.hrw.org/news/2017/03/06/isis-accused-unleashing-chemical-weapons-mosul
عێراق: داعش هێرش دەکاتە سەر هاووڵاتیان لە پاشەکشەی موسڵ،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٢٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٦
https://www.hrw.org/news/2016/12/20/iraq-isis-attacking-civilians-mosul-retreat

[35] عێراق: مەترسی هەیە داعش هاووڵاتیان وەك قەڵغانی مرۆیی بەکاربهێنێ،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٦
https://www.hrw.org/news/2016/11/04/iraq-feared-isis-use-human-shields-executions
عێراق\سووریا: مەترسیەکانی فسفۆری سپی ئەمریکا،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ١٤ی تەمووزی ٢٠١٧
https://www.hrw.org/news/2017/06/14/iraq/syria-danger-us-white-phosphorus
عێراق: لە شەڕی موسڵ داعش نەخۆشخانەکانی بەکارهێناوە،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٨ی شوباتی ٢٠١٧
https://www.hrw.org/news/2017/02/08/iraq-mosul-battle-isis-used-hospital-base.

[36] عێراق: داعش هەستاوە بە گولەبارانکردنی هاووڵاتیان لەو گوندەی ڕاپەڕینیان کردووە،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٢٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٦
https://www.hrw.org/news/2016/12/27/iraq-isis-executed-civilians-village-uprising
عێراق: گولەبارانەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە تکریت،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٢ی ئەیلولی ٢٠١٤
https://www.hrw.org/news/2014/09/02/iraq-islamic-state-executions-tikrit
عێراق: داعش بە سەدان کەسی فڕێداوەتە گۆڕی بە کۆمەڵ،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٢٢ی مارسی ٢٠١٧
https://www.hrw.org/news/2017/03/22/iraq-isis-dumped-hundreds-mass-grave
عێراق: داعش بە سەدان زیندانی گولەباران کردووە،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٣٠ تشرینی یەکەمی ٢٠١٤
https://www.hrw.org/news/2014/10/30/iraq-isis-executed-hundreds-prison-inmates.

هیومان ڕایتس ۆوچ چەندین جار ڕاپۆرتی بەبەڵگەکراوی لەسەر ئەشکەنجە و کوشتاری نایاسایی پیاوان لەلایەن هێزە عێراقیەکانەوە لە جەنگی دژ بە داعشدا کردووە. لەوانەش ئەشکەنجە و کووشتارە نایاساییەکان لە چوارچێوەی ئۆپراسیۆنەکانی ٢٠١٦ی کۆنترۆڵکردنەوەی فەللوجە و ئۆپراسیۆنەکانی ٢٠١٦-٢٠١٧ ی گرتنەوەی موسڵ. لە کاتی ئۆپراسیۆنەکاندا، ئەم هێزانە هەستان بە ئەشکەنجەدان و کوشتنی ئەوانەی دەستگیریان دەکردن لە دەوروبەرو ناوەوەی ناوچەکانی شەڕ بەبێ هیچ سڵکردنەوەیەك و هەندێك جار وێنەو گرتەیی ڤیدیۆیی تاوانەکانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە بڵاودەکردەوە.[37]

**بۆمبارانی هەڕەمەکیانە**

لە جەنگی دژبە داعشدا لە عێراق، هێزەکانی عێراق و هاوپەیمانان-بە پێشەنگی ئەمریکا هەڵمەتی بۆمبارانکردنیان ئەنجام دەدا کە چوارچێوە مەدەنیەکان دەکرانە ئامانج وەک خانووبەرەو نەخۆشخانەکان.[38] هێزەکان هەستان بە ئاراستەکردنی ئەو مووشەکانەی کە ووردو دەقیق نین لە پێکانی ئامانجەکانیان (بۆیە بە هێرشی هەڕەمەکیانە هەژماردەکرێن)، وەك هاوەن و مووشەکی گراد و (IRAM)، بەرەو ئەو ناوچانەی ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتی مەدەنیان تێدا بوو.[39] زیاترلەوەش، فڕۆکە جەنگیەکان هەستان بە بەردانەوەی ئەو بۆمبانەی کە کاریگەریەکی بەربڵاوی زیاتریان هەیە لە هەمان ناوچە.[40] ئامارێکی وورد لەسەر ژمارەی قوربانیانی مەدەنی لەبەردەست نیە، تەنانەت بۆ شەڕە گەورەکانی ناو شارەکانی وەك فەللوجەو موسڵ ، بەڵام ڕەنگە ژمارەکە لە چەند هەزار قوربانیەکدا بێت.[41] بەدانپێنانی هاوپەیمانان خۆیان، ڕەنگە فڕۆکە جەنگیەکانیان بەبێ مەبەست لانی کەم ٦٢٤ هاووڵاتی مەدەنیان کوشتبێ.[42] لە ڕاگەیەندراوێکی تردا سەرۆك وەزیران عەبادی ووتی،٩٧٠ بۆ ١٢٦٠ هاووڵاتی مەدەنی لە شەڕی موسڵدا کوژراون، بەڵام هیچ ووردەکاریەکی نەخستەڕوو لەسەر چۆنیەتی دەسکەوتنی ئەم ئامارە.[43]

---

[37] عێراق: ئەو هێزانەی ئەمریکا ڕاهێنانی پێکردوون لەشەڕی موسڵ تاوانیان ئەنجامداوە،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٢٧ی تەموزی ٢٠١٧
https://www.hrw.org/news/2017/07/27/iraq-us-trained-forces-linked-mosul-war-crimes
عێراق: شوێنی گولەبارانکردن لە نزیك موصڵی کۆن،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ١٩ی تەموزی ٢٠١٧
https://www.hrw.org/news/2017/07/19/iraq-execution-site-near-mosuls-old-city
عێراق: لێکۆڵینەوە لە ئەگەری پێشێلکاری لە موسڵ،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە لە ١٣ تەموزی ٢٠١٧
https://www.hrw.org/news/2017/07/13/iraq-investigate-possible-mosul-abuse
عێراق: ڕاپۆرتی نوێی پێشێلکاری و گولەبارانی ئەو پیاوانەی هەوڵی هەڵهاتنیان لە موسڵ داوە،' هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٧
https://www.hrw.org/news/2017/06/30/iraq-new-abuse-execution-reports-men-fleeing-mosul
عێراق: داواکاری لێکۆڵینەوە لە پێشێلکاریەکانی فەللوجە چەقیوە لە نهێنیدا،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٧ی تەموزی ٢٠١٦
https://www.hrw.org/news/2016/07/07/iraq-fallujah-abuses-inquiry-mired-secrecy
عێراق: پێشێلکاریەکانی فەللوجە و تاقیکردنەوەی کۆنترۆڵی میلیشیاکان،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٩ی حوزەیرانی ٢٠١٦
https://www.hrw.org/news/2016/06/09/iraq-fallujah-abuses-test-control-militias

[38] عێراق: کوشتنی ٨ هاووڵاتی لەئەنجامی هێرشێکی ئاسمانی بۆسەر کلینیکێک،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ٢٠١٦
https://www.hrw.org/news/2016/11/29/iraq-airstrike-hits-clinic-8-civilians-died
عێراق: گۆڕینی پێداچونەوەی هێرشە ئاسمانیەکان جێگەی نیگەرانیە،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٢٨ی مارس
https://www.hrw.org/news/2017/03/28/iraq-airstrike-vetting-changes-raise-concerns.

[39] عێراق\هاوپەیمانی بە پێشەنگی ئەمریکا: چەکی بژاردە ژیانی هاووڵاتیانی مەدەنی دەخاتە مەترسیەوە،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٨ی حوزەیرانی ٢٠١٧
https://www.hrw.org/news/2017/06/08/iraq/us-led-coalition-weapons-choice-endangers-mosul-civilians

[40] عێراق: گۆڕینی پێداچوونەوەی هێرشە ئاسمانیەکان جێگەی مەترسیە،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٢٨ی مارسی ٢٠١٧
https://www.hrw.org/news/2017/03/28/iraq-airstrike-vetting-changes-raise-concerns.

[41] بێسان مێکرنان، "موسڵ: ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی داوای لێکۆڵینەوە لە کوشتنی هاووڵاتیان دەکات لەپاش نەمانی داعش،" ڕۆژنامەی ئیندیپێندنت لە ١١ی تەموزی ٢٠١٧
http://www.independent.co.uk/news/world/middle-east/mosul-latest-news-amnesty-international-civilian-deaths-isis-defeat-iraq-coalition-forces-us-air-a7835831.html (accessed on October 27, 2017).

[42] ناوەندی فەرماندەی ئەمریکا. "هێزی هاوبەش—ئۆپراسیۆنی چارەسەری کۆتایی ڕاپۆرتی مانگانەی قوربانیانی مەدەنی،" ٤ی ئابی ٢٠١٧
http://www.centcom.mil/MEDIA/PRESS-RELEASES/Press-Release-View/Article/1267466/combined-joint-task-force-operation-inherent-resolve-monthly-civilian-casualty/ (accessed on November 2, 2017).

[43] دواترین: سەرۆك وەزیرانی عێراق دەڵێ پێشێلکاریەکانی موسڵ سیستماتیکی نەبوون،" ئەسۆشیەیتید پرێس لە ١٦ی ئەیلولی ٢٠١٧
https://www.apnews.com/a4848b07448b4ced9d06a2d17a5073af (accessed on November 2, 2017).

**وێرانکردنی خانووبەرەو دەربەدەرکردنی زۆرەملێ**

لە دوای ساڵی ٢٠١٤، یەکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حەشدی شەعبی هەستان بە وێرانکردنی بە کۆمەڵی ماڵ و موڵکی هاوولاتیان لەو ناوچانەی کۆنترۆڵیان دەکردنەوە لە دەستی داعش. بۆ نموونە لە کۆتایی مانگی ئابی ٢٠١٤ یەکەکانی حەشدی شەعبی هەستان بە هەڵکووتانەسەرو وێرانکردنی دەیان گووندی سوونەنشینی دەوروبەری ئامرلی دوای کۆنترۆڵکردنەوەی شارۆچکەکە لە دەستی داعش.[44] لە پاش گرتنەوەی تکریت لە مارسی ٢٠١٥، یەکەکانی حەشدی شەعبی هەستان بە سووتان و تەقاندنەوەی سەدان بیناو وێرانکردنی بەشێکی زۆری گەڕەکەکانی الدورو ابوعلیل و باشووری العلم.[45] هیومان ڕایتس ۆوچ ڕاپۆرتی بەبەڵگەکراویشی کردووە لەسەر وێرانکاری نایاسایی ماڵە عەرەبەکان و هەندێك جار تەواوی گووندە عەرەبنشینەکان لەلایەن هێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. دوابەدوای ئەوە دیپۆرتکردنەوەی دانیشتوانی لانی کەم لە ٢١ گووند لە پارێزگاکانی کەرکوك و نەینەوا.[46] بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگەیان نەداوە بە ئاوارەکان بە ئازادی لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و ناوچە جێناکۆکەکان هاتوچۆبکەن و ئاوارەکانیان ناچار کردبوو لەناو کامپەکان بمێننەوەو بەتووندی جموجوڵیان سنووردار کردبوون.[47]

هەندێك لە هێزەکانی دژە داعش بە هەردوو یەکەکانی حەشدی شەعبی شیعەو سوونەشەوە مەشقی سەربازیان بە منداڵان کردووەو لە شەڕدا بەکاریان هێناون.[48]

44 هیومان ڕایتس ۆوچ، لەدوای ئازادکردن وێرانکاری هات: میلیشیا عێراقیەکان و پاشماوەی ئامرلی لە ١٨ی مایسی ٢٠١٥
https://www.hrw.org/report/2015/03/18/after-liberation-came-destruction/iraqi-militias-and-aftermath-amerli p. 14.

45 هیومان ڕایتس ۆوچ، پاشماوەی وێرانکاری و پێشێلکاری میلیشیاکان لە دوای گرتنەوەی تکریت لەلایەن عێراقەوە، ٢٠ی ئەیلولی ٢٠١٥
https://www.hrw.org/report/2015/09/20/ruinous-aftermath/militias-abuses-following-iraqs-recapture-tikrit.

46 هیومان ڕایتس ۆوچ، نیشانە کراوە بە ئێکس: وێرانکاری گوندو ماڵەکان لەلایەن هێزە کوردیەکانی عێراق لە جەنگی داعش،" ١٣ تشرینی دووەمی ٢٠١٦
https://www.hrw.org/report/2016/11/13/marked-x/iraqi-kurdish-forces-destruction-villages-homes-conflict-isis p. 18.

47 عێراق\ هەرێمی کوردستان: ئاوارەکان ناتوانن بەئازادی هاتووچۆ بکەن،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٢١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧
https://www.hrw.org/news/2016/10/21/iraq/krg-displaced-people-cant-move-freely.

48کریستوفەر وێلك (هیومان ڕایتس ۆوچ) یاری منداڵ نیە: منداڵان شەڕی یەکتر دەکەن لە شەڕی عێراقدا، هەفنتن پۆست، ٣٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥
https://www.hrw.org/news/2015/10/30/no-childs-play-kids-fighting-one-another-iraq-conflict
عێراق: میلیشیاکان منداڵان بە سەرباز دەکەن،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٣٠ی ئابی ٢٠١٦
https://www.hrw.org/news/2016/08/30/iraq-militias-recruiting-children.

# بەشی دووەم: ڕێکاری یاسایی لەدژی ئەندامان و لایەنگران و چەکدارانی داعش

لەکاتێکدا شەڕ لە دژی هێزەکانی داعش لە عێراق هێشتا بەردەوامە، بەرپرسانی عێراقی و هەرێمی کوردستان بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ داعش دەستیان کردووە بە پرۆسەی دادگایکردنی هەزاران دەستگیرکراو کە لە نێویاندا بەسەدان منداڵ هەیە. هیومان ڕایتس ۆوچ نیگەرانە لەوەی کە دەستگیرکردنی هەندێك كەس لەلایەن هێزەکانی حکومەتەوە لەسەر بنەمای بەڵگەی ڕاستەقینەی زۆر کەم بووبێ. لە هەندێك كەیسدا تەنها پشتیان بە ئەندامانی کۆمەڵگە و دراوسێکانیان بەستووە لە دەستنیشان کردنیان وەك ئەندامی داعش بەبێ لێکۆڵینەوەی زیاتر، یان لەبەرەوەی وا ڕێکەوتووە ئەو کەسە هەمان ناوی گومانلێکراوێکی تری هەبووە.

قەبارەو مەودای پرۆسەکە کە ئێستا لەلایەن بەرپرسانی دادوەری عێراقی و هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوەدەچێ زۆر گەورەیە، گومانلێکراوانی داعش لە زیندانی زۆر قەرەباڵغدا بەندکراون و لە هەندێك حاڵەتدا بارودۆخیان نامرۆییانەیەو ڕەنگە مردنی زیندانیانی لێبکەوێتەوە. هەرچەندە، یاسای دژەتیرۆر هیچ بڕگەیەکی یاسای سزادان (القانون الجنائی) هەڵناپەسێرێ، بەڵام ئەو بەرپرسانەی کار لەسەر ئەم کەیسانە دەکەن ناتوانن یان نایانەوێ ڕێز لە بڕگەکانی یاسای سزادان بگرن کە پێویستی دەکات تەنها لەدوای دەرچوونی فەرمانی دەستگیرکردن لەلایەن دادگاوە گومانلێکراو دەستگیر بکرێ و لەماوەی ٢٤ کاتژمێردا بهێنرێتە بەردەم دادوەرو پارێزەرەکەی لەسەر تاسەری لێکۆڵینەوەکان لەگەڵیدا ئامادە بێ. تۆمەت هەیە لەسەر دەستگیرکردنی هەڕەمەکی و بەربڵاوی گومانلێکراوانی داعش و ئەشکەنجەدانیان لەکاتی لێکۆڵینەوەی هێزە ئەمنیەکان بە مەبەستی ناچارکردنیان بە دانپێنانێ زۆرەملێ و هیچ ئاماژەیەکیش نیە لەسەر ئەوەی کە دادوەران دەست تێوەردان بکەن لە ڕەتکردنەوەی ئەم جۆرە دانپێنانانە وەك بەڵگە.

سەرەڕایی ئەمانەش، لێکۆڵینەوەو دادگایکردنی هەزاران گومانلێکراوی داعش لە پرۆسەیەکدا کە پەلەی زۆری تێدا دەکرێ بەردەوامە و پرۆسەیەکی بەپەلەی لەم جۆرە گرەنتی مافە یاساییەکانی گومانلێکراو دەستەبەر ناکات. بەشێوەیەکی سەرەکی، دادگایکردن و سزادانی گومانلێکراوان لەسەر بنەمای نووسراو ووتەی شاهێدحاڵ و دانپێدانانە کە ڕەنگە لەژێر فشاردا لێیان دەرهێنرابێ. زۆرجار دەستگیرکراو هەلێکی مانادار ی پێنادرێ لە تەحەداکردنی بەڵگەکانی دژی. ئەمە جگەلەوەی، ژمارەیەك لە دادگایکردنەکان بە سزای لە سێدارەدان کۆتایی دێت.

بەرپرسانی دادوەری بڕیاری سزای گومانلێکراوانی داعش بە ئەندام بوون یان پشتگیری کردنی گرووپەکە یان کوشتن و تاوانی تر بە پێی یاسای دژە تیرۆر دەدەن. بەپێی ووتەی ئەو دادوەرانەی کارلەسەر کەیسەکان دەکەن، ئەوان بە پێی یاسای سزادان سزای گومانلێکراوان نادەن بۆ ئەو تاوانەکانی کە لەوانەیە ئەنجامیان دابێ وەك دەستدرێژی سێکسی و فڕاندن. شایەنی باسە، تاوانە نێودەوڵەتیە گەورەکانی وەك تاوان لەدژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ و جینۆساید لە یاسای عێراقیدا نیە.

بەدڵنیاییەوە لەڕووی بابەتی بەڵگەییەوە پشت بەستن بە یاسای دژەتیرۆر ئاسانترە چونکە تەنها ئەوەی لەسەر بەرپرسان پێویستە سەلماندنی ئەندام بوونە لە ناو داعش، یان بەشداریکردنە لە ئیدارە و هێزە چەکدارەکانی داعش وەك بەڵگە بۆ دادگایکردن و تۆمەتبارکردنی گومانلێکراوانی داعش. بەڵام، ئەم گرتنەبەری ئەم شێوازە وادەکا کە پرۆسەکە نەتوانێ تۆمارێکی گشتگیری دادوەری ئەو تاوانانەی ئەنجامدراون دروست بکات و بەڵگەی ئەنجامدانی ئەم تاوانانە لە قوربانیان و شاهێدحاڵان کۆبکاتەوە. لەلایەنکی ترەوە، تەنها پشت بەستن بە یاسای دژەتیرۆر وا لە پرۆسەکە دەکات کە ئەولەویات نەدرێ بە سزادانی ئەوانەی لە ناو داعش تاوانی گەورەیان ئەنجام داوە.

سیستمی دادوەری لە هەرێمی کوردستانی عێراق ڕێچکەی جیاوازی گرتووەو گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە بەبەراورد بە بەشەکانی تری عێراق. لە کوردستاندا، حکومەتی هەرێم کە دەسەڵاتی لە پارێزگاکانی دهۆك و هەولێرو سلێمانی هەیە لە دوای ساڵی ١٩٩٢ یاسای خۆی تێپەڕاندوەو کاری پێکردوون. لە سیستمی دادگایی هەردوو بەشەکەی ووڵاتدا، دادگا یان هۆبەی تایبەت بە تاوانەکان هەیە کە تێیدا هەریەکەیان بەپێی یاسای دژەتیرۆری خۆی مامەڵە لەگەڵ کەیسەکانی دژەتیرۆر دەکەن تەنانەت بۆ ئەوانەش کە گومانلێکراوی داعشن. دادگاکان و دادوەرەکان لە هەردوو سیستەمەکەدا جیابەجیا کەوتونەتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری و ئەنجوومەنی دادوەری کوردی ، ئەو دوو دەستەیەی کە کاروباری دادوەری بەڕێوەدەبەن و سەرپەرشتی دەکەن. هەردوولاشیان دادوەری تایبەتیان هەیە بۆ کارکردن لەسەر کەیسی ئەو مێرمنداڵانەی ڕوبەڕوی تۆمەتی دژەتیرۆر بوونەتەوە.

بەپێی ووتەی دادوەرانی هەردوولا کە مامەڵە لەگەڵ ئەم کەیسانە دەکەن، هەردوو سیستمەکە بە هاوتایی کاردەکەن، بەڵام هەماهەنگیەکی سنووردار لەنێوانیاندا هەیە بۆ ئەم کەیسانە. بەپێی ووتەی بەرپرسی باڵای هەردوولا، ستراتیژێکی نیشتمانی یان پلانێك نیە بۆ دروستکردنی هەماهەنگی لە دادگایکردنی گومانلێکراوانی داعش یان ئەولەویەت دان بەسزادانی ئەوانەی کە بەرپرسیارن لە ئەنجامدانی تاوانە زۆر گەورەکان. لەئەنجامدا، تا ئەمڕۆش دادگایکردنی گومانلێکراوانی داعش بەشێوەیەکی سەرەکی بە تۆمەتی ئەندام بوونیانە لەناو داعش بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ جیاکاری و ئەولەویەت دانێك لەسەر بنەمای قەبارەو ئاستی ئەوتۆمەتانەی کە لەوانەیە ئەنجامیان دابێت. یاسای لێبووردنی حکومەتی عێراق ڕێگە بەدادوەران دەدا بڕیاری لێبووردنی ئەو گومانلێکراوانە دەربکەن کە دەیسەلمێنن لە دژی خواستی خۆیان پەیوەندیان بە گرووپەکەوە کردووەو هیچ کارێکی توندوتیژیان ئەنجام نەداوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ یاسایەکی لێبووردنی دەرنەکردوەو ووتەبێژێکی حکومەتی هەرێمیش ووتی، هیچ بڕیارێکی لەو جۆرە ڕەچاونەکراوە.[49]

هەرچەندە قوربانیانی دەست تاوانەکانی داعش لە عێراق داوای بەرقەرارکردنی دادپەروەری و سەپاندنی یاسا بەسەر تاوانبارانداا دەکەن، بەڵام بەڕێوەچوونی دادگاییەکان بەم شێوەیەی ئێستا هیچ هەلێکی مانادار بە قوربانیان نادات لە بەشداریکردن و ئامادەبوون و شاهێدیی دان یان ئاراستەکردنی پرسیار بۆ گومانلێکراوان لە دادگادا. ئەوەندەی هیومان ڕایتس ۆوچ ئاگاداربێ، هیچ ڕێکخراوێکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی چاودێری دادگیکردنەکان ناکات.

49 ئیمەیڵی دکتۆر دیندار زێباری، سەرۆکی کۆمیتەی باڵای هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکان لە حکومەتی هەرێم بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٦ی ئەیلولی ٢٠١٧

## زیادەڕەوی لە دەستگیرکردن و زیندانیکردن

هێزەکانی داعش مەترسیەکی گەورەن لەسەر دەوڵەت و هاونیشتمانیانی لەڕێگەی ئەنجامدانی هێرش و تاوانی تر لەسەرتاسەری وولات، بۆیە بەرپرسان ڕاستن لە گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی و سزادانی تاوانباران لەپێناو بەرگریکردن لە ئاسایشی هاووڵاتیانیان و بەرقەرارکردنی دادپەروەری بۆ قوربانیان. وەك بەشێك لە هەڵمەتەکەیان بۆ لەناوبردنی داعش، هێزەکانی سووپاو ئاسایشی حکومەتی عێراقی و هەرێمی کوردستان ئەو کەسانە دەپشکنن کە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش جێدەهێڵن لەپێناو دۆزینەوەو دەستگیرکردنی گومانلێکراوانی داعشن لەنێوانیاندا: هەرچەندە زۆرێك لەم خەڵکانە هاووڵاتی مەدەنی هەڵهاتووی ناوچەکانی ژێرکۆنترۆڵی داعشن و پەیوەندیان بە داعشەوە نەبووە، بەڵام ڕەنگە هەندێکی تریان تێدا بووبێ کە چەکدار یان لایەنگری داعش بووبێت و بەرپرسیار بووبێت لە ئەنجامدانی تاوان و پێشێلکاری. لە ڕاستیدا، ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارانی داعش توانییان بڕۆنە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراقی و هەرێمی کوردستان و هێرشی گەورە لە دژی هاووڵاتیانی مەدەنی و هێزە سەربازیەکان ئەنجام بدەن. سەرەڕایی ئەم ڕاستیانەش، هیومان ڕایتس ۆوچ نیگەرانە لە ناڕوونی پرۆسەکە و دەستنیشان کردنی خەڵك وەك لایەنگری داعش لەسەر بنەمای لیستی داواکراوان یان تۆمەتبارکردنیان لەلایەن ئەندامێکی کۆمەڵگاو گەڕەکەکەیان بەبێ بوونی بەڵگەی زیاتر. ڕەنگە ئەم شێوازە دەرەنجامەکەی بە هەڵە دەستنیشانکردن و دەستگیرکردنی پیاوان و کوڕانی لێبکەوێتەوە کە لە ڕاستیدا پەیوەندیان بە داعشەوە نەبووە، یان ئەوپەڕی چالاکیەکی مەدەنیان ئەنجام دابێ لەدژی خواستی خۆیان کە بە پشتگیریکردن لە گرووپەکە لە قەڵەم بدرێ.

توێژەرانی هیومان ڕایتس ۆوچ ژمارەیەکی زۆر بانگەشەیان لەلایەن خێزانی دەستگیرکراوە گومانلێکراوەکانی داعش بەدەست گەیشتووە کە دەڵێن دراوسێ یان کەسێکی تر پێشنیازی کردووە ناوی کەس و کاریان بخرێتە ناو یەکێك لە "لیستەکانی داواکراوانەوە" لەبەرەوەی ناکۆکی خێڵەکی یان خێزانی یان شەخسیان هەبووە.[50]

بۆ پشکنینی ئەو کەسانەی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشەوە هاتوون یان لەو ناوچانە بوون کە داعش دەستی بەسەردا گرتوون، هێزەکانی عێراقی و هەرێمی کوردستان ناوەکانیان بەراورد کردوون بە چەند لیستێك لە ناوی گومانلێکراوانی داعش کە لەساڵی ۲۰۱٤وە کۆیان کردوونەتەوە. لە دروستکردنی ئەم لیستانەدا ئەم هێزانە پشتیان بە چەندین سەرچاوە بەستووە وەك زانیاری گشتی دەربارەی ئەندامانی داعش کە هەندێکیان لەلایەن داعش خۆی بڵاوکراوەتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی پشتیان بە زانیاری ئەو کەسانە بەستووە کە ناوچەکانی داعشیان جێهێشتووەو ناوی گومانلێکراوانی گەڕەك و کۆمەڵگاکانیان داوەتە هێزە ئەمنیەکان.[51] خەڵك هەن کاتێك ناوەکانیان لەناو "لیستی داواکراوان" دۆزراوەتەوە ڕووبەڕووی دەستگیرکردن بوونەتەوە تا ئەو کاتەی بەرپرسان لێکۆڵینەوەیان لە تۆمەتەکانی پەیوەندی بوونیان بە داعشەوە تەواوکردووە.

---

[50] عێراق: ئاوارەبوون، دەستگیرکردنی خێزانی گومانلێکراوانی داعش،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٥ی مارسی ۲۰۱۷ https://www.hrw.org/news/2017/03/05/iraq-displacement-detention-suspected-isis-families.

[51] عێراق: دۆزینەوەی دەیان کەس بە دەستبەستراوی گولەباران کرابوون لە دەوروبەرو ناوەوەی موسڵ،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٤ی حوزەیرانی ۲۰۱۷ https://www.hrw.org/news/2017/06/05/iraq-dozens-found-handcuffed-executed-around-mosul.

هیومان ڕایتس ۆوچ تێبینی کرد لە تشرینی دووەمی ٢٠١٦وە بۆ حوزەیرانی ٢٠١٧ هێزەکانی عێراق لە خاڵەکنی پشکنیندا تەماشای ناسنامەی ئەو کوڕو پیاوانەیان دەکرد کە لە ناوچەکانی داعش هەڵهاتبوون و ئەوانەیان دەستگیر دەکرد کە ناوەکانیان لە ناو لیستی داواکراودا دەدۆزرایەوە. بەپێی ووتەی دەیان ئاوارە، چەندین هێزی جیاوازی ئەمنی و سەربازی بە چەندین لیستی داواکراوەوە لە بازگەکان و کامپی ئاوارەکان پشکنین بۆ ناوی خەڵك دەکەن بەرلەوەی ڕێگەی جێگیربوونیان لەناو کامپەکان پێ بدرێت.

بەپێی ووتەی ووتەبێژێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاست و دروستی ووتەی "زانیاری دەرەکان" ئاسایش داوایان لێدەکەن "سوێند بخۆن بە قورئان بەوەی کە دەیڵێن ڕاستە".[52] پاش سوێند خواردن، ئاسایش ووتەکانی زانیاری دەرەکان دەخاتەبەردەم دادوەر بۆ بەدەستهێنانی فەرمانی دەستگیرکردن تا گومانلێکراو دەستگیر بکرێ و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێ.

لە ٦ی ئابی ٢٠١٧، وەزیری ناوخۆ داوای لە هەموو هێزە ئەمنیەکانی حکومەتی عێراق کرد کە "لیستەکانیان" ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتی بەڵگەکانی تاوان لە وەزارەتی ناوخۆ بکەن تا هەموو لیستەکان بە ناوەند بکرێن لە ژێر یەک دەسەڵاتدا.[53]

هیومان ڕایتس ۆوچ چەندین جار تێبینی دەکرد کە بەرپرسان پیاوانیان لە بازگەکان و کامپەکان دەستگیردەکرد لەسەر بنەمای ئەوەی کە دانیشتوویەکی کامپەکە یان کەسێکی گەڕەکەکەیان کەلەگەڵیان ئاوارەبووبون وەك لایەنگری داعش دەستی بۆ ڕاکێشابوو ئەمە سەرەڕایی ئەوەی ناوەکانیان لەناو لیستی داواکراوەکاندا نەبووە. لە هەندێك حاڵەتدا، ئەو ئاوارانەی پشکنینیان بۆ کراوە ووتیان، بەرپرسان "زانیاری دەرە دەمامکدارەکانیان" بۆ بازگەکان دەهێنا بۆ دەستنیشانکردنی ئەوانەی گومانلێکراوی داعش بوون، ئەو کەسانەی پەنجەیان بۆ ڕادەکێشرا دەستگیر دەکران.[54]

هیومان ڕایتس ۆوچ نیگەرانی دەربڕی دەربارەی ژمارەیەك لایەن و خەڵکی جیاواز کە بینی بەشداریان لە پرۆسەی پشکنین و دەستگیرکردنی گومانلێکراوانی داعش دەکرد وەك سووپا و هەواڵگری سووپاو دژەتیرۆر و دەزگای ئاسایشی نیشتمانی و یەکەی بەرپەرچدانەوەی خێراو پۆلیسی فیدراڵی و بەشی هەواڵگری وەزارەتی ناوخۆو هێزەکانی حەشدی شەعبی و هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.[55]

---

[52] ئیمەیڵی دکتۆر دیندار زێباری، سەرۆکی کۆمیتەی باڵای هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکان لە حکومەتی هەرێم بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٦ی ئەیلولی ٢٠١٧

[53] العبادی تەلەفزیۆنی ئێن. ئارڕ.تی، ٦ی ئابی ٢٠١٧ یوافق علی مقترحات الداخلیة بشأن" تشابه الأسماء"," http://www.nrttv.com/AR/Detail.aspx?Jimare=54366 (accessed October 27, 2017).

[54] هەرێمی کوردستانی عێراق: دەستگیرکردنی نوێی کوڕان و پیاوان،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٣ی حوزەیرانی ٢٠١٧ https://www.hrw.org/news/2017/06/03/kurdistan-region-iraq-new-detentions-fleeing-men-boys.

[55] بەڵقیس وویڵی، (هیومان ڕایتس ۆوچ)، دەستگیرکراوەکانی موسڵ بۆ کوێ دەچن؟"، ڕاڤەکردن، العلم، ١٩ی مارسی ٢٠١٧ https://www.hrw.org/news/2017/03/19/where-are-mosuls-detainees-going.

هێزەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەسەدان خێزانی هەڵهاتووی ناوچەكانی حەویجە كە بەدووری ٦٠ كیلۆمەتر دەكەوێتە باشووری موسڵ و تەلەعفەر كە بە دووری ٥٥ كیلۆمەتر دەكەوێتە ڕۆژئاوای موسڵ بۆ ماوەی چەندین هەفتەو هەندێك چار چەند مانگێك لە بازگەكان ڕاگرتووە بەو شوێنانەشەوە كە نزیك بووە لەبەرەكانی پێشەوەی شەڕ بەبیانووی نیگەرانی ئەمنی و بوونی چەكدارانی داعش لە نێویان یان هەبوونی پەیوەندیان بە داعش و لە زۆر حاڵەتدا ڕێگریان كردووە لە گەیشتنی هاوكاری مرۆیی بۆیان.[56]

بەپێی یاسای سزادانی عێراقی (القانون الجنائی) كە لە عێراقدا كاری تەواوی پێدەكرێ لەبەرەوەی حكومەت بارودۆخی لەناكاوی ڕانەگەیاندووە، پۆلیس تەنها لەدوای دەرچوونی فەرمانی دەستگیركردن لەلایەن دادگاوە بۆی هەیە گومانلێكراو دەستگیربكاو پێویستە لەماوەی ٢٤ كاتژمێردا گومانلێكراو بهێنرێتە بەردەم دادوەر بۆ ئەوەی بەردەوامی دەستگیركردنەكەی یاسایی بێت.[57] لە ڕووی كرداریەوە، حكومەت پێویستی كردووە لەسەر ئەو هێزە عێراقیانەی گومانلێكراوانی داعش دەستگیردەكەن لەكاتی شەڕدا ڕادەستی بەشی هەواڵگری وەزارەتی ناوخۆی بكەن. ئەوەندەی هیومان ڕایتس ۆوچ تێبینی كردووە، زۆرجار هێزە ئەمنیەكان بەبێ فەرمانی دەستگیركردنی دادگا خەڵك دەستگیر دەكەن و ڕادەستی لایەن و هێزە دەسەڵات پێدراوەكان یان بەندیخانە فەرمیەكانیان ناكەن، هەروەها لەماوەی ٢٤ كاتژمێردا نایانهێننە بەردەم دادوەر. لەكاتی سەردانێكیدا بۆ نەینەوا لە تەمووزی ٢٠١٧، هیومان ڕایتس ۆوچ دەستگیركردنی لانی كەم دوانزە گومانلێكراوی داعشی بە بەڵگە كردووە كە بۆماوەی لانی كەم لە چوار مانگ بەبێ فەرمانی دەستگیركردنی دادگاو ئاگاداركردنەوەی ئەندامانی خێزانەكانیان بەندكرابوون.

بە دانپێنان بەم ڕووداوە ئاشكرایە، بەپرسانی عێراقی دوو فەرمانیان دەركردو وەبیری بەرپرسەكانیان هێنایەوە لە پێویستی بەدەستهێنانی فەرمانی دەستگیركردن لەلایەن دادگاوە بەرلە دەستگیركردنی كەسێك. لە ١٣ی تەمووز، وەزارەتی ناوخۆ فەرمانێكی دەركردوو وەبیری هێزەكانیانی هێنایەوە تەنها لە حاڵەتێكدا خەڵك دەستگیر بكەن كە دەستگیركردنەكان هاوتا بێت لەگەڵ بڕگەكانی یاسای سزادانی عێراقی كە تێیدا هاتووە دەبێت فەرمانی دەستگیركردنی دادگا بەدەستبهێنرێت.[58] لە ٦ی ئاب، سەرۆك وەزیران عەبادی پشتگیری لەو فەرمانە كردوو ڕایگەیاند دەبێت بەرپرسانی هەواڵگری ئەو فەرمانانەی دەستگیركردن جێبەجێ نەكەن كە لەگەڵ بڕگەكانی یاسای سزادان هاوتانین.[59]

هەروەها بەپێی بڕگەكانی یاسای سزادانی عێراقی كە حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ساڵی ٢٠١٠ پێداچوونەوەی بۆكردووە، دەبێت لەماوەی ٢٤ كاژێردا دەستگیركراو بهێنرێتە بەردەم دادوەر، دوای ئەوە دادوەر دەتوانێ فەرمانی دەستگیركردنەكەی درێژبكاتەوە تا ماوەی هەتا شەش مانگ.[60] لەو ماوەیەدا هێزەكانی ئاسایش بۆیان هەیە كەسەكە زیندانی بكەن و لێكۆڵینەوەی لەگەڵ بكەن بۆ دروستكردنی

---

[56] هەرێمی كوردستانی عێراق: هەزارەها ئاوارەی هەڵهاتوو لەنزیك هێڵەكانی پێشەوە لە چاوەڕوانیدان،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٢١ حوزەیرانی ٢٠١٧ https://www.hrw.org/news/2017/06/21/kurdistan-region-iraq-thousands-fleeing-kept-waiting-near-front-line .

[57] ڕاگەیاندنی حاڵەتی ئیمێرجنسی ڕێگە بە دەسەڵاتداران دەدات لە بەرتەسككردنەوەی چەند مافێك بۆ ماوەیەكی كاتی

[58] وەزارەتی ناوخۆیی عێراق، ١ی حوزەیرانی ٢٠١٧
"حرصاً على معالجة مشكلة تشابه الاسماء.. وزير الداخلية يصدر اعماماً على توابع الوزارة باعتماد المعلومات الكاملة والدقيقة لتنفيذ مذكرات القاء القبض
http://www.moi.gov.iq/index.php?name=News&file=article&sid=2604 (accessed October 17, 2017).

[59] **العبادی تەلەفزیۆنی ئێن. ئار.تی، ٦ی ئابی ٢٠١٧ یوافق على مقترحات الداخلية بشأن" تشابه الأسماء"**,"
http://www.nrttv.com/AR/Detail.aspx?Jimare=54366 (accessed October 27, 2017).

[60] پرۆژەی دادپەروەری جیهانی: عێراق، "بڕگەی ٢٣ی قانون الجنائی ساڵی ١٩٧١، هەرێمی كوردستانی عێراق (گۆڕانگاری تێدا كراوە لە ١٤ی شوباتی ٢٠١٠)، http://gjpi.org/wp-content/uploads/gjpi-cpc-1971-kurdish-v2.doc, art. 109 and art. 123

کەیسەکەی و پێشکەشکردنی بە دادوەری لێکۆڵەرەوە. پاش شەش مانگ، دەبێت دەست بە پرۆسەی دادگایکردنی کەیسەکە بکرێ.[61] لەبەر نەبوونی مۆڵەت بۆ بینینی دەستگیرکراوەکان، هیومان رایتس ۆوچ نەیتوانی بگاتە ئەو دەرەنجامەی تا چەند بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندن بەم پرۆسەیەوە. بەڵام، ووتەبێژێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دانی بەوەدا نا کە کە دواکەوتن لە پرۆسەی یاسایی "چەند کەیسێکی کەمدا" هەبووە بەهۆی گەیشتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکان بۆ ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.[62]

پێنج دادوەری باڵاو ووتەبێژێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هیومان رایتس ۆوچیان ووت، هەرچەندە بە نووسراو لە ناو یاسای ناوخۆدا نەهاتووە بەڵام بەپێی پابەندبوونی عێراق بە مافەکانی مرۆڤی نێودەوڵەتی بەرپرسان لەسەریان پێویستە خێزانەکان ئاگادار بکەنەوە لە دەستگیرکردنی خۆشەویستانیان و هەروەها رێگە بە دەستگیرکراوان بدەن لەگەڵ خۆشەویستانیان پەیوەندیان هەبێت.[63] سەرەرایی ئەمە، لانی کەم ١٠٠ خێزانی دەستگیرکراوانی داعش بە هیومان رایتس ۆوچیان ووت، هیچ ئاگادارکردنەوەیەکیان لەلایەن بەرپرسانی عێراقی یان هەرێمی کوردستان پێنەگەیشتووە سەبارە بە شوێنی دەستگیرکردنی گومانلێکراوەکان.[64] زیاد لەوەش، پارێزەرێك کە کار لەسەر کەیسی دەیان مێردمنداڵی دەستگیرکراو دەکات ووتی، لە هەموو ئەو کەیسانەی نەینەوا کە ئەم بینیوویەتی دایك و باوکی منداڵەکان هیچ شتێك نازانن لەسەر چارەنووس وشوێنی منداڵەکانیان. هەروەها ووتیشی، بەرپرسان لەسەریان پێویستە ناوی هەموو دەستگیرکراوان لە داتابەیسێکی سەرەکیدا تۆمار بکەن، بەڵام لە چەندین کەیسدا خەڵکی لە زیندانەکان دۆزیوەتەوە بەبێ ئەوەی ناویان لەو داتابەیسەدا تۆمارکرابێ ئەوەش ئاستەنگیەکی زیاتر بۆ خێزانەکان دروست دەکات لە دۆزینەوەی منداڵەکانیان.[65]

راستە بەردەوامی شەڕو بوونی ئەو ژمارە زۆرەی دەستگیرکراون بارگرانیەکی زۆر دروست دەکات لە پەیرەوکردنی مافەکانی دەستگیرکراوان، بەڵام دەبێت بەرپرسان ئەوەی لە توانایاندا هەیە بیکەن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە دەستگیرکردنەکان لەلایەن هێزی یاسایی و دەسەڵات پێدراوەوە ئەنجام دەدرێ و هاوتایە لەگەڵ برگەکانی یاسای سزدان و پابەندیەکانی عێراق بە مافەکانی مرۆڤی نێودەوڵەتی. بۆیە دەبێت لە رێگەی پۆلیسی ناوخۆیی و بەرێوەبەرایەتی کامپەکان یان خەڵکانی تر ئەگەر پێویستی کرد خێزانی دەستگیکراوان لە دەستگیرکردنی کەس و کاریان ئاگادار بکرێنەوە.

---

Ibid. art. 109.[61]

[62] ئیمەیڵی دیندار زێباری سەرۆکی کۆمیتەی باڵای هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی راپۆرتە نێودەوڵەتیەکان بۆ هیومان رایتس ۆوچ لە رێکەوتی ٢٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦
https://www.hrw.org/sites/default/files/supporting_resources/request_for_government_comment.pdf.

[63] ستاندەردو یاساکانی مامەڵکردن لەگەڵ زیندانیان، جنێف، ١٩٥٥. کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوان و مامەڵە لەگەڵ تاوانکاران. یاسای٥٨ و ٦٨
https://www.unodc.org/pdf/criminal_justice/UN_Standard_Minimum_Rules_for_the_Treatment_of_Prisoners.pd
چاوپێکەوتنی هیومان رایتس ۆوچ لەگەڵ دادوەر ریاض جەعفەرو جەبار حسین، بەغداد، ١٩ی تەمووزی ٢٠١٧: چاوپێکەوتن لەگەڵ دادوەرێکی تر کە داوای کرد ناسنامەی ئاشکرا نەکرێت. حەمدانیە، ٦ی تەمووزی ٢٠١٧: چاوپێکەوتن لەگەڵ فەدحال عباس و مەسعود شنگالی، هەولێر ٥ی تەموزی ٢٠١٧
https://www.hrw.org/sites/default/files/supporting_resources/request_for_government_comment.pdf.

[64] عێراق\هەرێمی کوردستان: دەستگیرکردنی ئەو پیاو کوڕانەی لەدەست داعش هەڵهاتوون،" هەواڵی هیومان رایتس ۆوچ لە ٢٦ی شوباتی ٢٠١٧
https://www.hrw.org/news/2017/02/26/iraq/kurdistan-region-men-boys-who-fled-isis-detained

[65] چاوپێکەوتنی هیومان رایتس ۆوچ لەگەڵ پارێزەرێکی عێراقی کە داوای کردبوو ناسنامەکەی ئاشکرا نەکرێت، بەغداد، ١٩ی ئەیلولی ٢٠١٧.

## کەم وکورتیە دادگەریەکان لە دادگاکانی عێراقدا

بەپێی ووتەی ئەو دادوەرانەی کارلەسەر ئەم کەیسانە دەکەن، بەرپرسانی عێراقی تەنها پشت بە یەك برگەی یاسای دژەتیرۆری عێراقی (ژمارە ٢٠٠٥\١٣) دەبەستن لە دادگایکردنی هەموو گومانلێکراوانی داعش، بەبێ سزادانیان بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی جیاواز بەپێی برگەکانی یاسای سزادان. پرۆسەکانی دادگایکردن و ڕێکارە یاساییەکان، بۆ سزادانی تۆمەتی ئەندام بوونە لە ناو داعش، بەوانەشەوە کە تۆمەتبارنین بە ئەنجامدانی تاوانی تر، بەبێ بوونی هیچ ستراتیژێك  کە چۆن ئەولەوویات بە کەیسێکان بدرێ.

### *کەم وکورتی لە ڕێکارە یاساییەکان؛ نەبوونی ستراتیژ یان ئەولەویەت دان لە کەیسەکانی داعشدا*

وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، هێزەکانی داعش بەرپرسیار بوون لە ئەنجامدانی ژمارەیەکی زۆر تاوان لە عێراق وەك تاوانی کوشتن و ئەشکەنجەدان و ڕفاندن و دەستدرێژی سێکسی و لەگەڵ تاوانە نێودەوڵەتیەکانی وەك تاوانی جەنگ و تاوان لەدژی مرۆڤایەتی. بەڵام، دادگاکانی عێراق بریاری سزای گومانلێکراوانی داعش تەنها بۆ ئەو تاوانانە دەدەن کە لە یاسای دژەتیرۆردا هاتووەو گومانلێکراوان دادگایی ناکەن بە ئەنجامدانی تاوانەکانی تر بەپێی برگەکانی یاسای سزادانی عێراقی وەك بە کۆیلەکردن و ئەشکەنجەو دەستدرێژی سێکسی. هەروەها بەرپرسانی دادوەری عێراق ناتوانن گومانلێکراوان بە ئەنجامدانی تاوانە نێودەوڵەتیەکانی وەك تاوانی جەنگ و جینۆسایدو تاوان لە دژی مرۆڤایەتی دادگایی بکەن لەبەرەوەی ئەم تاوانانە لە یاسای نیشتمانیدا نین. زیاد لەوەش، ئەوەندی توێژەرانی هیومان ڕایتس ۆوچ تێبینیان کردووە لە دادگایکردنەکاندا، دادگاکانی عێراق بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و بە کۆمەڵ گومانلێکراوانی داعش پێکەوە بە تۆمەتی بوونی پەیوەندیان لەگەڵ گرووپەکە دادگایی دەکەن، بەبێ ئەولەویەت دان بە لێپرسینەوەی یاسایی لەدژی ئەوانەی کە بەرپرسیاربوون لە ئەنجامدانی تاوانە گەورەکان. دەردەکەوێ بەرپرسان ئەوانەش بکەنە ئامانجی سزاو دادگاییەکانیان کە تەنها ڕۆڵیان بەشداربون بووە لە بەڕێوەچوونی خزمەتگوزاریە سەرەتایەکانی وەك کارەباو چاودێری تەندروستی بۆ نەخۆشەکانی ژێر ئیدارەی داعش.

لەئێستادا، زۆرینەی کەیسەکانی دژی گومانلێکراوانی داعش لە دادگاکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەغدا لە نەینەوا بەڕێوەدەچێ ئەو پارێزگایەی شاری موسڵی لێیە. ژمارەیەکی زۆری گومانلێکراوانی داعش کە لە شەڕەکاندا دەستگیرکراون لەوێ زیندانین. دادگای دژەتیرۆری نەینەوا کە تا ساڵی ٢٠١٤ لەناو شاری موسڵدا بوو، لەئێستادا  لە شارۆچکەی تەل کیف، بە دووری ١٠ کیلۆمەتر لە باکووری موسڵ کارەکانی دەکات. لە ٦ی تەمووز، هیومان ڕایتس ۆوچ سەردانی دادگای دژەتیرۆری نەینەوای کرد کە لەو کاتەدا کارەکانی لەناو خانوویەکی چۆڵکراوی شارۆچکەی حەمدانیە دەکردو تێبینی دوو دادگایکردنی کرد. پارێزگاکانی تریش دادگای دژەتیرۆری خۆیان هەیە و هۆبەی دژەتیرۆری بەغداد لەناو دادگای تاوانەکانی ناوەندایە.

لەکاتی نووسینی ئەم ڕاپۆرتەدا، دادگاکە ١١ دادوەری هەبوو کە هەموویان پێشتر شارەزاییان هەبووە لە دادگایکردنی کەیسی دژەتیرۆرو بریاردان لەسەر کەیسی گومانلێکراوانی داعش لە نەینەوا.[66] بەپێی پرۆسەی فەرمی، کاتێك هێزە ئەمنیەکان گومانلێکراوانی داعش دەستگیردەکەن ڕادەستی هێزەکانی

---

[66] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دادوەر ڕیاض جەعفەرو جەبار حسین، بەغداد، ١٩ی تەمووزی ٢٠١٧: چاوپێکەوتن لەگەڵ دادوەرێکی تر کە داوای کرد ناسنامەی ئاشکرا نەکرێت. حەمدانیە، ٦ی تەمووزی ٢٠١٧: چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی فایەق زەیدان، بەغداد ١٧ی تەموزی ٢٠١٧: چاوپێکەوتن لەگەڵ وەزیری داد حەیدەر الزمیلی، بەغداد ٢ی شوباتی ٢٠١٧

هەواڵگری وەزارەتی ناوخۆیان دەکەن کە ئەوان بەندیان دەکەن و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکەن و فایلیان بۆ دەروست دەکەن، پاشان دەیانهێننە بەردەم یەکێك لەو ١١ دادوەرە بۆ بیستنی کەیسەکەیان و لێکۆڵینەوەی سەرەتای. لەکاتی بیستنی کەیسەکانیان لە دادگادا، پارێزەری تایبەت یان حکومی بۆ هەموو گومانلێکراوان هەیە و ئامادە دەبن. ئەگەر دادوەر لەو باوەڕەدا بوو کە بەڵگەی پێویست هەیە، جارێکی تر گومانلێکراو دەگەڕێنێتەوە بۆ دادگایکردن. سەرەڕایی پێوویستی یاسایی بۆ فەرمانی دەستگیرکردن، بەرپرسانی دادوەری بە توێژەرانی هیومان ڕایتس ۆوچیان ووت، زۆر بە گرنگیەوە تەماشای بەکارهێنانی فەرمانی دەستگیرکردنی دادگا ناکەن.

لە شوبات بۆ ئەیلولی ٢٠١٧، دادوەرێکی باڵا بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت، دادگا گوێبیستی کەیسی ٥٥٠٠ گومانلێکراوی داعش بووە لە نەینەوا دادگا گەیشتۆتە دوابڕیار بۆ ئەو کەیسانە.[67] لە ٢٧ی ئەیلول بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت، تا ئەو کاتە بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ نزیکەی٢٠٠ کەس دەرکردووە. ئەو دادوەرە نەیتوانی ژمارەی ئەو گومانلێکراوانەی داعشمان بداتێ کە بەبێ تۆمەت ئازادکراون، بەڵام ووتی کەمتر لە ٥% ئەو کەیسانەی دادگا گوێبیستی بووە وەلانراون. ئەو ووتی زۆرینەی کەیسە وەلانراوەکان بۆ ئەو کەسانە بوون کە دەستگیرکراون لەبەرەوەی هەمان ناوی گومانلێکراوێکی تری داعشیان هەبووە لەناو لیستی "داواکاراواندا". ووتیشی لەبەر کەمی توانای دادگاکەیی لە چەند مانگی یەکەمی ئۆپراسیۆنی گرتنەوەی موسڵ لەلایەن سووپای عێراق، دادوەرانی دادگاکانی نەینەوا لەپاش بیستن و لێکۆڵینەوەی سەرەتای لە کەیسەکان دەستگیرکراوەکانیان ڕەوانەی بەغداد دەکرد بۆ دادگایکردن، بەڵام لە شوباتی ٢٠١٧وە ژمارەی لێکۆڵەرەوان و دادوەریان لە نەینەوا زیاد کردووە و گواستنەوەی دەستگیرکراوان وەستێنراوەو، خۆیان بڕیاری سزادانی گومانلێکراوانی داعشیان داوە.[68]

بەناوبانگترین پرۆسەی دادگایکردنی گومانلێکراوانی داعش لە تەمووزی ٢٠١٥ بوو. لەم دادگاییەدا ٤٠ پیاو بەپێی برگەی ٤ی یاسای دژەتیرۆر تۆمەتبار بوون بە ئەندام بوون لە داعش و بەشداریکردن لە کۆمەڵکوژی سەدان کادیری سەربازی شیعە لە کامپی سپایکەر لە تکریت لە حوزەیرانی ,٢٠١٤[69] دادگایکردنەکە لە شوباتی ٢٠١٦ کۆتایی هات بە دەرکردنی بڕیاری لەسێدارەدان بۆ ٣٦ پیاویان. ئەم دادگاییە کەموکورتی زۆری تێدابوو لە ڕووی ستاندەردەکانی دادگایکردنێکی عادیلانە.[70] لەگەڵ ئەوەشدا، دادگای پێداچوونەوەی فیدراڵی لە ٧ی ئابی ٢٠١٦ بڕیاری لەسێدارەدانەکانی پەسەند کردو لە ڕێکەوتی ٢١ی ئابی ٢٠١٦ بەرپرسان سزاکەیان جێبەجێ کرد.[71] لە ٨ی ئابی ٢٠١٧ لە دادگایکردنێکی تردا،

---

[67] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ داوەرێك کە داوای کردبوو ناسنامەکەی ئاشکرا نەکرێت، تل کیف، ٢٧ی ئەیلولی ٢٠١٧

[68] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دادوەر ڕیاض جەعفەرو جەبار حسین، بەغداد، ١٩ی تەمووزی ٢٠١٧: چاوپێکەوتن لەگەڵ دادوەرێکی تر کە داوای کرد ناسنامەی ئاشکرا نەکرێت. حەمدانیە، ٦ی تەمووزی ٢٠١٧: چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی فایەق زیدان، بەغداد ١٧ی تەموزی ٢٠١٧: چاوپێکەوتن لەگەڵ وەزیری داد حەیدەر الزمیلی، بەغداد ٢ی شوباتی ٢٠١٧

[69] عێراق: گولەبارانەکانی دەولەتی ئیسلامی لە تکریت،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٢ی ئەیلولی ٢٠١٤
https://www.hrw.org/news/2014/09/02/iraq-islamic-state-executions-tikrit.

[70] عێراق: وەلانانی دوابڕیاری کۆمەڵکوژیەکەی کادیران،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ١٦ی تەموزی ٢٠١٥
https://www.hrw.org/news/2015/07/16/iraq-set-aside-verdict-massacre-cadets.

[71] ئەنجومەنی باڵای دادوەری، کۆماری عێراق، ٧ی ئابی ٢٠١٦
محكمة التمييز: إرسال أحكام الإعدام القطعية بحق مداني جريمة سبايكر إلى رئاسة الجمهورية
http://iraqja.iq/view.3415/ (accessed on August 7, 2017)
"عێراق ٣٦ پیاو لەسێدارەدات بۆ کۆمەڵکوژیەکەی کامپی سپایکەر،" هەواڵی ماڵپەڕی بی.بی.سی لە ٢١ی ئابی ٢٠١٦
http://www.bbc.com/news/world-middle-east-37148060 (accessed on October 27, 2017).

دادگای ناوەندی تاوانەکان (المحكمة الجنائية المركزية) بەپێی یاسای دژەتیرۆرو بە تاوانی بەشداریکردنیان لە کۆمەڵکوژیدا بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ ٢٧ پیاوی تر دەکرد.[72]
بەپێی ووتەی وەزیری داد حیدر الزميلي و سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق فایەق زیدان و سێ دادوەری باڵای دژەتیرۆر، بەرپرسان تەنها بەپێی یاسای دژەتیرۆری (ژمارە ١٣\٢٠٠٥) دادگایی گومانلێکراوانی داعش دەکەن. یاساکە ئاماژە بە ژمارەیەکی زۆر لە تاوان دەکات وەك پشتگیریکردن و ئەندام بوون لە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی، لەگەڵ تاوانی دیاریکراوی وەك هەڵگرتن و بەکارهێنانی ماددەی تەقەمەنی، ئەشکەنجەو کوشتن و فڕاندن و دەستگیرکردن و کوشتنی نایاسایی لەکاتی هەبوونی پەیوەندی بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی.[73] بەڵام یاساکە تاوانەکانی وەك دەستدرێژی سێکسی و بە کۆیلەکردنی سێکسی و تاوانە گەورەکانی تری وەك تاوانی جەنگ و جینۆسایدو تاوان لە دژی مرۆڤایەتی ناگرێتەوە. بڕگەی ٤ی یاساکە سزای مردن بەسەر هەرکەسێکدا دەسەپێنێ کە هەستابێ بە جێبەجێ کردن و هاندان و پلاندانان و هاوکاریکردن و دابینکردنی پشتگیری دارایی بۆ کاری تیرۆریستی. هەمان بڕگە داوای زیندانی هەتاهەتایی بۆ هەرکەسێك دەکات پەردەپۆشی کارێکی لەم جۆرە بکات یان پەنای ئەو کەسانە بدات کە بەشداریان تێدا کردووە.[74] سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی،زەیدان ووتی، لەکاتێکدا یاساکە تەنها باس لە دوو جۆر سزا دەکات، لەسێدارەدان و زیندانی هەتاهەتای، دەسەڵاتی دادوەری ڕێگە بە دادوەران دەدات بڕیاری سزای سووکتر بدەن. بەڵام دیاری نەکرد سووکترین سزا دەبێت چی بێت.[75]

هەرچەندە، دادوەرانی دژەتیرۆر ووتیان دەکرێ کەسەکان بە جیا دادگایی بکرێن بۆ ئەنجامدانی تاوانی تر، بەڵام هیومان ڕایتس ۆوچ ئاگادارنیە لەوەی کە هیچ کەیسێکی گومانلێکراوی داعش بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی ترو بەپێی بڕگەکانی یاسای سزادانی تاوان دادگایی کرابێ، تەنانەت لەو کەیسانەشی کە گومانلێکراو لەکاتی بیستنی سەرەتای کەیسەکەی لەلایەن دادگاوە دانی ناوە بە ئەنجامدانی تاوانی وەك دەستدرێژی سێکسی.[76]

زیادلەوەش، دەردەکەوێ دادگا عێراقیەکان بڕیاری سزادانی ژمارەیەکی زۆری جیاواز لە گومانلێکراوانی داعش بدەن، بەبێ ڕەچاوکردنی جیاکاری و ئەولەویەت دان بەوانەی کە بەرپرسیار بوون لە ئەنجامدانی تاوانە گەورەکان لەگەڵ ئەوانەی کە تەنها ڕۆڵیان ڕەنگە دابینکردنی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی وەك تەندروستی و ئاو کارەبا بووە وەك بەشێك لە بەڕێوەبردنی ئیدارەی داعش. بەپێی ووتەی سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق زەیدان و سێ دادوەری باڵای دژەتیرۆر، لە ئێستادا دادگاکانی عێراق سزای ئەو گومانلێکراوانەی داعش دەدەن کە لەوانەیە لە دژی خواستی خۆیان پشتگیری گرووپەکەیان کردبێ یان لە

[72] عێراق ٢٧ کەس لە سێدارەدەدات بۆ تاوانی کۆمەڵکوژی کامپی سپایکەر،" هەواڵی ماڵپەڕی بی.بی.سی، ٨ی ئابی ٢٠١٧
http://www.bbc.com/news/world-middle-east-40866081 (accessed on October 27, 2017)
کارزان سولەیڤانی، "دادگای عێراق سزای مردن بەسەر ٢٧ ئەندامی داعش دەسەپێنێ بۆ کۆمەڵکوژی کامپی سپایکەر،" کوردستان ٢٤، ٨ی ئابی ٢٠١٧
http://www.kurdistan24.net/en/news/f2339973-907e-42ce-a2db-016f39dd026e (accessed on October 27, 2017).

[73] یاسای دژە تیرۆری عێراق (ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠٥) ماددەی ٢ و ٣

[74] ماددەی ٤ دەڵێ: (١. هەرکەسێك ئەنجامدەری سەرەکی بێت یان بەشداری بکات لە هەر کارێکی تیرۆریستی کە لە ماددەی ٢ و ٣دا ئەم یاسایەدا هاتووە دەبێت سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرچێت. هەرکەسێك هانی یان پلانی یان هاوکاری دارایی و یارمەتی تیرۆریستان بدات لە ئەنجامدانی ئەو تاوانانەی لەم یاسایەدا هاتووە دەبێت ڕووبەڕوی هەمان سزا ببێتەوە وەك ئەنجامدەری سەرەکی. ٢. هەرکەسێك بە ئەنقەست پەردەپۆشی کاری تیرۆریستی بکات یان پەنای تیرۆریستان بدات بە مەبەستی شاردنەوەیان دەبێت سزای زیندانی هەتاهەتایی بەسەردا بسەپێنرێت."

[75] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ سەرۆکی دادگای فیدراڵی فایەق زیدان، بەغداد، ١٧ی تەموزی ٢٠١٧.

[76] جۆسێ ئینسۆر،"چوار کچی یەزیدیم وەرگرت وەك بەشێك لە مووچەکەم لەناو داعش و هەرشەوێك لەگەڵ یەکێکیان بووم،" دەیلی تەلەگراف، ٣١ی تەمووزی ٢٠١٧
http://www.telegraph.co.uk/news/2017/07/31/quivering-isil-suspects-face-investigations-court-mosul-atrocities/ (accessed on August 7, 2017).

ئاستی خزمەتگوزاری مەدەنیدا ئەوەیان کردبێت.[77] بۆ نموونە، لە مانگی ئەیلول دادوەرێکی باڵای دژەتیرۆر ووتی، بەم دواییانە کابرایەکی دادگایی کردووە کە کاری چێشت لێنان بووە بۆ چەکدارانی داعش و پێشنیازی سزای لە سێدارەدانی بۆ کردووە. هەروەها ووتی کە دادگا ڕەچاوی سزادانی پزیشکێکی جووانکاری کردووە لەبەرەوەی لە نەخۆشخانەیەکی داعشدا کاریکردووە.[78] یاسا مرۆییە نێودەوڵەتیەکان سزاو دادگایکردنی کارمەندانی تەندروستی قەدەغە دەکەن لەبەر ئەنجامدانی ئەرکە تەندروستیەکانیان ئەگەرهاوتا بووبێ لەگەڵ بەها تەندروستیەکان.

کاتێك هیومان ڕایتس ۆوچ نیگەرانی نیشاندا لەسەر ئەوەی بۆچی داواکارەکان سزای گومانلێکراوان بەو تاوانانەی لە بڕگەکانی یاسای تاواندا هاتووە نادەن، بەرپرسانی دادوەری ووتیان، پێویست ناکات پەنا بەرنە بەر سزای زیاتر لەبەرەوەی یاسای دژەتیرۆر زۆرترین سزای تێدایە بۆ تاوانەکان.[79] دادوەرێکی دژەتیرۆر ووتی، "جێنۆسایدو تێرۆر هەمان تاوانن، ئیتر بۆچی پێویستمان بە سزادان و دادگایکردنێکی جیاوازە بۆ جینۆساید؟"[80]

لەلایەکی ترەوە، تاوانی جەنگ و تاوان لە دژی مرۆڤایەتی و جێنۆساید تاوان نین بەپێی یاسای عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆیە سیستمەکە ڕێگەنادات بە دادگایکردن و سزادانی ئەنجامدەرانی ئەم تاوانانە. هەرچەندە، هەندێك بەرپرس ووتیان کە چەند هەوڵێك هەیە لە زیادکردنی ئەم تاوانانە بۆ ناو یاسای عێراقی، تا کاتی نووسینی ئەم ڕاپۆرتە هیچ پرۆژە یاسایەك لەبەردەم پەرلەمان نەبوو لەسەر ئەم بابەتە.

گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی و دادگایکردنی گومانلێکراوانی داعش بەپێی یاسای دژەتیرۆر ئاسانترو خێراتر بەڕێوەدەچێ وەك لە پرۆسەی دادگایکردنیان لە دادگای ئاسایی تاوانەکان و سزادانیان بەپێی بڕگەکانی یاسای سزادان. بەڵام، یاسای دژەتیرۆر بوار دەداتە دەسەڵاتداران لە بەکارهێنانی دادگای تیبەت بە دژەتیرۆر کە لە ڕووی کردارییەوە مافە یاساییەکانی گومانلێکراوان لە دادگایکردنێکی عادیلانە بەرتەسك دەکاتەوە. دادوەران دەتوانن بەخێرایی بڕیاری سزادانی گومانلێکراوانی داعش دەربکەن تەنها لەسەر بنەمای ئەندام بوونیان لەناو گرووپەکە، بەبێ پێویستی کۆکردنەوەی بەڵگەی تەواو لەسەر ئەو تاوانانەی کە ئەنجامیان داون. زیاد لەوەش، وەك سێ دادوەری دژەتیرۆر بە هیومان ڕایتس ۆوچیان ووت، لە دادگاییەکاندا بۆ سەلماندنی بوونی پەیوەندی گومانلێکراو بە داعشەوە پشت بە دانپێنان و نووسراوی شاهێدحاڵان دەبەستریێ کە لەلایەن ئەفسەرانی هەواڵگریەوە کۆکراونەتەوە. بۆیە، دادوەری لێکۆڵەرە هەلێکی زۆر کەمی دەبێت لە پرسیارکردن لە شاهێدحاڵان. تەنها لە چەند کەیسێکی کەمدا، دادگا بانگهێشتی شاهێد حاڵانی کردووە بۆ شاهێدی دان لەسەر ئەو کەیسانەی پەیوەندیان بە داعشەوە هەیە.

---

77 چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دادوەر ڕیاض جەعفەرو جەبار حسین، بەغداد، ١٩ی تەمووزی ٢٠١٧: چاوپێکەوتن لەگەڵ دادوەرێکی تر کە داوای کرد ناسنامەی ئاشکرا نەکرێت. حەمدانیە، ٦ی تەمووزی ٢٠١٧: چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی فایەق زیدان، بەغداد ١٧ی تەموزی ٢٠١٧

78 چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دادوەرێك کە داوای ئاشکرا نەکردنی ناسنامەکەی کرد، تێل کیف، ٢٧ی ئەیلولی ٢٠١٧.

79 چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دادوەر ڕیاض جەعفەرو جەبار حسین، بەغداد، ١٩ی تەمووزی ٢٠١٧: چاوپێکەوتن لەگەڵ دادوەرێکی تر کە داوای کرد ناسنامەی ئاشکرا نەکرێت. حەمدانیە، ٦ی تەمووزی ٢٠١٧: چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی فایەق زیدان، بەغداد ١٧ی تەموزی ٢٠١٧: چاوپێکەوتن لەگەڵ وەزیری داد حەیدەر الزمیلی، بەغداد ٢ی شوباتی ٢٠١٧

8o چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دادوەر ڕیاض جەعفەرو جەبار حسین، بەغداد، ١٩ی تەمووزی ٢٠١٧

ئەم شێوازە درووست نیە--بۆ ئەرکێك کە خۆیی ببینێتەوە لە تۆمارێکی ڕاستەقینەی هەموو ئەو تاوانانەی لەلایەن داعش ئەنجام دراون--کە شایەنی عێراقیەکانە و هەروەها لە تاقیکردنەوەی دادپەروەری دا دەرناچێت چونکە کاروڕەفتاری هەموو گومانلێکراوانەی داعش کە ڕەنگە ڕۆڵیان لە ناو گرووپەکە زۆر جیاواز بووبێ یەکسان دەکات. شکست هێنان لە لێکۆڵینەوەکردن و بەبەڵگەکردن و دادگایکردنی ئەو تاوانە زۆر گەورانەی لەلایەن گومانلێکراوانی داعش ئەنجام دراون بەپێی بڕگەکانی یاسای تاوانەکان وەك ئەوەی لە ئێستادا ڕوودەدات سەرکەوتوو نابێت لە بەبەڵگەنامەیی کردنی دادوەری ئەم تاوانانە و قەرەبووکردنەوەی قوربانیان. بەشداری پێنەکردنی قوربانیان لە دادگاییەکاندا بە ووردی لەخوارەوە باسکراوە. هەروەها ئەم شێوازە شکست دەهێنێ لە بواردان بە سیستمی دادوەری کە ئەولەویەت بدات بە دادگایکردن و سزادانی ئەوانەی بەرپرسیار بوون لە ئەنجامدانی تاوانی گەورە لە ناو داعش.

لەلایەکی ترەوە، دادگایکردن و سزادانی ئەو گومانلێکراوانەی داعش کە تەنها ڕۆڵیان بریتی بووە لە دابینکردنی پشتگیری مەدەنی بۆ ئیدارەکەی داعش زیادەڕەوی و کێشەیە. لە کاتی لوتکەی دەسەڵاتی لەو ناوچانەی کۆنترۆڵی کردبوو، داعش وەك دەوڵەت کاری دەکردو ملیۆنان هاووڵاتی لەژێر دەستدا بوو کە بە هەزاران فەرمانبەری مامۆستاو پزیشك و فەرمانبەری باج و چەندین کاری ئیداری و مەدەنی تری هەبوو.[81] بەپێی یاسای دژەتیرۆری عێراقی ئەم فەرمانبەرانە کە پەیوەندیان بە داعشەوە هەبووە معرزن بۆ دادگایکردن و سزادان بەهۆی ڕۆڵیان لە پشتگیری کردن و دابینکردنی هاوکاری بۆ گرووپێکی تیرۆریستی. لە کاتێکدا گومان نیە لەوەی بەشداریکردن لە ئیدارە مەدەنیەکەی داعش بە خۆبەخش توانای گرووپەکەی لە سەپاندنی دەسەڵاتی لە ناوچەکانی ژێر دەستی زیادکردووە، بەڵام وادەردەکەوێ دەسکەوتێکی ئەوتۆ بەدی نایەت لە دادگایکردن و سزادانی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵك ئەگەر تاوانی گەورەیان ئەنجام نەدابێ یان تێوەنەگلابن لە تاوانێکی گەورە جگە لە ئەندام بوون یان پشتگیری کردنی گرووپەکە.

دەبێت بەرپرسان ئەولەویات بدەنە گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی و سزادانی ئەو گومانلێکراوانەی داعش کە بەرپرسیاربوون لە ئەنجامدانی تاوانی زۆر گەورە بۆ ئەمەش دەبێت هەستن بە دادگایکردنیان بە تۆمەتی ئەو تاوانە دیاریکراوانەی ئەنجامیان داون و کۆتایی بهێنن  بە سزادانی ئەوانەی تەنها تۆمەتیان ئەندام بوون بووە لەناو گرووپەکە بەبێ بوونی بەڵگەی ئەنجامدانی تاوانی گەورە، بەتایبەت بۆ کەیسی منداڵان. لەبری دادگایکردن و سزای یاسایی دەبێت ڕەچاوی بەدیلی تر بکرێ وەك میکانیزمەکانی خستنە ڕووی ڕاستیەکان. دەبێت لانی کەم  لێپرسینەوەی یاسایی لەدژی ئەو کەسانە نەکرێ کە کارەکانیان لەژێر دەستی داعش بەشێك بووە لە پارێزگاریکردنی مافەکانی مرۆڤی هاووڵاتیانی مەدەنی یان هاوکاریکردنی هاووڵاتیان.

---

[81] ماسیو ڕۆزنبێرگ و نیکۆلاس کۆلش و ستیڤن لی دایەرس، "دەوڵەتی ئیسلامی پارە لەو کەسانە دەسێنێ کە حوکمڕانیان دەکات،" نیۆرك تایمز، ٢٩ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥
https://www.nytimes.com/2015/11/30/world/middleeast/predatory-islamic-state-wrings-money-from-those-it-rules.html?_r=0 (accessed on October 17, 2017);
ڤۆجێڵ، "بۆچی پزیشکان پەیوەندی بە دەوڵەتی ئیسلامیەوە دەکەن،" جۆرناڵی کۆمەڵگەی پزیشکی کەنەدی، بەندی ١٨٨ (٣)، ١٦ی شوباتی ٢٠١٦
https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC4754176/ (accessed on November 2, 2017);
چاڕلس کاریس و ساموێڵ ڕەیناڵدس، "حوکمڕانی داعش لە سووریا،" ڕاپۆرتی ٢٢ی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پەیمانگای توێژینەوەی جەنگ، تەمووزی ٢٠١٤
http://www.understandingwar.org/sites/default/files/ISIS_Governance.pdf (accessed on November 2, 2017).

ئەگەر بەرپرسان هەر سوربوون لەسەر ئەنجام دانی لێپرسینەوەی یاسای بەرفراوان و بەکۆمەڵی خەڵك وەك بۆ تۆمەتەکانی تەنها ئەندام بوون لەناو داعش بەبێ بوونی بەڵگەی ئەنجام دانی تاوان، دەبێت یەکەم جارو بەپەلە ئەولەویات بدەن بە دادگایی کردنی ئەوانەی کەمترین تۆمەتیان لەسەرەو دەستبەجێ ئەوانەش ئازاد بکەن کە یاسای لێبووردن دەیانگرێتەوە (تەماشای خوارەوە بکە). شێوازێکی لەوجۆرە هاوکاری چارەسەرکردنی قەرەباڵغی بێ ئەندازەی بەندیخانەکان دەکات. دەبێت بەرپرسان ڕەچاوی بڕیاری لێبووردن بۆ هەموو ئەو کەیسانە بکەن کە بەشداریان لە تاوانی گەورە نەکردووە جگە لە ئەندام بوون لە ناو داعش نەبێ، ئەوەش ئەرکی سەرشانی بەرگریکار کەم دەکاتەوە لە سەلماندنی ئەوەی کە لەدژی خواستی خۆی پەیوەندی بە گرووپەکەوە کردووە.
پێویستە بەرپرسانی عێراقی تەماشای مێژووی ئەم دواییەی خۆیان بکەن لە پشتگیریکردن و ڕەچاوکردنی پەیڕەووێکی لەم جۆرە. لە پاش داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣، ئیدارەی کاتی هاوپەیمانەکان بە سەرکردایەتی ئەمریکا سیاسەتی "ڕیشەکێش کردنی بەعسی" جێبەجێ کرد کە دەرەنجامەکەی دەرکردنی هەزاران فەرمانبەرو ئەفسەری ئەندام لە حزبی بەعس بوو.[82] لە چواچێوەی ئەم پرۆسەیەدا بەهەزاران کەس لە کارەکانیان دەرکران بەهۆی ئەندامێتیان لەناو حزبی بەعس، لەبری دەرکردنیان بەهۆی ئەنجامدانی تاوانێکی دیاریکراو. ئەم هەڵمەتەو کەم و کوڕی لە پرۆسەی یاساییدا بووە هۆی لاوازکردنی حکومەتی عێراقی و سەرهەڵدانی ناڕەزایی لەنێو دەرکراوان و خێزانەکانیان و هاوڕێکانیان و کۆمەڵگاکانیان بە گشتی. ئەم پرۆسەیە بووە هۆکارێکی گرنگ لە بڵاوبونەوەی جەنگ و ناکۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە عێراق.[83] لەبەرەوەی هەڵمەتەکە بۆ لێپرسینەوەی یاسایی لە تاوانی دیاریکراو نەبوو، کاریگەری هەبوو لەسەر چاندنی تۆوی ناکۆکی و ناڕەزایی لەنێو ئەو بەشەی دانیشتوان کە سەرکوت کرابوون.

دواجاریش، پشت بەستن بە یاسای دژەتیرۆر مەترسی ئەوە زیاد دەکات کە دادگایی کردنی بە کۆمەڵ و خێرای گومانلێکراوانی داعش لە مافە یاساییەکانیان بۆ دادگایکردنی عادیلانە بێبەش بکا کە بەپێی یاسا عێراقی و نێودەوڵەتیەکان مافی خۆیانە.

***بڕگەکانی یاسای لێبووردن***

ڕەنگە دەستگیرکراوانی داعش مافی ئازادکردنیان هەبێ بەپێی یاسای لێبووردنی گشتی (ژمارە ٢٠١٦\٢٧) کە لە مانگی ئابی ٢٠١٦ تێپەڕێندرا.[84] بڕگەی ٤(٢) یاسای لێبووردن ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە دەتوانن نیشانی بدەن لەدژی خواستی خۆیان پەیوەندیان بە داعش یان گرووپێکی تری توندڕەو کردووەو هیچ تاوانێکی تیرۆریستیان ئەنجام نەداوە کە بوو بێتە هۆی کوشتن و وێرانکردن و هێرشکردنە سەر دامەزراوەکانی دەوڵەت و هێزە ئەمنیەکانی عێراق بەرلە مانگی ئابی ٢٠١٦. بڕگەی ٤ بەجیا دەڵێ ئەوانەی تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی تاوانی تری وەك فڕاندن و دەستدرێژی سێکسی و بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە ناتوانن سوود لە یاساکە وەربگرن.

---

[82] دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان فەرمانی ژمارە (١) ڕیشەکێشکردنی بەعس لە کۆمەڵگەی عێراقیدا لەلایەن پۆڵ بریمەر دەرچووە. ئەمریکا (ڕۆژی ٢٠٠٣\١٣) https://upload.wikimedia.org/wikipedia/commons/5/56/20030516_CPAORD_1_De Ba_athification_of_Iraqi_Society.pdf (accessed on November 6, 2017).

[83] میرەندا سیسنس و عبدولڕزاق السیدی، "سیاسەتی ڕیشەکێشکردنی بەعس لە عێراق هێشتا زەرەر لەو وولاتە دەدات،" الجزیرە، ١٢ی مارسی ٢٠١٣ http://www.aljazeera.com/indepth/opinion/2013/03/201331055338463426.html (accessed on October 27, 2017).

[84] یاسای لێبووردنی گشتی، ئابی ٢٠١٦ (ژمارە ٢٠١٦\٢٧)، http://www.iraq-lg-law.org/ar/webfm_send/1629, art. 4 (accessed on November 6, 2017).

محسن الکارکاری، سەرۆکی کۆمیتەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق، بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت، ئامانج لە یاساکە دۆزینەوەی ڕێگەچارەیە بۆ تۆمەتەکانی کۆمەڵێکی جیاواز لە دەستگیرکراوان، بەوانەشەوە کە بەپێی یاسای دژەتیرۆر تۆمەتبارن لە مەودایەکی فراواندا و هەروەها ئازادکردنی هەزارانی تر کە تاوانەکانیان کەمن.[85] فایەق زیدان، سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی و زانا ڕۆستایی، ئەندامێکی کۆمیتەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق، ووتیان، دادوەری باش دەستنیشان کراون بۆ هەڵسەنگاندنی کەیسی دەستگیرکراوان لەوەی ئایا یاساکە دەیانگرێتەوەو ئازاد دەکرێن.[86] ووتیشیان، حکومەت و پەرلەمان تاوتوێی گۆڕانکاری لە یاساکەدا دەکەن وەك درێژکردنەوەی ماوەی لێبووردنەکە بۆ مانگی حوزەیرانی ٢٠١٧,[87] ئۆفیسی سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت، لە نێوان مانگی ئابی ٢٠١٦ بۆ تشرینی یەکەمی ٢٠١٧، لە چوارچێوەی یاسای لێبوردنەکەدا بەرپرسان ٩٩٥٨ دەستگیرکراویان ئازادکردووە، بەڵام ژمارەی ئەوانەی دیاری نەکرد کە ڕووبەڕوی تاوانی دژەتیرۆر بوونەتەوە.

یاساکە لەسەر هەموو دادوەرانی لێکۆڵەرەوەو پێداچوونەوەو دادگایکرنی پێویست دەکات ڕەچاوی جێبەجێ کردنی بڕیارەکە بۆ هەموو بەرگریکاران بکەن چ لە پێش و چ لە پاش دادگایکردن.[88] ئەگەر دادوەر بڕیاری جێبەجێ نەکردنی یاساکەی دا ئەوا تۆمەتبار دەتوانێ داوای گواستنەوەی کەیسەکەی بۆ کۆمیتەی لێبووردن لە ئەنجوومەنی باڵای دادوەری بکات یان بۆ داواکردنی جێبەجێکردنی یاسای لێبوردنەکە یان پێشەکەشکردنی داوا بۆ دووبارە دادگایکردنەوە. شایەنی باسە، لە کۆمیتەکەدا، ژمارەیەك لە دادوەر پێداچوونەوە بۆ کەیسەکان دەکەن و دەگەنە دوا بڕیار، بەبێ ڕێگەدان بە بەشداریکردنی تۆمەتبار لە پێداچوونەوەکەدا بەهیچ شێوەیەك، تەنانەت بۆ نیشاندانی ئەوەی کە لەدژی خواستی خۆی پەیوەندی بە گرووپەکەوە کردوەو هیچ تاوانێکی ئەنجام نەداوە تا بڕگە پەیوەندیدارەکانی یاساکە بیانگرێتەوە.

مەترسی هەیە لەوەی ئەو ئەندامانەی داعش کە تاوانی وەك دەستدرێژی سێکسی و فڕاندن و بازرگانیکردنیان بە مرۆڤەوە ئەنجام داوە بەپێی یاساکە ئازاد بکرێن چونکە هیچ دادوەرێك لە ئێستادا دادگایی گومانلێکراوان بەم تاوانانە ناکات جگە لە بڕگەی ٤ی دژەتیرۆر.[89] ئەگەر دادوەرێك دادگایی تۆمەتبارێکی کردبێ و لە فایلەکەیدا ئاماژەی بە تۆمەتەکانی دەست درێژی سێکسی و فڕاندن و بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە نەکردبێ یان ئەو تاوانانەی کە بڕگەکانی یاسای لێبوردنەکە نایانگرێتەوە، ئەگەری ئەوە هەیە ئەو تۆمەتبارەی بۆ نموونە دەستدرێژی سێکسی ئەنجام داوە لەلایەن کۆمیتەکەوە ئازاد بکرێ پاش ئەوەی ڕایدەگەیەنێ کە لە دژی خواستی خۆی پەیوەندی بە گرووپەکەوە کردووەو تاوانی کوشتن و وێرانکاری و هێرشکردنی بۆسەر هێزە ئەمنی و دامودەزگاکانی حکومەت ئەنجام نەداوە.

---

[85] موشرەق عباس، "یاسای دژەتیرۆری عێراقی ڕەخنەی لێگیراوە،" المونیتەر، ١٣ی نیسانی ٢٠١٣
http://www.al-monitor.com/pulse/originals/2013/04/iraq-terrorism-law-executions-controversy.html (accessed on August 7, 2017

[86] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ فایەق زیدانی سەرۆکی دادگای فیدراڵی، بەغداد، ١٧ی تەموزی ٢٠١٧ و ئەندامی کۆمیتەی یاسای پەرلەمانی عێراق زانا ڕۆستایی، هەولێر، ١٠ی تەموزی ٢٠١٧.

[87] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ فایەق زیدانی سەرۆکی دادگای فیدراڵی، بەغداد، ١٧ی تەموزی Ibid ٢٠١٧

[88] یاسای لێبوردنی گشتی، ئابی ٢٠١٦ (ژمارە ٢٧\٢٠١٦)،
http://www.iraq-lg-law.org/ar/webfm_send/1629, art. 7.

[89] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دادوەر ئەحما الامیری کە یەکێکە لە ئەندامەکانی کۆمیتەی لێبوردن لە دادگای پێداچونەوەی فیدراڵی لە ڕەسافە، بەغداد، ٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧.

ڕوون نیە تا چەند دادوەرانی دژەتیرۆری عێراقی پابەندن بە جێبە جێکردنی یاساکەوە. دادوەرێکی نەینەوا ووتی، بە بۆچوونی ئەو ئەوانەی پشتگیری داعشیان کردوە تەنانەت بە بچووکترین شێوە وەك چێشتلێنان بەهەمان شێوەی چەکدارەکان تاوانبارن و هیچ ئارەزوویەکی نیە لە بیستنی بانگهێشتی تۆمەتبار لەوەی کە لە دژی خۆاستی خۆی پەیوەندی بە گرووپەکەوە کردووە.[90] ئەو دادوەرە بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت کە ڕەتیکردۆتەوە یاسای لێبووردن جێبەجێ بکات لەبەرەوەی باوەڕی وایە ئەو کەسانەی پشتگیری داعشیان کردووە شایەنی لێبووردن نین. هەروەها بە هیومان ڕایتس ۆوچیشی ووت، بە بڕوای ئەو هۆکاری هاتنی داعش ئازادکردنی ئەو زیندانیانە بوو کە پێشتر بەپێی یاسای دژەتیرۆر لەسەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠٠ دەستگیرکرابوون. ئەو ووتی، "ئەگەر هەموو ئەو زیندانیانەمان بکوشتایە کە لەلایەن ئەمریکیەکانەوە لە کامپی بووکا دەستگیرکرابوون، هەرگیز ئەمڕۆ ئەم کێشەیەمان نەدەبوو."[91]
دەبێت بەرپرسان ئەولەویات بە لێپرسینەوەی یاسای لەو گومانلێکراوانەی داعش بدەن کە بەرپرسیاربوون لە ئەنجامدانی تاوانی گەورەو ڕەچاوی بەدیلی تر بکەن بۆ ئەوانەی تەنها گومانی بە ئەندام بوونیان لەناو داعش لێدەکرێ بەبێ بوونی بەڵگە لە دژیان بۆ ئەنجامدانی تاوانی گەورە. دەبێت لانی کەم ڕێکاری یاسایی لەدژی ئەوانەی کارەکانیان لەژێر دەستی داعش بەرگری کردن بووە لە مافەکانی مرۆڤی هاووڵاتیانی مەدەنی نەگرنەبەر.

ژمارەیەکی زۆر بەدیل بۆ ڕێکاری یاسایی لەم جۆرە کەیسانەدا هەیە وەك پرۆسەی خستنە ڕووی ڕاستیەکان. بەرپرسانی عێراقی بە پشتگیری پرۆگرامی گەشەپێدانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەستان بە ئەنجامدانی پرۆژەیەك بۆ دروستکردنی "کۆمیتەی ئاشتی" ناوخۆی لەگەڵ پرۆژەیەکی جیا لە دامەزراندنی ئەرشیفی هاووڵاتیان، کە هەردوو پرۆژەکە بوار دەداتە کۆمەڵگە لە کۆکردنەوەو تاوتوێکردنی زانیاری لەسەر تاوان و پێشێلکاری کە لە دژی هاووڵاتیانی مەدەنی لەکاتی جەنگدا ئەنجام دراوە.[92] بەڵام ئەوەندەی هیومان ڕایتس ۆوچ ئاگاداربێت، ئەم دەست پێشخەریانە لە خستنەڕووی ڕاستیەکان هیچ پەیوەندیەکی ڕوونیان بەم ڕێکارە یاسایی و دادوەریانەی ئێستاوە نیە، هەروەها کۆمیتەکانی ئاشتی توانای بینیینی گومانلێکراوانی داعشیان نیە تا لەو ڕێگەیەوە بوار بدەنە ئەو گومانلێکراوانەی داعش کە لە تاوانی گەورەوە نەگلاون میکانیزمەکە بەکاربهێنن بۆ ئازادبوونیان و دواتر بەشداریکردنیان لە پرۆسەی خستنە ڕووی ڕاستیەکان.

کۆمسیۆنی ڕاستیەکان وەك بەشێك لە دادوەری کاتی نیشتمانی و پرۆسەی ئاشتەوایی سوودێکی زۆری هەیە بە تایبەت لەوکاتانەی کە میکانیزمی دادوەری لە ڕووی واقیعیەوە چاوەڕێی لێناکرێ ڕێکاری یاسایی عادیلانە لەدژی هەموو تۆمەتباران بگرێتەبەر یان بتوانێ تۆمارێکی دادوەری دروستی هەموو تاوانەکان دروست بکات کە ئەمەش ئێستا لە عێرقدا هەیە چونکە بە دەیان هەزار گومانلێکراوی داعش ڕەنگە بەپێی

[90] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دادوەرێك کە داوای کرد ناوی ئاشکرا نەکرێت، حەمدانیە، ٦ی تەموزی ٢٠١٧

Ibid[91]
چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دادوەرێك کە داوایکرد ناوی ئاشکرا نەکرێت، حەمدانیە، ٦ی تەموزی٢٠١٧. ئەو بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت لەبەرەوەی پێشبینی ئەوە دەکات کە دەستگیرکراوانی داعش ژیانیان لە زیندان بەرنەسەر یان لەسێدارە بدرێن، پێویست بە پرۆگرام و پرۆژەی چاکسازی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بۆ تاوانبارانی داعش لە بەندیخانەکان ناکات. "عێراق: ڕەشبگیری و زیندانی بە کۆمەڵ،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ١٥، ٢٠١٢
https://www.hrw.org/news/2012/05/15/iraq-mass-arrests-incommunicado-detentions.

[92] پرۆگرامی گەشەکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان، "'حکومەتی عێراقی و پرۆگرامی گەشەکردن ڕێکەوتن نامەیەك مۆردەکەن بۆ هاندانی ئاشتەوایی لەسەر ئاستی کۆمەڵگەکان،" ٤ی ئابی ٢٠١٧
http://www.iq.undp.org/content/iraq/en/home/presscenter/pressreleases/2017/08/04/the-iraqi-government-and-undp-sign-a-flagship-agreement-to-promote-reconciliation-at-the-community-level.html (accessed on November 2, 2017).

بڕگە بەرفراوانەکانی یاسای دژەتیرۆر سزادرابن.[93] هەروەها کۆمسیۆنی لەم جورە بەسوودە بۆ هاندانی ئاشتەوایی.[94] جگە لە دروستکردنی تۆمارێکی مێژووی، کۆمسیۆنەکانی ڕاستی دەتوانن لێکۆڵینەوەی خۆیان ئەنجام بدەن وەك ؛ وەرگرتنی شاهێدی لە شاهێدحاڵان و قوربانیان و تاوانباران: پێشنیازکردنی پێدانی قەرەبوو بە قوربانیان: لەگەڵ پێشنیازکردنی چاکسازی پێویست بۆ ڕێگریکردن لە دووبارە ئەنجامدانی تاوان و پێشێلکاری.

دەبێت بەرپرسان میکانیزمەکانی خستنەڕووی ڕاستیەکان دامەزرێنن و دەسەڵاتی بەرفراوانیان پێبدەن وەك پێدانی مافی بانگکردنی شاهێدحاڵان و وەرگرتنی شاهێدی، ئەوەش پێشێلکاری و تاوانی هەموو لایەنەکانی جەنگ دەخاتەڕوو. ئەم هەنگاوە دەتوانێ تەواوکەری پرۆسەی دادوەری و پلانی قەرەبووکردنەوە بێت. دامەزراندنی کۆمسیۆنی ڕاستیەکان بەرپرسانی عێراقی لە ئەرکەکانیان دانابڕێنێ بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکان بۆ لێپرسینەوە لە تاوانە گەورەکان. لەبری ئەوە، کۆمسیۆنی ڕاستیەکان، بۆ نموونە، دەتوانێ ووتە لە گومانلێکراوە پلە نزمەکانی داعش وەربگرێ لە ئەنجامدانی تاوانی بچووك وەك بەدیلێ بۆ ڕێکاری یاسایی.

## کەم وکورتیە دادگاریەکان لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان

هەروەك دادگاکانی حکومەتی عێراقی، ئەوانەی هەرێمی کوردستانیش بە تەواوی پشت بە یاساکانی دژەتیرۆر دەبەستێ لە گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لەدژی گومانلێکراوانی داعش، بەبێ ڕەچاوکردنی لێپرسینەوەی یاسایی بۆ تاوانە دیاریکراوەکان بەپێی برگەکانی یاسای سزادان. لێرەش، بەرپرسان سزای گومانلێکراوان بە تۆمەتی ئەندام بوون لە ناو داعش دەدەن، بۆ ئەوانەش کە ڕەنگە تۆمەتبار نەبن بە ئەنجامدانی تاوانی تر. ئەمانیش بەردەوامن لە پرۆسەی دادگایکردن و سزادانی گومانلێکراوانی داعش بەبێ هیچ ستراتیژێکی ئاشکرا لە چۆنیەتی ئەولەویەت دان بە جۆری کەیسەکان. لە هەمان کاتدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ یاسایەکی لێبوردنی نیە بۆ ئازادکردنی ئەو گومانلێکراوانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن بە ناچاری پەیوەندیان بە گرووپەکەوە کردوەو تاوانی تریان ئەنجام نەداوە.

### *کەم وکورتی لە ڕێکاری یاسایی: نەبوونی ستراتیژ یان ئەولەویەت بۆ کەیسەکانی داعش*

بۆئەوەی یاسای دژەتیرۆری خۆی هەبێت حکوومەتی هەرێمی کوردستان یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری (ژمارە٣\٢٠٠٦) لە هەرێمی کوردستانی عێراق تێپەڕاند کە لەسەرەتادا بۆماوەی دوو ساڵ کاری پێدەکرا.[95] یاساکەی هەرێمی کوردستان سزای لە سێدارەدان بەسەر ئەو کەسانەدا دەسەپێنێ کە کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدەن ؛وەك پەیوەندیکردن و دامەزراندن و هەماهەنگی کردن یان هاوکاریکردنی ڕێکخراوی تیرۆریستی، یان هاندان و پلاندانان و پشتگیری دارایی و هاوکاریکردنی کاری تیرۆرستی. یاساکە زیندانی هەتاهەتایی بۆ زنجیرە چالاکیەك دیاری دەکات لەوانەش وێرانکردنی بیناو فڕاندن یان پشتگیری دارایی هێرشی تیرۆریستی. لەگەڵ سزای زیندانی کە لە ١٥ ساڵ تێپەرنەکات بۆ ئەوانەی پڕوپاگەندەی تیرۆرستان بڵاودەکەنەوەو بەرپرسان ئاگادارناکەنەوە لە ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی.

---

93 نەتەوە یەکگرتووەکان-یەکگرتووە نەتەوەکان،" ڕێنمایی سکرتێری گشتی بۆ شێوازی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر دادوەری کاتی،" مارسی ٢٠١٠. لاپەڕە ٦.

94 سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ دادوەری کاتی، "کۆمسیۆنەکانی خستنەڕوی ڕاستیەکان،"
https://www.ictj.org/gallery-items/truth-commissions (accessed on November 2, 2017).

95 یاسای دژەتیرۆری عێراقی (ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠٥) و یاسای دژەتیرۆری هەرێمی کوردستانی عێراق (ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦)

پاش چەندجار درێژکردنەوە، یاسای دژەتیرۆری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٦ بەسەرچوو بەهۆی هەڵپەساردنی پەرلەمان نەتوانرا یاساکە درێژبکرێتەوە. لە ناوەڕاستی ئەیلولی ٢٠١٧، پەرلەمان دووبارە کۆبوویەوە بەڵام تا کاتی نووسینی ئەم ڕاپۆرتە هێشتا یاساکەیی درێژ نەکردبوویەوە. سەرەڕایی بەسەرچوونی یاساکە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە دادگایکردنی هەزاران گومانلێکراو بە تاوانی بوونی پەیوەندیان لەگەڵ داعش بەپێی ئەم یاسایە. دوو دادوەری دژەتیرۆر لە هەولێر بیانوویان بۆ ئەمە ئەوەبوو کە هەموو ئەو گومانلێکراوانەی دادگایی کراون بەرلە بەسەرچوونی یاساکە کاری پەیوەندیداری تیرۆریستیان ئەنجام داوە.[96] بۆ کەیسە نوێکان، ئەوان ووتیان، ژمارەیەك ڕێکاری یاساییان لەبەردەستە کە دەتوانن پشتی پێببەستن لە دەستگیرکردنی تۆمەتباران وەك یاسای سزادانی هەڵگرتن و دروستکردن و بەکارهێنانی ماددەی تەقەمەنی (ژمارە١٩٩٢\٨) کە تا سزای لە سێدارەدانی تێدایە بۆ ئەوانەی منداڵ نین.[97]

بەپێی برگەکانی یاسای سزادانی عێراقی، پێویستە لەسەر بەرپرسان گومانلێکراوان لە سنووری جوگرافیای ئەو شوێنە دادگای بکەن کە تاوانەکەیان تێدا ئەنجام داوە.[98] بۆ نموونە، گومانلێکراوێکی داعش کە لە موسڵ تاوانێکی ئەنجامداوە دەبێت لە دادگا عێراقیەکانی پارێزگای نەینەوا دادگایی بکرێ. بۆیە دەبێت بەرپرسانی هەرێمی کوردستان هەستن بە ڕەوانەکردنی گومانلێکراوانی داعش بۆ بەرپرسانی ئەو پارێزگایانەی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە گومانلێکراوان تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی تاوان تێیدا، بۆ ئەمەش سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی و سێ دادوەری تری عێراقی ووتیان، ئەم داوایەیان خستۆتە بەردەم بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لە وەڵامدا، دادوەرانی دژەتیرۆری حکومەتی هەرێمی کوردستان و ووتەبێژەکەی ووتیان، لەبەرەوەی تیرۆر تاوانێکە لە دژی هەموو هاوڵاتیانی عێراقی ئەنجام دراوە، دادگاکانی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتیان هەیە لە دادگایکردنی تاوانی تیرۆری گومانلێکراوانی داعش ئەگەر چی لەناو سنووری هەرێمی کوردستانیشدا ئەنجام نەدرابێ.[99] بەڵام، ووتیشیان ئەگەر دادوەران سزای گومانلێکراوانی داعشیان بە تاوانی زیاتر لە پشتگیری ڕێکخراوی تیرۆریستی یان ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی دا، بۆ نموونە وەك کوشتن و دەستدرێژی سێکسی و تاوانی تر، دەبێت دادگاکانی عێراق لەو شوێنانەی تاوانەکەی تێدا ئەنجام دراوە سزایان بدەن. دادوەرەکان ووتیان، لەدوای ئەوەی گومانلێکراوان بە تاوانی پەیوەندی بە کاری تیرۆریستیەوە ماوەی یاسایی زیندانیان لە هەرێمی کوردستانی عێراق تەواوکرد، ئەوکات حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێ ڕادەستی بەرپرسانی عێراقیان لەو شوێنەکان بکات بۆ ڕووبەڕووبونەوەی سزای زیاتر بۆ ئەنجامدانی تاوان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی.[100] ئەوان ووتەکانی سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی و دادوەرێکی نەینەوایان پشت ڕاستکردەوە لەوەی کە هەرێمی کوردستان ئامادە نیە زۆرینەی گومانلێکراوانی داعش ڕادەستی بەرپرسانی عێراقی بکات. جگەلەوەش، دادوەرانی هەرێمی

---

[96] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دادوەر فاضل عباس و مەسعود شنگالی، هەولێر، ٥ی تەموزی ٢٠١٧

[97] سزادانی دروستکردن و بەکارهێنان و پێبوونی ماددەی تەقەمەنی (ژمارە ١٩٩٢\٨)، لە فایلی هیومان ڕایتس ۆوچە وە

[98] پرۆژەی دادوەری جیهانی: عێراق، "برگەی ٢٣ی یاسای سزادانی ساڵی ١٩٧١، (پێداچونەوەی لە ١٤ی شوباتی ٢٠١٠) لە هەرێمی کوردستانی عێراق http://gjpi.org/wp-content/uploads/gjpi-cpc-1971-kurdish-v2.doc, art. 53 (accessed on November 6, 2017).

[99] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دادوەر فاضل عباس و مەسعود شنگالی، هەولێر، ٥ی تەموزی ٢٠١٧: ئیمەیڵی دکتۆر دیندار زێباری سەرۆکی کۆمیتەی باڵای پێداچونەوەو وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکان بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ، ٦ی ئەیلولی ٢٠١٧.

[100] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دادوەر فاضل عباس و مەسعود شنگالی، هەولێر، ٥ی تەموزی ٢٠١٧ لەگەڵ دادوەرێکی حەمدانیە لە ٦ی تەموزی ٢٠١٧

کوردستان لە هەولێر ووتیان، بەپێی ئەزموونی ئەوان، گومانلێکراوانی داعش لایان پەسەندترە لە هەرێمی کوردستانی عێراق بمێننەوە بەهۆی باشی بارودۆخی زیندانەکان و کەمی سزای زیندانی کردن کە هەندێك جار سێ ساڵە.

پارێزەرێك کە کار لەسەر کەیسی دەیان مێردمنداڵی تۆمەتبار بەپێی یاسای دژەتیرۆر دەکات بە هیومان رایتس ۆوچی ووت، لە حاڵەتێکی دەگمەندا، بەرپرسانی هەرێمی کوردستان لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٧ دوانزە منداڵیان ڕەوانەی بەرپرسانی عێراقی کردووە. ئەو پارێزەرە ووتیشی، لەوکاتەوە منداڵەکان "بێسەروشوێنن" و لەلایەن بەرپرسانی عێراقیەوە ناویان تۆمار نەکراوە.[101]

لە وەڵامی داواکاری ئەمنستی نێودەوڵەتی بۆ زانیاری، لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ ووتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ووتی، لە ساڵی ٢٠١٤وە ئاسایش و یەکەکانی دژەتیرۆر زیاتر لە ٩٠٠٠ کەسیان بە تاوانی دژەتیرۆر دەستگیرکردووە.[102] بەپێی ووتەبێژەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە چەند ئامارێکی خستەبەردەم هیومان ڕایتس ۆوچ، تا مانگی ئابی ٢٠١٧ بەرپرسانی دادوەری لە هەولێرو سلێمانی و دهۆك و کەرکوك و گەرمیان سەرقاڵی لێکۆڵینەوە بوون لە کەیسی لانی کەم لە ٦٧٢ گومانلێکراوی داعش بە تاوانی دژەتیرۆرو هەستاون بە ئازادکردنی ١،٨١٨ کەس و بڕیاری سزادانی لانی کەم لە ١،١١٠ کەس کە سزاکانیان لە نێوان ٣ ساڵەوە بۆ لە سێدارەدان بووە. ووتەبێژەکە هیچ ووردەکاریەکی لەسەر ژمارەی ژن و منداڵانی دەستگیرکراو و ئازادکراو سزادراو لەگەڵ ئاماری چۆنیەتی بڕیاری سزاکان نەخستەڕوو.[103]

دەردەکەوێ سزدانی گومانلێکراوانی داعش لەلایەن دادوەرانی هەرێمی کوردستانەوە زۆر بە خێرایی و ژمارەیەکی زۆر بەڕێوەبچێ. دادوەرێك لە هەولێر ووتی، لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٦وە بڕیاری سزادانی ٦١٩ پیاوی بە تاوانی بوونی پەیوەندی لەگەڵ داعش داوە کە سزاکانیان لە ماوەی زیندانی سێ ساڵەوە بۆ لە سێدارەدان بووە.[104] بەرپرسان پیاوانی گومانلێکراو لە زیندانە فەرمیەکانی وەزارەتی ناوخۆ لە دهۆك و هەولێرو سلێمانی زیندانی دەکەن و ژنان و منداڵانیش لە سەنتەری چاکسازی کە لەلایەن وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بەڕێوەدەچێت بەند دەکرێن.[105] دادوەرێك لە هەولێر ووتی، بەپێی ئەزموونی ئەو زۆربەی دەستگیرکراوەکان لەلایەن ئاسایشەوە زیندانی دەکرێن بۆماوەی ٦ مانگ تا ساڵێك بەرلە دەستپێکردنی دادگیکردنی سەرەتاییان. دوو دادوەری دژەتیرۆر لە هەولێر ووتیان، بەشی دادوەری کاری

[101] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ پارێزەرێك کە داوای کرد ناوی ئاشکرا نەکرێ، بەغداد، ١٩ی ئەیلولی ٢٠١٧

[102] ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، سزادانیان بۆ تاوانەکانی داعش: ئاوارە عێراقیەکان لەلایەن میلیشیاو هێزەکانی حکومەت مامەڵەی خراپیان لەگەڵ دەکرێ، ٢٠١٦، لاپەڕە ٣٨
https://www.amnesty.org/download/Documents/MDE1449622016ENGLISH.PDF (accessed August 7, 2017).

[103] ئیمەیڵی دکتۆر دیندار زێباری سەرۆکی کۆمیتەی باڵای پێداچونەوەو وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکان بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ، ١٠ی ئەیلولی ٢٠١٧

[104] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دادوەر فاضل عباس، هەولێر ٥ی تەموزی ٢٠١٧

[105] ئیمەیڵی دکتۆر دیندار زێباری سەرۆکی کۆمیتەی باڵای پێداچونەوەو وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکان بۆسارا لی ویتسن بەڕێوەبەری هیومان ڕایتس ۆوچ بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا، ١٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧
https://www.hrw.org/sites/default/files/supporting_resources/gl.2017.1.10.krg_response_to_hrw_findings_and_questions_on_the_treatment_of_child_terrorism_suspects.pdf.

لەسەر کەیسی هەموو دەستگیرکراوان کردوەو هیچ ستراتیژێکیشی تایبەتی نەبووە لە ئەولەویەت دان بە هەندێك کەیسی دیاریکراو.[106]

بەپێی ووتەی ئەو دوو دادوەرە، لە کەیسەکاندا بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە دانپێنان و نووسراوی شاهێدحاڵان دەبەسترێ دەربارەی بوونی پەیوەندی گومانلێکراو بە داعش، ئەوەش هیچ بوارێك بە دادوەرانی لێکۆڵەر نادات پرسیار لە شاهێدحاڵان بکەن.

هیومان ڕایتس ۆوچ زانیاری هەیە لەسەر کەیسی دوو گومانلێکراوی داعش کە لەلایەن بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستگیرکراون و ڕەنگە تۆمەتباربن بە تاوانی گەورەی وەك بە کۆیلەکردنی سێکسی. دادگایەکی هەرێمی کوردستان سزای یەکێکیانی بەناوی (ئوم سەیاف) بەپێی یاسای دژەتیرۆر بە زیندانی هەتا هەتایی داوە بە تۆمەتی بەشداربوونی لە بە کۆیلەکردن و دەستدرێژی سێکسی بۆسەر چەند ژنێکی یەزیدی و کوشتنی کارمەندێکی مرۆیی ئەمریکی بەناوی کەیلا میولەر.

---

[106] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دادوەر فاضل عباس و مەسعود شنگالی، هەولێر ٥ی تەموزی ٢٠١٧ هەروەها دادوەرێکی حەمدانیە لە ٦ی تەموزی ٢٠١٧.

بەپێی زانیاریەکانی هیومان رایتس ۆوچ، سزای جیاواز نەسەپێنراوە بۆ تاوانەکانی بە کۆیلەکردن و دەستدرێژی سێکسی.[107] کەسی دووەم بەناوی عەمار حەمید مەحمود حسین ناسراوە بە (ابو یاسر) کە لەلایەن هێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەستگیرکرا لە پاش بەشداریکردنی لە هێرشێکی داعش بۆسەر شاری کەرکوك لە ٢١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦. لە مارسی ٢٠١٧، چاوپێکەوتنێکی کردو تێیدا باسی لە دەستدرێژی سێکسی و کوشتنی چەندین کەس کرد.[108] لە ئێستادا، بەپێی یاسای دژەتیرۆر لە سلێمانی دادگایی دەکرێت.[109]

دادوەرێك باسی لە نەبوونی پرۆگرامی چاکسازی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئایدۆلۆژیای توندڕەوی بۆ زیندانیەکانی داعش کرد. داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد کە هاوکاری بکەن لە دابینکردنی بووجەو خەڵکی شارەزا لە دامەزراندنی ئەم پرۆگرامە.[110] کارمەندێکی مرۆیی نێودەوڵەتی ووتی، ئەوان نیگەرانن لەوەی کە هیچ پرۆگرامێکی چاکسازی بۆ دووبارە چوونەوە ناو کۆمەڵگا بۆ دەستگیرکراوان نیە لەکاتی ئازادکردنیان.[111]

حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ یاسایەکی لێبووردنی بۆ گومانلێکراوانی داعش نیەو پەرلەمانەکەشی پرۆژە یاسای لێبووردنی حکومەتی عێراقی پەسەند نەکردووە.

دەبێت بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستن بە دامەزراندنی ستراتیژێك لە ئەولەویەت دان بە لێپرسینەوەی یاسای ئەوانەی تاوانی گەورەیان ئەنجامداوە، یان ڕادەستی بەرپرسانی حکومەتی عێراقیان بکەن، لەلایەکی ترەوە لە چوارچێوەی بڕیاری لێبووردن هەستن بە ئازادکردنی ئەوانەی تەنها گومانی ئەندام بوونیان لەناو داعش لێدەکرێ و هیچ بەڵگەیەك نیە کە تاوانی گەورەیان ئەنجام دابێت. دەبێت لانی کەم ڕێکاری یاسایی لەدژی ئەو کەسانە نەگرنەبەر کە کارەکانیان لەژێر دەستی داعش یارمەتیدەر بووە لە بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤی هاوولاتیانی مەدەنی. بۆ ئەو کەسانەی کە تەنها گومانی تۆمەتی ئەندام بوونیان لێدەکرێ، دەبێت بەرپرسان چەند میکانیزمێکی خستنەڕووی ڕاستیەکان دروست بکەن و دەسەڵاتی پێبدەن لە بانگ کردن و وەرگرتنی شاهێدی لە شاهێدحاڵان ئەمەش تەواوکەری پرۆسەی دادوەری و پلانی قەرەبووکردنەوە دەبێت.

---

[107] ئیمەیڵی دکتۆر دیندار زێباری سەرۆکی کۆمیتەی باڵای پێداچونەوەو وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکان بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ، ٦ی ئەیلولی ٢٠١٧
"داعش" سزادانی ئوم سەیاف لە کوردستان،" ڕووداو، ٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥،
http://www.rudaw.net/english/kurdistan/100820151 (accessed on August 7, 2017
سام لێڤن، "بێوەژنێکی داعش سزادراوە بەهۆی ڕۆڵی لە کوشتنی بارمتە کەیلا میولەر،" گاردیەن، ٨ی شوباتی ٢٠١٦
https://www.theguardian.com/world/2016/feb/08/isis-widow-charged-for-her-role-in-the-death-of-hostage-kayla-meuller (accessed on August 7, 2017).

[108] ڕۆبن ڕایت، "ڕوو بە ڕوو لەگەڵ تارمایی داعش،" نیۆرکەر، ٢٤ی مارسی ٢٠١٧
http://www.newyorker.com/news/news-desk/face-to-face-with-the-ghost-of-isis (accessed on August 7, 2017).

[109] ئیمەیڵی دکتۆر دیندار زێباری سەرۆکی کۆمیتەی باڵای پێداچونەوەو وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکان بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ،، ١٠ ی ئەیلولی ٢٠١٧

[110] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دادوەر فاضل عباس ، هەولێر ٥ی تەموزی ٢٠١٧

[111] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ کارمەندێکی مرۆیی نێودەوڵەتی کە داوای کرد ناوی ئاشکرا نەکرێ، هەولێر، ٥ی تەموزی ٢٠١٧.

## نەبوونی پارێزەری یاسای و سەردانی خێزانی

یاساکانی عێراق و هەرێمی کوردستان ماف بە دەستگیرکراو دەدەن لە هەڵبژاردنی پارێزەر بۆ خۆیان، یان دەوڵەت پارێزەریان بۆ دەستنیشان دەکا و دەبێت ئەو پارێزەرە ئامادەی هەبێ لەتەواوی ماوەی پرۆسەی لێکۆڵینەوە لەگەڵیان. هەروەها مافی پەیوەندی و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ خێزان و کەس و کاریان هەیە لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی خێزانیان لە ڕەوشی دەستگیرکردنیان، وەك لە ستاندەردو یاسای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زیندانیان هاتووە.[112] لە یاساکانی دژەتیرۆردا نەهاتووە کە دەبێت گومانلێکراوانی تیرۆر مامەڵەی جیاوازیان لەگەڵ بکرێت. بەڵام، توێژینەوەکانمان وا پێشنیاز دەکەن کە لە ڕووی کردارییەوە گومانلێکراوانی داعش لەکاتی لێکۆڵینەوەکان پارێزەریان نیەو ڕێگەنادرێ پەیوەندی بە خێزان و کەس و کاریانەوە بکەن تا ئەوکاتەی ماوەی لێکۆڵینەوە کۆتایی دێت.

سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق،زەیدان دانی نا بەوەی کە کەموکورتی هەیە لە دادگایکردنەکانی ناو دادگاکانی دژەتیرۆری نەینەوا وەك نەبوونی پارێزەر لەسەرتاسەری پرۆسەی لێکۆڵینەوەو نەبوونی پەیوەندی لە نێوان دەستگیرکراوان و خێزانەکانیان و ووتیشی کێشەکە لە جێبەجێ نەکردنی یاساکەوە سەریهەڵداوە.[113]

ماددەی ١٩ لە دەستووری عێراق و ماددەی ١٢٣ لە یاسای سزادانی عێراقی گەرەنتی مافی دەستگیرکراو لە هەبوونی پارێزەر دەدەن لەماوەی لێکۆڵینەوەو بیستنی کەیسەکەی.[114] بەڵام، بەپێی ووتەی وەزیری داد حیدر الزمیلی و دادوەرێکی باڵای دژەتیرۆر لە نەینەوا، بەرپرسان پارێزەریان بۆ هیچ گومانلێکراوێکی داعش دابین نەکردووە بۆ ئامادەبوون لەکاتی لێکۆڵینەوەکان، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسەی دادگایکردن لەلایەن دەوڵەتەوە پارێزەریان بۆ دیاری کراوە.

توێژەران تێبینی دوو دادگایکردنیان لە دادگایەکی دژەتیرۆری نەینەوا کرد کە تێیدا گومانلێکراوانی داعش پارێزەریان هەبوو کەلەلایەن دەوڵەتەوە بۆیان دەستنیشان کرابوو، بەڵام ڕوون نەبوو ئایا بەرلە دەستپێکردنی دادگایکردنەکە پارێزەرەکان چاویان بە گومانلێکراوەکان کەوتبوو. لەکاتی دادگایکردنەکەدا، پارێزەرەکان تەنانەت یەك جاریش قسەیان نەکرد لەکاتێکدا دادوەرەکەو فەرمانبەری نووسینەوەی دادەری ڕاستەوخۆ پرسیاریان لە تۆمەتباران دەکرد. جگە لە پارێزەری حکومی، هیومان ڕایتس ۆوچ تەنها ئاگاداری یەك ڕێکخراوی مرۆییە، کە ئەویش کۆمسیۆنی ڕزگارکردنی نێودەوڵەتیە (IRC) کە هاوکاری یاسایی بۆ دەستگیرکراوانی دژەتیرۆر لە بەغدادو نەینەوا دابین بکات ئەویش بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەو دەستگیرکراونەیە کە هەمان ناوی گومانلێکراوێکی ڕاستەقینەی داعشیان هەیە.[115]

---

[112] نەتەوە یەکگرتووەکان، "ستاندەردو یاسای مامەڵەکردن لەگەڵ زیندانیان،" ٣٠ی ئابی ١٩٩٥
https://www.unodc.org/pdf/criminal_justice/UN_Standard_Minimum_Rules_for_the_Treatment_of_Prisoners.pdf, rules 58 and 68 (accessed on November 5, 2017).

[113] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی فایەق زەیدان، بەغداد، ١٧ی تەموزی ٢٠١٧

[114] دەستووری عێراق، ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥
http://mofamission.gov.iq/documentfiles/IraqiConstitution.pdf art. 19 (accessed on November 6, 2017)
بڕگەی ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٧١ی یاسای سزادانی عێراقی وەك لە ١٤ی مارسی ٢٠١٠ گوڕانکاری تێدا کرا
http://gjpi.org/wp-content/uploads/gjpi-cpc-1971-v2-eng.doc, arts. 123 and 127 (accessed on November 6, 2017).

[115] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ ماریانا سۆلێکی ڕێکخەری پارێزگاریکردن لە کۆمیتەی ڕزگارکردنی نێودەوڵەتی، بەغداد، ١٧ی تەموز

دەستگیرکردنی گرووپێك لە پارێزەر لە مانگی تەمووز کە بەرگریان لە گومانلێکراوانی داعش لە دادگایەکی نەینەوا دەکرد بەهۆی کارەکانی ڕابردوویان لە بەرگریکردن لە گومانلێکراوانی داعش بەرلە حوزەیرانی ٢٠١٤ کاریگەری خراپی هەبووە لەسەر نوێنەرایەتیکردنی گومانلەکراوانی داعش لە دادگا.[116] دادوەرێکی باڵا بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت، لەدوای دەرچوونی فەرمانی دەستگیرکردنەکان پارێزەران مامەڵە لەگەڵ ئەو کەیسانەی داعش ناکەن کەلەو بڕوایەدان بەڕاستی پەیوەندیان بە داعشەوە هەبووە، لەبری ئەوە تەنها بەرگری لەو کەیسانە دەکەن کە بە هەڵە وەك گومانلێکراوی داعش دەستگیرکراون، عادەتەن وەك هاوشێوەیی لە ناودا.[117]

حیدە ر الزمیلی، وەزیری داد و دادوەرێکی دژەتیرۆر لە نەینەوا ووتیان کە بەپێی ستاندەردو یاسای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مامەڵە لەگەڵ زیندانیان، لەسەر بەرپرسان پێویستە ڕێگەی پەیوەندی و چاوپێکەوتن لە نێوان دەستگیرکراوان و خێزانەکانیان بدەن و خێزانەکانیان لە ڕەوشی دەستگیرکردنیان ئاگاداربکەنەوە.[118] بەڵام لە رووی کرداریەوە ڕێگە بە دەستگیرکراوانی تۆمەتبار بە یاسای دژەتیرۆر نەدراوە بە پەیوەندیکردن بە خێزان و کەس و کاریان لەماوەی لێکۆڵینەوەدا.[119]

سەبارەت بە یاسای سزادانی عێراقی کە لە ساڵی ٢٠١٠ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداچوونەوەو گوڕانکاری تێدا کرا، هەموو دەستگیرکراوێك بۆی هەیە داوای ڕاوێژکاری یاسایی لە دەوڵەت بکات.[120] بەڵام، هەموو ئەو ١٩ منداڵەی لە سەنتەری چاکسازی هەولێر هیومان ڕایتس ۆوچ لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٦ چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردن ووتیان لەکاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵیان پارێزەریان نەبووەو هیچ کامیان نەیانزانی کە ئایا دادگایکراون یان دادوەریان بینیووە.[121] جگەلەوەش، چوار پیاو کە بە گومانی داعش بوون لە بەندیخانەیەکی هەرێمی کوردستانی عێراق دەستگیرکرابوون و پاشان بەبێ هیچ تۆمەتێك ئازادکرابوون بە هیومان ڕایتس ۆوچیان ووت کە لەکاتی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش لەگەڵیان پارێزەر ئامادەنەبووە.

لە یاسای هەرێمی کوردستاندا مافی ئاگادارکردنەوەی خێزانی دەستگیرکراوان و چاوپێکەتن و پەیوەندی نەهاتووە، بەڵام بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریانداوە پابەندبن بەم مافانەوە.[122] لە

---

[116] عێراق: دەستگیرکردنی پارێزەران بەهۆی کارکردن لە دادگاکانی داعش،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ١٠ی ئابی ٢٠١٧ https://www.hrw.org/news/2017/08/10/iraq-lawyers-arrested-work-isis-courts.

[117] چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دادوەرێکی باڵای عێراقی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، ٨ی ئابی ٢٠١٧.

[118] نەتەوە یەکگرتوەکان، "ستاندەردو یاساکانی مامەڵکردن لەگەڵ زیندانیان،" ٣٠ی ئابی ١٩٩٥ https://www.unodc.org/pdf/criminal_justice/UN_Standard_Minimum_Rules_for_the_Treatment_of_Prisoners.pdf

[119] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دادوەرێك کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، حەمدانیە، ٦ی تەموزی ٢٠١٧ و چاوپێکەوتن لەگەڵ وەزیری داد حیدەر الزمیلی، بەغداد ٢ی شوباتی ٢٠١٧

[120] پرۆژەی دادوەری جیهانی: عێراق، "بڕگەی ٢٣ی یاسای سزادانی ساڵی ١٩٧١، (پێداچونەوەی لە ١٤ی شوباتی ٢٠١٠) لە هەرێمی کوردستانی عێراق http://gjpi.org/wp-content/uploads/gjpi-cpc-1971-kurdish-v2.doc, art. 53 (accessed on November 6, 2017).

[121] حکومەتی هەرێمی کوردستان: تۆمەتی ئەشکەنجەدانی منداڵان لەلایەن هێزە ئەمنیەکان،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ https://www.hrw.org/news/2017/01/29/krg-children-allege-torture-security-forces.

[122] ئیمەیڵی دکتۆر دیندار زێباری سەرۆکی کۆمیتەی باڵای پێداچونەوەو وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکان بۆسارا لی ویتسن بەڕێوەبەری هیومان ڕایتس ۆوچ بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا، ١٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ https://www.hrw.org/sites/default/files/supporting_resources/gl.2017.1.10.krg_response_to_hrw_findings_and_questions_on_the_treatment_of_child_terrorism_suspects.pdf.

چاوپێکەوتنەکانی هیومان ڕایتس ۆوچدا لەگەڵ ١٩ گومانلێکراوی منداڵی داعش تەنها حەوتیان ووتیان ڕێگەیان پێدراوە پەیوەندی بە خێزانەکانیانەوە بکەن.[123]

دەبێت بەرپرسان دڵنیایی ئەوە بدەن کە گومانلێکراوانی داعش لەماوەی ٢٤ کاتژمێری یەکەمدا دادوەر دەبینن وەك لە یاسای نیشتمانیدا هاتووەو مافی هەبوونی پارێزەریان هەیە لەتەواوی پرۆسەی لێکۆڵینەوەو ڕێگەیان پێ بدرێ پەیوەندی بە خێزانەکانیانەوە بکەن.

## ئەو گومانلێکراوانەی داعش کە منداڵن

بەرپرسانی عێراقی و هەرێمی کوردستان بە تۆمەتی ئەندام بوون یان چەکداری داعش چەندین منداڵیان بەندکردووەو دادگاییان دەکەن. لە مایسی ٢٠١٧، ستافی بەندیخانەیەکی نەینەوا ووتی، لانی کەم ٨٠ منداڵی گومانلێکراوی داعشیان لەهەمان ژووری ناو زیندانەکەکان لەگەڵ گەورەکان بەندکردووە.[124] لە کانوونی دووەمی ٢٠١٧، حکومەتی هەرێمی کوردستان ووتی کە لانی کەم ١٨٣ منداڵی گومانلێکراوی داعشیان لە سێ سەنتەری چاکسازی بۆ ژنان و منداڵان بەند کردووە.[125] شارەزایەکی نزیك لە سیستمی چاکسازی و بەندیخانەکان بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت، تا مانگی ئابی ٢٠١٧ بەرپرسانی حکومەتی عێراقی و هەرێمی کوردستان نزیکەی ١٠٠٠ کەسیان وەك گومانلێکراوی داعش دەستگیرکردووە کە تەمەنیان لە ١٨ ساڵ کەمتر بووە.[126]

مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە لەناو داعش بوون یان پەیوەندیان بە داعشەوە هەبووە ئاستەنگێکی گەورەیە بۆ عێراق. هەندێك لەم منداڵانە لە پشت ئەنجامدانی کاری توندوتیژیەوە بوون و لەهەمان کاتیشدا خۆیان قوربانی دەستی داعش بوون. مێژووی عێراق لە مامەڵەی خراپ لەگەڵ منداڵانی دەستگیرکراو گومانلێکراوانی داعش نیگەرانی زۆر دروست دەکات سەبارەت بە بارودۆخ و ژیانی ئەو منداڵانەی بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ داعش دەستگیرکراون. لەگەڵ ئەوەشدا، بەندکردنی منداڵ لە عێراق تەنها لەسەر بنەمای ئەندام بوون لەناو داعش ڕەنگە هاوتا نەبێ لەگەڵ پابەندیەکانی عێراق خۆی بە یاسا نێودەوڵەتیەکان.

لە مارسی ٢٠١٥، لیژنەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی منداڵ ووتی، ئەو منداڵانەی بە تۆمەتی تیرۆر لە عێراقدا دەستگیرکراون و لە شوێنی نایاساییدا بەندکراون و هەروەها ئەو منداڵانەی کەس و کاری گومانلێکراوی تیرۆرستیان هەیە معرزن بۆ دەستگیرکردنی بەهەڵەو بەندکردنیان بەبێ تۆمەت یان سزادانیان بە تاوانی پەردەپۆشکردنی کاری تیرۆریستی. لیژنەکە ئاماژەشی کرد بەوەی کە خێزانی

---

123 حکومەتی هەرێمی کوردستان: تۆمەتی ئەشکەنجەدانی منداڵان لەلایەن هێزە ئەمنیەکان،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ https://www.hrw.org/news/2017/01/29/krg-children-allege-torture-security-forces.

124 عێراق: بەسەدان زیندانی لە بارودۆخێکی خراپدان،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ١٣ی مارسی ٢٠١٧ https://www.hrw.org/news/2017/03/13/iraq-hundreds-detained-degrading-conditions.

125 حکومەتی هەرێمی کوردستان: تۆمەتی ئەشکەنجەدانی منداڵان لەلایەن هێزە ئەمنیەکان،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ https://www.hrw.org/news/2017/01/29/krg-children-allege-torture-security-forces.

126 ئیمەیڵی شارەزایەك کە نزیکە لە سیستمی بەندیخانەکان و داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ، ١١ی ئەیلولی ٢٠١٧

منداڵەکان ئاگادار نەکراونەتەوە لەدەستگیرکردنی منداڵەکانیان و کاتێك دەستگیرکراو تەمەنی بووە بە ١٨ ساڵ نێردراوە بۆ لەسێدارەدان.[127]

حکومەتی عێراقی و هەرێمی کوردستان سیستمی دادوەری تایبەتیان بە مێردمنداڵان هەیە. بەڵام، لە ماوەی لێکۆڵینەوەو دادگایکردندا هەموو ئەو منداڵانەی کە گومانلێکراون بە بوونی پەیوەندی لەگەڵ داعش لە سەنتەرەکانی ئەو سیستمەدا بەند ناکرێن. پارێزەرێك کە کار لەسەر کەیسی دەیان منداڵی تاوانبار بە یاسای دژەتیرۆر دەکات بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت، ژمارەیەك منداڵان بۆماوەی چەند مانگێکە لە بەندیخانەیەکی دژەتیرۆری پیاوان لە بەغدا بەندکراون و نەگوازراونەتەوە بۆ بەندیخانەی مێردمنداڵان. لەلایەکی ترەوە، بەندیخانەی سەرەکی مێردمنداڵانی شارەکە زیاتر لە دوو ئەوەندی توانای خۆیی منداڵی تێدایە.[128]

پەیماننامەو ستاندەردە نێودەوڵەتیەکان ئاماژە بە چەند ڕێکارێکی بنچینەی بۆ ئەو وولاتانە دەکەن کە لێپرسینەوەی یاسای لەو منداڵانە دەکەن تاوانیان ئەنجام داوە. لەوانە، دەبێت یەکەم جار بەرژەوەندی منداڵەکە ڕەچاو بکرێ لەگەڵ چاکسازیکردن و گەڕاندنەوەی منداڵەکە بۆ ناو کۆمەڵگا. دەبێت دەوڵەت هەموو ڕێگەچارەکانی تر تاقی بکاتەوە لەبری دەستگیرکردن و بەندکردن واتە دەبێت دەستگیرکردنیان وەك دوا ڕێگەچارە ڕەچاوبکرێت.[129] پێویستە دەستگیرکردن و بەندکردنی منداڵ لەماوەی پێویست زیاتر نەبێ و بە زوترین کات دەبێت کەیسەکەی چارەسەر بکرێت. لە کاتی بەندکردندا، منداڵ مافی هاوکاری یاسایی بەپەلەی هەیەو دەبێت لە شوێنێکی جیادا لە گەورەکان بەند بکرێن تەنها لە حاڵەتێکدا نەبێ ئەگەر ئەو بڕیارە لەبەرژەوەندی منداڵەکە نەبێت. لەکاتی بەندکردندا، منداڵ مافی پەیوەندیکردنی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیی هەیە چ لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفونی و چ لەڕێگەی سەردانەوە. جگەلەوەش، ئەو منداڵانەی لە ئازادی بێبەش دەکرێن مافی چاودێری و هاریکاری تایبەتیان هەیە وەك خوێندن و کۆرسی ڕاهێنان و چالاکی تری دلخۆشکەر.[130]

ئەو پێوەرو ستاندەردە و نەریتە نێودەوڵەتیانەی کە بۆئەو منداڵانە جێبەجێ دەکرێ کە تاوانیان ئەنجامداوە بەهەمان شێوە ئەو منداڵانەش دەگرێتەوە کە ڕەنگە لەکاری تیرۆرستیەوە تێوەگلابن.

گرووپێك لە شارەزا کە بۆ بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە ودەستنیشانکردنی کێشەکانی دادوەری مێردمنداڵان لە چوارچێوەی دژەتیرۆر کۆدەبنەوە ئاماژەدەکەن بە:

(دەبێت سیستمە تایبەتەکانی دادوەری بە مێردمنداڵان دەسەڵاتی سەرەکیان هەبێت بەسەر کەیسی ئەو منداڵانەشی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێ یان سزادراون بە تاوانی پەیوەندیدار بە تیرۆر. لە گرتنەبەری

---

[127] کۆمسیۆنی مافەکانی منداڵان لە نەتەوە یەکگرتووەکان، "دەرەنجامی تێڕوانینەکان لەسەر ڕاپۆرتێك لەلایەن عێراقەوە بەپێی ماددەی ٨ پەرەگرافی ١ لە پرۆتۆکۆڵی پەیماننامەی مافەکانی ئەو منداڵانەی لە ململانێی سەربازیەوە دەگلێن،"
CRC/C/OPAC/IRQ/CO/1, March 5, 2015, https://documents-dds-ny.un.org/doc/UNDOC/GEN/G15/043/49/PDF/G1504349.pdf?OpenElement (accessed June 21, 2016), para. 33

[128] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ (ناو ئاشکرا ناکرێت)، بەغداد، ١٩ی ئەیلولی ٢٠١٧

[129] عومەر قادر: دادگایکردنی سەربازی منداڵێك کە پێشتر سەرباز بووە، پرسیارو وەڵام،" پرسیارو وەڵامی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٠.
https://www.hrw.org/sites/default/files/related_material/Omar%20Khadr%20Q%26A.pdf

[130] Ibid.

هەر هەنگاوێك سەبارەت بە منداڵان، چ لەلایەن دامەزراوە كۆمەڵایەتیە گشتی و تایبەتەكان یان دادگا یان بەرپرسانی ئیداری و دەسەڵاتی یاسادانان بێت، دەبێت ڕەچاوكردنی باشترین بەرژەوەندی منداڵەكە ئامانجی سەرەكی بێت. دەبێت بایەخی تەواو بدرێ بە دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤێكی تر لەبری گرتنەبەری ڕێكاری یاسایی و دەستگیركردنیان. هەر ڕێگەیەك گیرایەبەر سەبارەت بە كەیسی منداڵەكە، دەبێت مەبەستەكە لێی گەڕاندنەوەی منداڵەكە بێت بۆ ناو كۆمەڵگا.)[131]

ئۆفیسی نوێنەری تایبەتی سكرتێری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ منداڵان و جەنگی چەكداری لە ساڵی ٢٠١١ ووتی، لەكاتی مامەڵەكردن لەگەڵ ئەو منداڵانەی لەناو گرووپە چەكدارەكان بوون،" هانی شێوازێكی گونجاوترو كاریگەرتر لەبەری بەندكردن و لێپرسینەوەی یاسایی دەدەین، دەبێت هاوكاری ئەو منداڵانە بكرێ لە تێگەیشتن لە ڕابردوویان و ئەو كارانەی ئەنجامیان داون."[132]

ڕێنماییە نێودەولەتیەكان كە بە "پرەنسیپەكانی پاریس" ناسراوە ڕێنمایی ڕوونی تێدایە سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ ئەو منداڵە بە چەكداركراوانەی تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی تاوان لەكاتی جەنگدا.[133] ڕێنماییەكان كە لە ساڵی ٢٠٠٧ بڵاوكراوەتەوەو لەلایەن ١٠٨ ووڵاتەوە پشتگیری لێكراوە دەڵێ، ئەو منداڵانەی تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی تاوان بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەكان لەكاتی بوونی پەیوەندیان بە هێز یان گرووپە چەكدارەكانەوە، دەبێت وەك قوربانی ئەو تاوانە نێودەوڵەتانە تەماشا بكرێن، نەك تەنها وەك تاوانبار. دەبێت بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەكان مامەڵەیان لەگەڵ بكرێ لە چوارچێوەی بەرقەراركردنی دادپەروەری و چاكسازی كۆمەڵایەتی بۆیان بە جۆرێك هاوتا بێت لەگەڵ یاسا نێودەوڵەتیەكان كە پێشنیازی پارێزگاری تایبەت بۆ منداڵان دەكات لەڕێگەی چەندین ڕێكەوتنامەو پرەنسیپەوە.[134]

هەروەها، گرووپێكی شارەزای تر بەناوی "كۆڕبەندی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر" داوا دەكات لێپرسینەوەی یاسایی لە منداڵان لەلایەن دادگاكانی مێردمنداڵانەوە ئەنجام بدرێ چونكە ئەم دادگایانە پێگەیەكی باشتریان هەیە لە دەستەبەركردنی مافەكانی منداڵ و تێڕوانینێكی باشتریان هەیە بۆ گەشەی منداڵ وەك لە دادگاكانی دژەتیرۆر.[135]

ئەو منداڵانەی كە تەنها تۆمەتیان ئەندام بوونە لەناو گرووپێكی وەك داعش و تاوانێكی دیاریكراویان ئەنجام نەداوە بارگرانیەكی تایبەت دروست دەكەن. لە ساڵی ٢٠١٧، ئەنتونیۆ گوتیرێرەس، سكرتێری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان ووتی، "داوا لە ووڵاتانی ئەندام دەكەم، لەكاتی ڕووبەڕووبوونەوەی توندڕەوی، وەك قوربانی

---

[131] كۆنفرانسی جیهانی دژەتیرۆر، "دەستپێشخەریەكان بۆ خستنەڕوی چارەسەر لە سوری ژیانی توندڕەویەوە بۆ توندوتیژی،" ئابی ٢٠١٦
https://www.thegctf.org/Portals/1/Documents/Toolkit-documents/English-Neuch%C3%A2tel-Memorandum-on-Juvenile-Justice.pdf (accessed on November 2, 2017).

[132] ئۆفیسی نوێنەری تایبەتی سكرتێری گشتی بۆ منداڵان و ململانێی چەكداری، "منداڵان و دادپەروەری لەكاتی پاشماوەی جەنگە چەكداریەكان،" ئەیلولی ٢٠١١
https://childrenandarmedconflict.un.org/publications/WorkingPaper-3_Children-and-Justice.pdf (accessed on November 2, 2017).

[133] یونیسێف: "پرەنسیپەكانی پاریس: پرەنسیپ و ڕێنماییەكان لەسەر ئەو منداڵانەی كە تێوەگلاون لە ململانێی چەكداری یان پەیوەندیان بە گرووپی چەكداری هەبووە،" شوباتی ٢٠٠٧
https://www.unicef.org/emerg/files/ParisPrinciples310107English.pdf (accessed September 17, 2017).

[134] عومەر قادر: دادگایكردنی سەربازی منداڵێك كە پێشتر سەرباز بووە، پرسیارو وەڵام،" پرسیارو وەڵامی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ١٥ی تشرینی یەكەمی ٢٠١٠.
https://www.hrw.org/sites/default/files/related_material/Omar%20Khadr%20Q%26A.pdf

[135] كۆنفرانسی جیهانی دژەتیرۆر، "دەستپێشخەریەكان بۆ خستنەڕوی چارەسەر لە سوری ژیانی توندڕەویەوە بۆ توندوتیژی،" ئابی ٢٠١٦
https://www.thegctf.org/Portals/1/Documents/Toolkit-documents/English-Neuch%C3%A2tel-Memorandum-on-Juvenile-Justice.pdf (accessed on November 2, 2017).

مامەڵە لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە تۆمەتبارن بە هەبوونی پەیوەندی بە هێزە چەکدارە ناحکومیەکانەوە بکەن و کاربکەن بۆ تەبەنیکردنی پرۆتۆکۆڵ بۆ ڕادەستکردنیان بەو لایەنە مەدەنیانەی پارێزگاری مافەکانی منداڵ دەکەن ئەمەش لەپێناو ئەولەویەت دانە بە گەڕانەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگا.[136]

نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی بۆ منداڵان و جەنگە چەکداریەکان لە ساڵی ٢٠١١ ڕایگەیاند، نابێت منداڵی سەرباز ڕێکاری یاسایی لەدژ بگیرێتەبەر "تەنها لەبەرەوەی پەیوەندی بە گرووپێکی چەکدارەوە هەبووە یان بەشداری لە جەنگ و دوژمنکاریدا کردووە".[137]

هەرچەندە، زۆرێك لە وولاتان نیگەرانن لەوەی کە ئەو منداڵانەی ئەندامی داعش بوون لە داهاتوودا هەڕەشە دروست دەکەن، بەڵام بەندکردن و لێپرسینەوەی یاسایی هەمیشە دەبێت وەك دوا ڕێگەچارە ڕەچاوبکرێ و مەبەست لەهەر سزادانێکیش بۆ چاکسازی و گەڕانەوەی منداڵەکە بێت بۆ ناو کۆمەڵگا.

دەبێت عێراق بیر لە ڕێگەچارەی تر بکاتەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو تاوانانەی لەلایەن منداڵانەوە ئەنجام دراوەو کەیسەکانیان بداتە بۆردێکی نا-دادوەری بەوەش دەتوانرێ ڕێگری لە کاریگەریە نەرێنیەکانی ڕێکارە یاساییەکان و تۆماری پێشینەی تاوان لەسەر منداڵان بکرێت. دەبێت عێراق هەستێ بە تێپەڕاندنی ئەو یاسایانەی کە بڕگەی تایبەتیان تێدایە لە جێبەجێ کردنی میکانیزم و بەدیلی لەم جۆرە. لەم بەدیلانەش وەك دوورکەوتنەوە لە توندڕەوی و خوێندن و هاوکاری دەروونی کە ئامانج لێیان گەڕانەوەی منداڵەکە بێ بۆ ناو کۆمەڵگە.

## ڕەوشی ناو بەندیخانەکان

هیومان ڕایتس ۆوچ بۆماوەی چەندین ساڵە ڕاپۆرت لەسەر قەرەباڵغی بێ ئەندازەو بارودۆخی خراپی ناو زیندانەکانی عێراق بڵاودەکاتەوە، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت لەسەر ڕەشبگیری و دەستگیرکردنی هەڕەمەکی بۆ ماوەی زیاتر لە دە ساڵە.[138] گوومانی تێدا نیە کە زیادکردنی هەزاران دەستگیرکراوی داعش بۆ ئەم بەندیخانانە کە خۆیان ڕەوشیان خراپەو قەرەباڵغیەکی زۆریان تێدایە فشارێکی زۆر زیاتر لەسەر سیستمەکە دروست دەکات. هەموو ئەو بەندیخانانەی کە توێژەران سەردانیان کرد قەرەباڵغیەکی زۆریان تێدا بوو. لە نەینەوا، دوو بەندیخانە سەرەکیەکەی حکومەت لەناوەو دەرەوەی موسڵ بەهۆی شەڕەوە وێران بووە. بۆیە، لەبەرنەبوونی بەندیخانەی فەرمی، ڕەوشی ناو زیندانەکانی موسڵ زۆر خراپەو دەستگیرکراوان بۆ ماوەیەکی زۆر لەناو ئەو زیندانانە دەمێننەوە کە دەبێت بۆماوەیکی کاتی تێیدا دەبن. لەبەرەوەی هەردوو یاسای دژەتیرۆر بەندکردنی هەتاهەتایی و سزای لە سێدارەدانی تێدایە، فشارو بارگرانی تاوانبارانی داعش لەسەر سیستمی بەندیخانەکان بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە. دەبێت حکومەتی

---

[136] ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، "ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی: منداڵان و ململانیە چەکداریەکان

A/72/361–S/2017/821, August 24, 2017, http://www.un.org/ga/search/view_doc.asp?symbol=A/72/361&Lang=E&Area=UNDOC (accessed on November 2, 2017) para. 237.

[137] ئۆفیسی نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی بۆ منداڵان و ململانێی چەکداری، "منداڵان و دادپەروەری لەکاتی پاشماوەی جەنگە چەکداریەکان،" ئەیلولی ٢٠١١

https://childrenandarmedconflict.un.org/publications/WorkingPaper-3_Children-and-Justice.pdf (accessed on November 2, 2017).

[138] تەماشای ڕاپۆرتی هیومان ڕایتس ۆوچ لەسەر عێراق بکە لە ماڵپەڕی

https://www.hrw.org/middle-east/n-africa/iraq

عێراق: بەسەدان زیندانی لەبارودۆخی زۆر خراپدان،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ١٣ی مارسی ٢٠١٧

https://www.hrw.org/news/2017/03/13/iraq-hundreds-detained-degrading-conditions.

عێراقی و لایەنە نێودەوڵەتی پشتگیری لە بنیاتنانەوەی زیندانەکانی موسڵ بکەن تا بەرپرسان بتوانن بە زووترین کات دەستگیرکراوان بگوازنەوە ناو ئەم بەندیخانانە.

لە مارسی ٢٠١٧، توێژەرانی هیومان ڕایتس ۆوچ تێبینی خراپی ڕەوشی ناو ئەو بەندیخانە کاتیانەیان کرد کە بەرپرسانی عێراقی بەشێك لە گومانلێکراوانی داعشیان لە نەینەوا لەو شوێنانەدا بەندکردووە. توێژەران تێبینیان کرد نزیکەی ١٢٠٠ گومانلێکراوی داعش لە چەند ماڵێکی چۆڵکراو بنکەکانی پۆلیسی شارۆچکەی گەیارە کە بەدووری ٦٠ کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری موسڵ و شارۆچکەی حەمام عەلیل بە دووری ٣٠ کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری موسڵ بەندکراون و ڕەوشی ناو ئەم زیندانانە زۆر خراپەو قەرەباڵغیەکی زۆری تێدایەو ناو زیندانەکان زۆر پیسن. زۆرینەی دەستگیکراوەکان پیاو کوڕ بوون و پێکەوە بەندکرابوون بەبێ دادگایکردن و خزمەتگوزاریەکی سنووورداری تەندرووستی. هیومان ڕایتس ۆوچ سەردانی ژوورێکی زیندانەکەی کرد ڕووبەرەکەی ٤بە٦ بوو کە بۆماوەی ٤ مانگ بوو ١١٤ دەستگیرکراوی تێدا بوو. دەستگیرکراوەکان بواری چوونەدەرەوی ئاسایان لە ژوورەکان و خۆشۆردنیان نەبوو. لەو ژوورەی نانیان تێدا دەخوارد یەك تەوالێتی تێدابوو بۆ بەکارهێنان. پەنجەرەکان بە خشت هەڵچنرابوون و گەرماو هاڵاوی ناو ژوورەکە بێ ئەندازە بوو. بەپێی ووتەی ستافی بەندیخانەکە، لانی کەم ٤ کەس مردبوون لەبەر نەبوونی چاودێری تەندروستی و پاك و خاوێنی.[139]

[139] عێراق: بەسەدان زیندانی لەبارودۆخی زۆر خراپدان،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ١٣ی مارسی ٢٠١٧ https://www.hrw.org/news/2017/03/13/iraq-hundreds-detained-degrading-conditions.

لە سەردانی دووەمدا، توێژەران تێبینیان کرد کە ڕەوشی ناو زیندانەکان باشتر بوو، وەك دانانی ئامێری ساردکەرەوەو پاك و خاوێنی ئەمەش لەدوای بڵاوبونەوەی چەند ڕاپۆرتێك بووە دەربارەی بارودۆخی ناو ئەو زیندانانە، بەڵام هێشتا هەر نامرۆیانە بوو ڕەووشەکە.[140] لە ئەیلولی ٢٠١٧، دادوەرێکی دژەتیرۆر لە نەینەوا ووتی، بەرپرسانی عێراقی لە ئێستادا ٥٥٠٠ گومانلێکراوی داعشیان لەم زیندانە قەرەباڵغانەدا بەندکردووە.[141]



*گردۆڵکەیەك لە دەبەی ئاوی خواردنەوە کە پڕبوون لە میز لە دەرەوەی کونی ژووری زیندانێکی ٣بە٤ کە ٣٨ زیندانی تێدابوو.*
**©Belkis Wille/Human Rights Watch**

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە بەبەڵگەکراوانەی هیومان ڕایتس ۆوچ لەسەر ڕەوشی ناو زیندانەکانی گەیارەو حەمام عەلیل کردبووی، بارودۆخ لەناو ئەو زیندانانە مەترسیدارەو گونجاو نیە بۆ مانەوەی دەستگیرکراو تێیاندا بۆماوەیکی دورودرێژو ئەم زیندانانە هیچ بنەمایەکی سەرەتای ستاندەردە نێودەوڵەتیەکانیان تێدا نیە. بۆیە سەرئەنجام، بەندکردنی دەستگیرکراو لەم شوێنانەدا دەچێتە خانەی مامەڵەی خراپ لەگەڵ زیندانیان. ڕەوشی ناو ئەم زیندانانەو کەمی لەرادەبەدەری کارمەندانی ناو زیندانەکان، مەترسیەکی گەورە لەسەر ژیانی بەندکراوان و ئیدارەی بەندیخانەکەو دانیشتوانی ناوچەکەش دروست کردووە.

لە هەرێمی کوردستانیش ڕەوشی ناو زیندانەکان بۆ گومانلێکراوانی داعش جێگەی نیگەرانیە. توێژەرانی هیومان ڕایتس ۆوچ توانیان لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٦ سەردانی سەنتەری چاکسازی بۆ ژنان و منداڵانی گومانلێکراو بە بوونی پەیوەندی لەگەڵ داعش بکەن. تێبینی قەرەباڵغیەکی زۆریان کرد بە جۆرێك کە لە شەش ئەوەندەی توانای خۆی زیاتر زیندانی تێدا بوو. جل و بەرگ و بەتانی تەواوی تێدا نەبوو لەگەڵ کەم وکورتیەکی زۆر لە هاوکاری دەروونی بۆ خەڵکانێك کە بارودۆخی دەروونیان زۆر خراپە.[142] بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هێشتا مۆڵەتیان نەداوەتە توێژەرانی هیومان ڕایتس ۆوچ بۆ سەردانکردنی بەندیخانەی پیاوانی گومانلێکراوانی داعش.

---

140 بێسەن مەکارنەن، "دەرکەوتنی وێنەی شۆککەر کە تێیاندا گومانلێکراوانی چەکداری داعش لە زیندانی زۆر قەرەباڵغدا وەك لە قەفەزی مریشکدا بن بەندکراون،" ئیندیپێندنت، ١٨ی حوزەیرانی ٢٠١٧ http://www.independent.co.uk/news/world/middle-east/isis-fighters-prison-photos-crowded-chicken-factory-images-iraq-mosul-a7849686.html (accessed August 7, 2017).

141 ئیمەیڵی دادوەرێکی عێراقی بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ، ٢٣ی ئابی ٢٠١٧

142 حکومەتی هەرێمی کوردستان: تۆمەتی ئەشکەنجەدانی منداڵان لەلایەن هێزە ئەمنیەکان،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ https://www.hrw.org/news/2017/01/29/krg-children-allege-torture-security-forces.

دەبێت بەرپرسانی ئەینەوا ئەولەویاتی بەپەلە بدەن بە بنیاتنانەوەی هەردوو بەندیخانەکەی موسڵ چونکە تەنها بەندیخانەن گونجاون بۆ ئەو مەبەستە. دەبێت بەرپرسان هەستن بە گواستنەوەی هەموو زیندانیەکانی ئەینەوا بۆ بەندیخانە فەرمیەکان کە بەپێی ستاندەردە نێودەوڵەتیەکان دروست کرابێ و منداڵان لەگەڵ گەورەکان بەند نەکرێن. تا ئەو کاتەی ئەمە ئەنجام دەدرێ، دەبێت وەزارەتەکانی ناوخۆو داد وەك ئەرکێکی بەپەلە هەستن بە باشکردنی ڕەوشی ناو زیندانەکان. دەبێت لەگەڵ گەیشتنی دەستگیرکراو بۆ بەندیخانە پشکنینی تەندروستیان بۆ بکرێ و ئەم وەزارەتانە دڵنیایی بدەن لە هەبوونی چاودێری تەندروستی بۆیان. دەبێت ئەو لایەنە نێودەوڵەتیانەی پشتگیری لە عێراق دەکەن پشتگیری لە هەوڵەکانی بنیاتنانەوەی زیندانەکانی موسڵ بکەن و دڵنیابن لەوەی کە مافە بنەڕەتیەکانی زیندانی ڕێزی لێ دەگیرێ. لەکاتێکدا کۆمسیۆنی نێودەوڵەتی خاچی سوور بەردەوام ڕێگەی سەردانکردنی ئەم زیندانانەی پێدەدرێ، بەپێی ووتەی کارمەندانی بەندیخانەکە، هیومان ڕایتس ۆوچ و چاودێرانی تری سەربەخۆ ڕێگیریان لێکرا لەلایەن چەند بەرپرسێکەوە کە سەردانی ئاسای بۆئەم بەندیخانانە بکەن و توێژەران ڕێگەیان پێنەدرا چاوپێکەوتن لەگەڵ بەندکراوان بکەن.

دەبێت بەرپرسان دڵنیایی بدەن لەوەی کە پشکنەرانی حکومی و چاودێرانی نێودەوڵەتی بۆ ڕەوشی زیندانەکان ڕێگەی سەردانکردنی هەموو زیندانانەیان هەبێت کە بەندکراویان تیادایە، هەروەها ڕێگای ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی بێ چاودێری لەگەڵ بەندکراوان بدرێت. دەبێت دادوەران فەرمانی ئازادکردنی ئەو زیندانیانە یان ئەو دەستگیرکراوانە بدەن کە لە ڕەوشی نامرۆڤانەدا بەندکراون.

## مامەڵەی خراپ لەگەڵ زیندانیان

هەرچەندە، هیومان ڕایتس ۆوچ نەیتوانی بگاتە ئەو دەرەنجامەی کە تا چەند بەرپرسانی عێراقی و هەرێمی کوردستان مامەڵەی خراپ یان ئەشکەنجەی گومانلێکراوانی داعش لە بەندیخانەکان دەدەن بەهۆی ڕێگەنەدان بە توێژەران بۆ بینینی زیندانیەکان. بەڵام، هیومان ڕایتس ۆوچ و گرووپەکانی تر لە ڕابردوودا ڕاپۆرتیان لەسەر ئەشکەنجەدان و مامەڵەی خراپی تر لە زیندانەکانی عێراقدا بەبەڵگە کردووە.[143]

ماددەی ٣٧(١) لە دەستووری عێراقی دەڵێ "هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکی دەروونی و جەستەیی و مامەڵەی نامرۆڤانە قەدەغیە،"و "هەر دانپێنانێك لەژێر فشاری هەڕەشەو ئەشکەنجەدا کرابێ نابێ پشتی پێببەسترێ و دەبێت قوربانیەکە مافی داواکردنی قەرەبووی هەبێ بەپێی یاسا بەهۆی لەکەدارکردنی کەرامەت و ماڵی."[144] هەروەها یاسای سزادانی عێراقیش ئەشکەنجە قەدەغە دەکات و بەپێی ئەم یاسایە

[143] هیومان ڕایتس ۆوچ، عێراقی نوێ؟ ئەشکەنجەو مامەڵەی خراپی دەستگیرکراوانی لای حکومەتی عێراقی، ٢٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥
https://www.hrw.org/sites/default/files/reports/iraq0105.pdf; Human Rights Watch
هیومان ڕایتس ۆوچ، "دەربازبوون لە ئەشکەنجەدان،" بەرپرسیارێتی فەرماندەیی بۆ پێشێلکاری هێزەکانی ئەمریکا لەدژی دەستگیرکراوان،" ٢٣ی نیسانی ٢٠٠٥.
https://www.hrw.org/sites/default/files/reports/us0405.pdf;
هیومان ڕایتس ۆوچ، ژمارەی پێشلکاریەکانی دژ بە دەستگیکراوان و پرۆژەی لێپرسراوێتی، ٢٥ی نیسانی ٢٠٠٥
https://www.hrw.org/sites/default/files/reports/ct0406webwcover.pdf
ئەشکەنجەدان و بێبەشکردنی مافە یاساییەکان لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی کوردستانەوە، ٢ی تەموزی ٢٠٠٧
https://www.hrw.org/sites/default/files/reports/kurdistan0707webwcover.pdf
مامەڵەی خراپی ژنان لە سیستمی دادوەری عێراق، ٦ی شوباتی ٢٠١٤
https://www.hrw.org/sites/default/files/reports/iraq0214webwcover.pdf.

[144] ماددەی ٣٧ی دەستووری عێراقی
https://www.constituteproject.org/constitution/Iraq_2005.pdf?lang=en (accessed on November 6, 2017).

دادوەران ناتوانن پشت بە دانپێنانێك ببەستن كە بە ئەشكەنجە لە دەستگیركراو دەرهێنرابێ.[145] بەڵام یاساكە بە ڕوونی ئاماژە بەوە ناكات ئایا بەڵگەی تر كە لە ڕێگەی ئەشكەنجەدانەوە دەستكەوتووە پشتی پێدەبەسترێ یان نا.

یاسای عێراقی ووردەكاری ناخاتەڕوو سەبارەت بەوەی چۆن لێكۆڵینەوە لە تۆمەتی ئەشكەنجەدان بكرێت، بەڵام بەپێی ووتەی دادوەرانی دژەتیرۆر، كاتێك بەرگریكار دەڵێ لەكاتی لێكۆڵینەوەدا ئەشكەنجەدراوە، دەبێت دادوەر فەرمانی پشكنینی تەندروستی و جەستەیی بۆ دەستگیركراو بكات لە پێناو هەڵسەنگاندنی بانگەشەكەی و ناردنی كەیسەكەی بۆ دادگایەكی باڵاتر بۆ پێداچوونەوە.[146]جگە لەوەش،، یاسای لێبووردنە گشتیەكە ماف دەداتە ئەو دەستگیركراوانەی دەڵێن لەسەر بنەمای دانپێنانێك تاوانبار كراون كە لە ڕێگەی ئەشكەنجەدانەوە لێیان دەرهێنراوە لە پێشكەشكردنی داواكاری بۆ دووبارە دادگایكردنەوە.[147]

لەكاتی نووسینی ئەم ڕاپۆرتەدا، پەرلەمانی عێراق تاوتوێی تێپەڕاندنی یاسایەكی نوێی لەدژی ئەشكەنجەدان دەكرد. لەم پرۆژە یاسایەدا هاتووە دەبێت دادوەر فەرمانی پشكنینی تەندروستی بۆ هەر دەستگیركراوێك دەربكات كە بانگەشەی ئەوە دەكات ئەشكەنجەدراوە لەماوەی ٢٤ كاتژمێری یەكەمی بانگەشەكەیدا.[148] هەروەها پێشنیازی سزا بۆ ئەو كەسانە دەكات كە هەڵدەسن بە ئەشكەنجەدان و داوا لە دادوەران دەكات هەموو بەڵگەكانی ئەو كەیسانە پوچەڵ بكەنەوە كە لەڕێی ئەشكەنجەوە كۆكراونەتەوەو ئەشكەنجەدەر لە كەیسەكە دووربخرێتەوە، هەروەها پرۆژە یاساكە پێویستی دەكات كە لەسەرتاسەری ماوەی لێكۆڵینەوەدا دەستگیركراو پارێزەری هەبێ و ئامادەبێت.[149]

بەڵام، لە لانی كەم لە یەك كەیسدا دەردەكەوێ ئەم برگانە پێشێل كراون. دادوەرێكی نەینەوا بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت، "زۆرێك" لە گومانلێكراوانی داعش لەدادگاكەیدا بانگەشەی ئەوە دەكەن ئەشكەنجەدراون و فەرمانی پشكنینی پزیشكی دەركردووە بۆ هەریەك لەو كەیسانە، بەڵام ووردەكاری لەسەر دەرەنجامەكەی نەدا. ووتیشی كە فەرمانی لێكۆڵینەوە یان سزادانی هیچ لێكۆڵەرێكی نەداوە بەهۆی بانگەشەكانی ئەشكەنجەدان، هەرچەندە دانی بەوەدانا كە ڕۆڵی ئەو بووە لێكۆڵینەوە بكات لەهەموو كارێكی خراپ كە لەلایەن لێكۆڵەران ئەنجام دراون.[150] بەرپرسانی عێراقی ڕێگەیان نەدا بە هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێكەوتن لەگەڵ گومانلێكراوانی داعش بكات لەكاتی سەردانەكاندا بۆ دادگاكان و بەندیخانەكان بۆ نووسینی ئەم ڕاپۆرتە. بەڵام سێ كەس كە ڕێگەی بینینی دەسیگیركراوەكانیان هەیە لە بەغداو نەینەوا ووتیان، ئەشكەنجەدانی گومانلێكراوانی داعش زۆر بەربڵاوەو زۆرجار بۆ ناچاركردنیانە بە دانپێنانی زۆرەملێ.

---

[145] برگەی ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٧١ی یاسای سزادانی عێراقی
, http://gjpi.org/wp-content/uploads/gjpi-cpc-1971-v2-eng.doc, art. 127 (accessed on November 6, 2017
حكومەتی هەرێمی كوردستان: تۆمەتی ئەشكەنجەدانی منداڵان لەلایەن هێزە ئەمنیەكان،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٢٩ی كانوونی دووەمی ٢٠١٧
https://www.hrw.org/news/2017/01/29/krg-children-allege-torture-security-forces.

[146] چاوپێكەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دادوەر ڕیاض جەعفەرو جەبار حسین، بەغداد، ١٩ی تەموزی ٢٠١٧

[147] یاسای لێبووردنی گشتی، ئابی ٢٠١٦، (ژمارە ٢٧\٢٠١٦)،
http://www.iraq-lg-law.org/ar/webfm_send/1629, art. 9.

[148] یاسای دژبە ئەشكەنجەدان، ٢٠١٧، لە فایلی هیومان ڕایتس ۆوچدایە، ماددەی ٤

[149] Ibid. arts. 6, 7, 14.

[150] چاوپێكەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دادوەرێك كە داوای كرد ناوی ئاشكرا نەكرێت، حەمدانیە، ٦ی تەموزی ٢٠١٧

هەروەها، نیگەرانی هەیە لەوەی کە گومانلێکراوانی داعش لە زیندانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا ڕووبەڕووی ئەشکەنجەدان و مامەڵە خراپ ببنەوە. هیومان ڕایتس ۆوچ بانگەشەی ئەشکەنجەدانی گومانلێکراوانی داعشی لەلایەن هێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەبەڵگە کردووە. لە کۆی ئەو ١٩ منداڵە گومانلێکراوەی داعش کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەندکراون و هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردن حەڤدەیان ووتیان، هێزەکانی ئاسایش ئەشکەنجەیان داون لەپێناو ناچارکردنیان بە دانپێنان.[151] بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هێشتا ڕێگەیان نەداوە بە توێژەران پیاوە گومانلێکراوەکانی داعش ببینن.

یاسای سزادانی عێراقی کە لەساڵی ٢٠١٠ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداچونەوەو گۆڕانکاری تێدا کرا، دانپێنانی زۆرەملێ قەدەغە دەکات.[152] بەڵام کارمەندێکی مرۆیی نێودەوڵەتی کە زانیاری لەسەر کەیسەکانی دژەتیرۆر هەیە ووتی، لە کاتێکدا ئەشکەنجەدانی گومانلێکراوانی داعش لەکاتی لێکۆڵینەوەدا زۆرە، هێشتا دادوەرێکیان نەبینیووە فەرمانی پشکنینی پزیشکی بۆ دەستگیرکراوێکی داعش دەربکا کە بانگەشەی ئەشکەنجەدانی کردووە.[153] زیاد لەوەش، بەپێی قسەی ووتەبێژێکی حکومەتی هەرێم، لەگەڵ گەیشتنی دەستگیرکراوان بۆ بەندیخانەکان، دەستگیرکراوان تەنها پشکنینی پزیشکیان بۆ نەخۆشیە درێژخایەنەکان و گوازراوەکان بۆ دەکرێ.[154] ئەو ووتەبێژە ووتی لە کانوونی دووەمی ٢٠١٧ حەوت دەستگیرکراو بانگەشەی ئەوەیان کردبوو کە لە زینداندا مامەڵەی خراپیان لەگەڵ کراوە، بەڵام دواتر بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت  هیچ لێپرسینەوەیەکی یاسایی لەدژی هیچ بەرپرسێك لەوبارەیەوە نەکراوە.[155] یاسای دژەتیرۆری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ دەبێت دادوەران ئەو کەیسانە وەلابنێن کە دانپێنانی زۆرەملێی تێدایە تەنها لەحاڵەتێکدا نەبێت ئەگەر بە بەڵگەی تر پشتڕاست بکرێتەوە.[156]

دەبێت بەرپرسان هەموو هەنگاوێك بنێن لەپێناو ڕێگری کردن لە ئەشکەنجەدان و ڕێگە بە توێژەرانی هیومان ڕایتس ۆوچ و لایەنە نێودەوڵەتیەکانی تر بدەن بۆ سەردانکردنی شوێنەکانی لێکۆڵینەوەو زیندانەکان و چاوپێکەوتنی بێ چاودێری لەگەڵ دەستگیرکراوان. دەبێت ئەنجوومەنەکانی باڵای دادوەری وئەنجوومەنەکانی دادووەری کورد ڕێنمایی بدەنە هەموو دادوەرەکان لە وەستانی ئەو دادگایکردنانەی کە تێیاندا دەستگیرکراوان بانگەشەی مامەڵەی خراپ لەگەڵیان دەکەن و لێکۆڵینەوەیەکی تەواو سەربەخۆ لە تۆمەتەکان ئەنجام بدەن و ئەو کەیسانە وەلابنێن کە دانپێنانی زۆرەملێی تێدا کراوە. دەبێت بەرپرسان هەستن بە بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر ژمارەی ئەو بانگەشانەی لەلایەن دەستگیرکراوان کراوە سەبارەت بە مامەڵەی خراپ و ژمارەی ئەو بەپرسانەی حکومەت کە ڕێوشوێنیان لەدژ گیراوەتەبەر لەدوای لێکۆڵینەوە لەو تۆمەتانە.

---

[151] حکومەتی هەرێمی کوردستان: تۆمەتی ئەشکەنجەدانی منداڵان لەلایەن هێزە ئەمنیەکان،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ https://www.hrw.org/news/2017/01/29/krg-children-allege-torture-security-forces.

[152] پرۆژەی دادوەری جیهانی: عێراق، "بڕگەی ٢٣ی یاسای سزادانی ساڵی ١٩٧١، (پێداچونەوەی لە ١٤ی شوباتی ٢٠١٠) لە هەرێمی کوردستانی عێراق http://gjpi.org/wp-content/uploads/gjpi-cpc-1971-kurdish-v2.doc, art. 53 (accessed on November 6, 2017).

[153] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ کارمەندێکی مرۆیی نێودەوڵەتی کە داوای کرد ناوی ئاشکرا نەکرێ، هەولێر، ٥ی تەموزی ٢٠١٧

[154] ئیمەیڵی دکتۆر دیندار زێباری سەرۆکی کۆمیتەی باڵای پێداچونەوەو وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکان بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ، ٦ی ئەیلولی ٢٠١٧

[155] ئیمەیڵی دکتۆر دیندار زێباری سەرۆکی کۆمیتەی باڵای پێداچونەوەو وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکان بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ، ١٠ی ئەیلولی ٢٠١٧ https://www.hrw.org/sites/default/files/supporting_resources/gl.2017.1.10.krg_response_to_hrw_findings_and_questions_on_the_treatment_of_child_terrorism_suspects.pdf.

[156] یاسای دژەتیرۆر لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦.

## سزای لەسێدارەدان

لە مێژە عێراق یەکێك بووە لەو وولاتانەی جیهان کە زۆرترین ڕێژەی لەسێدارەدانی تێدا بووە و لەڕیزبەندیەکەدا بە چوارەم وولات دێت لەپاش چین و ئێران و سعودیە.[157] یاسای عێراقی ڕێگە بە سزای لەسێدارەدان بۆ زنجیرەیەك تاوان دەدات بە تاوانەکانی پێشێلکردنی یاسای دژتیرۆریشەوە بۆ خەڵکانی تەمەن گەورە. لە هەرێمی کوردستان، بەپێی ووتەی ووتەبێژەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەت بڕیارەکەی ساڵی ٢٠٠٨ ی لە هەڵپەساردنی سزای لەسێدارەدان جێبەجێ دەکات، بڕیارەکە سزای لەسێدارەدان قەدەغە دەکات "تەنها لە چەند حاڵەتێکی زۆر کەمدا نەبێ کە بەگرنگ دادەنرێ" وەك تاوانبار بە کاری تیرۆرستی."[158]

بەپێی ماددەی ٢٢٤ لە یاسای سزادانی عێراقی، هەموو ئەو کەیسانەی سزای لەسێدارەدانیان هەیە ئۆتۆماتیکیەن ڕەوانەی دادگای باڵای پێداچوونەوەی فیدراڵی لە بەغدا دەکرێن بۆ پێداچوونەوەو دوا بڕیار لە کەیسەکانیان لەماوەی ١٠ ڕۆژدا.[159]

لە ئێستادا، بەرپرسانی حکومەتی عێراقی چەندین سزای لە سێدارەدان جێبەجێ دەکەن بەبێ بڵاوکردنەوەی هیچ ژمارەیەکی فەرمی.[160] هیومان ڕایتس ۆوچ ئاگادارە لە لانی کەم لە ٩٢ کەیسی لەسێدارەدانی ئەندامانی داعش.[161] لە ٢ی ئاب، ئەنجومەنی باڵای دادوەری بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوەو تێیدا ڕایگەیاند کە دادگای دژەتیرۆری نەینەوا بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ چوار گومانلێکراوی داعش دەرکردوە کە سیانیان پۆلیسی داعش بوون و یەکێکیان بەرپرسیار بووە لە بەسەربازکردنی چەکدار بۆ گرووپەکە.[162] دادوەرێکی دادگاکە لە ٢٧ی ئەیلول بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت، تا ئەو کاتە بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ ٢٠٠ کەیس دەرکردووە.[163] سروشتی خێرایی دادگایکردنەکان لە دادگای نەینەوا و تەواوکردنی قۆناغی بیستنی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی ٥٥٠٠ کەیسی گومانلێکراوی داعش لەماوەی شەش مانگدا کە ئێستا لە قۆناغی دادگاییدان ئەو نیگەرانیانە زیاد دەکات کە ڕەنگە ژمارەیەکی زۆر لە بڕیاری سزای لەسێدارەدان دەربکرێ سەرەڕای کەموکورتی جدی لە پرۆسەی یاسایی و دادوەری.

---

[157] "سزای لە سێدارەدان لە ساڵی ٢٠١٦: ژمارەکان و ڕاستیەکان،" هەواڵی بڵاوکراوەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، ١١ی نیسانی ٢٠١٧
https://www.amnesty.org/en/latest/news/2017/04/death-penalty-2016-facts-and-figures/ (accessed on October 27, 2017).

[158] سزای لەسێدارەدان لە کوردستان: زیاتر لە ٢٥٠ تاوانبار سزای لە سێدارەدانیان هەیە،" ڕووداو، ١٤ی مارسی ٢٠١٧
http://www.rudaw.net/english/kurdistan/140320174 (accessed on August 7, 2017);
ئیمەیڵی دکتۆر دیندار زێباری سەرۆکی کۆمیتەی باڵای پێداچونەوەو وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکان بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ، ٦ی ئەیلولی ٢٠١٧

[159] پرۆژەی دادوەری جیهانی: عێراق، "بڕگەی ٢٣ی یاسای سزادانی ساڵی ١٩٧١، (پێداچونەوەی لە ١٤ی شوباتی ٢٠١٠) لە هەرێمی کوردستانی عێراق
http://gjpi.org/wp-content/uploads/gjpi-cpc-1971-kurdish-v2.doc, art. 53 (accessed on November 6, 2017).

[160] مورتەزا داسیری، "ڕاپۆرتی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق لە مانگی تەموز بۆ کانوونی یەکەمی ٢٠١٦،" نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، ٣٠ی ئابی ٢٠١٧.
http://www.uniraq.org/index.php?option=com_k2&view=item&id=7853:report-on-human-rights-in-iraq-july-to-december-2016&Itemid=650&lang=en (accessed on November 2, 2017)
بەیاننامە لەلایەن وەزارەتی دادی عێراق لەسەر پەیجی فەرمیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووك، ٦ی تەموزی ٢٠١٧.
https://www.facebook.com/276686282715100/photos/a.276728569377538.1073741828.276686282715100/443694919347568/?type=3&theater (accessed on August 7, 2017).

[161] عێراق: گولەبارانەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە تکریت،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٩ی ئەیلولی ٢٠١٤
https://www.hrw.org/news/2014/09/02/iraq-islamic-state-executions-tikrit
"عێراق ٤٢ چەکداری سوونە لەسێدارەدەدات کە تاوانباربوون بە تیرۆر،" ڕۆیتەرز، ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧
http://uk.reuters.com/article/uk-mideast-crisis-iraq-execution/iraq-hangs-42-sunni-militants-convicted-of-terrorism-idUKKCN1C01Q0 (accessed on October 18, 2017

[162] دادگای سزاکانی نەینەوا :سزای لەسێدارەدانەکانی بۆ چەکدارەکانی داعش،" ٢٢ی ئابی ٢٠١٧
http://www.nrttv.com/En/Details.aspx?Jimare=16168 (accessed on October 27, 2017

[163] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دادوەرێك کە داوای کردبوو ناوی بڵاونەکرێتەوە، تل کیف، ٢٧ی ئەیلولی ٢٠١٧

یاسای سزادانی عێراقی سزای لە سێدارەدان بۆ منداڵان قەدەغە دەکات.[164] بەڵام سەرۆك وەزیران عەبادی لە ١٦ی ئەیلول ووتی، دادوەران لە پرسی تاوتوێکردنی بڕیارێکن لەسەر ئەوەی ئایا سزای لەسێدارەدان بسەپێنن بەسەر ئەو کچە ئەڵمانیەی کەلەلایەن هێزە عێراقیەکان لە موسڵ دەستگیرکرا بە تاوانی پەیوەندیکردن بە داعش بەپێی یاسای دژە تیرۆر.[165] لەناوەڕاستی مانگی ئەیلول،بەرپرسانی دادگای ناوەندی تاوانەکانی بەغدا بەپێی یاسای دژەتیرۆرو بە تاوانی ئەندام بوون لەناو داعش بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ پیاوێکی ڕووسی دەرکردو بڕیارەکەش جێبەجێکراوە.[166]

هیومان ڕایتس ۆوچ بە هەموو شێوەیەك و لە هەموو ووڵاتێکدا دژی سزای لە سێدارەدانە. سزای لەسێدارەدان بێهاوتایە لە دڕندەی و کۆتابڕیاری و سەپاندنی ئەم سزایە بە شیوەیەکی جیهانیانە و حەتمیانە پڕە لە نارەوایەتی و هەڵە و ڕق وکینە. زۆرینەی ووڵاتەکانی جیهان کۆتاییان بە سزای لە سێدارەدان هێناوە. لە ساڵی ٢٠١٢، ئەنجوومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لە ووڵاتان کرد هەستن بە هەڵپەساردنی سزای لە سێدارەدان و سنووردارکردنی و کەمکردنەوەی ئەو تاوانانەی کە سزای لە سێدارەدانی تێدا دەسەپێنرێت، هەموو ئەمانەش لەپێناو کۆتایی هێنانی تەواوەتی بە سزای لە سێدارەدان. دەبێت سیستەمی دادوەری عێراقی وحکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆتایی بە داواکانیان بهێنن بۆ لە سێدارەدانی گومانلێلکراوانی داعش و هەردوو پەرلەمان بڕیاری کۆتایی هێنان بە سزای لە سێدارەدان بدەن.

## نەبوونی بەشداری قوربانیان

بەپێی یاسای عێراقی ئەگەر خۆیان وویستیان قوربانیان مافی بەشداریکردنیان لە هەموو دادگاییەکاندا هەیە بۆ شاهێدی دان و ئاراستەکردنی پرسیار بۆ دادوەری لێکۆڵەرەوە، تا گوومانلێکراو بتوانێ پاڵنەرەکانی بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانانە ڕوونبکاتەوە.[167] بەڵام، بەرپرسانی عێراقی و هەرێمی کوردستان لە زۆربەی کەیسەکاندا گومانلێکراوانی داعشیان دادگایی کردووە تەنها لەسەر بنەمای دانپێنان و نووسراوی شاهێدحاڵان، بەشێوەیەکی سەرەکیش بۆ ئەندام بوون بووە لەناو گرووپەکە. هیچ ڕێوشوێنێك ناگرنەبەر لە ئاگادارکردنەوەی ئەو کۆمەڵگانەی قوربانیانداوە سەبارەت بەوەی کێ و کەی دادگایی دەکرێ یان داواکردنی ئامادەبوونیان لەو دادگاییانەی لە ئێستادا دەکرێ. لە سەرئەنجامدا، بەپێی ووتەی ئەو قوربانیانەی کە هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردن لە کۆمەڵگە جیاوازەکانی سەرتاسەری عێراق، دادگاییەکانی ئێستا خزمەتی زۆر کەمی کردووە لە قەناعەتپێکردنی قوربانیان لەوەی کە دادپەروەریان بۆ بەرقەرارکراوە.

---

[164] ماددەی ٧٢ و ٧٣ی یاسای سزادانی عێراقی ڕێگری دەکات لە سەپاندنی سزای لەسێدارەدان بۆ ئەو تاوانانەی کە ئەنجامدەرەکەی منداڵە یان تەمەنی لەنێوان ١٨ بۆ ٢١ ساڵدایە، یاسای ژمارە ٧٦ی ساڵی ١٩٨٣ مێرمنداڵان (لە حاڵەتی ئەنجامدانی تاوانێك لەلایەن مێرمنداڵێکەوە کە سزاکەی زیندانی هەتاهەتایی یان لەسێدارەدان بێت، دەبێت داگای مێرمنداڵان حوکمێکی تر لەدژی دەربکات لەبری ئەو سزایەی بۆی دەرکراوە ئەوەش بەناردنی بۆ قوتابخانەی چاکسازی بۆ ماوەی ٥ ساڵ http://gjpi.org/wp-content/uploads/juvenile-welfare-law-76-of-1983.pdf (accessed on November 6, 2017).

[165] "دواترین: سەرۆك وەزیرانی عێراق دەڵێ، پێشێلکاریەکانی موسڵ سیستماتیکی نەبوون،" ئەسۆشیەیتت پرێس، ١٦ی ئەیلولی ٢٠١٧ https://www.apnews.com/a4848b07448b4ced9d06a2d17a5073af (accessed on November 2, 2017).

[166] سوزاناب جۆرج و قاسم عبدولڕزاق، "سەرۆك وەزیرانی عێراق، نیوەی خێزانە دەستگیرکراوەکانی داعش لە نزیك موسڵ تورکن،" ئەسۆشیەیتید پرێس، ١٦ی ئەیلولی ٢٠١٧ https://apnews.com/e15b0221b00b419fbba4f1f3a15d9d3f (accessed on October 27, 2017).

[167] ڕۆژەی دادوەری جیهانی: عێراق، "بڕگەی ٢٣ی یاسای سزادانی ساڵی ١٩٧١، (پێداچونەوەی لە ١٤ی شوباتی ٢٠١٠) لە هەرێمی کوردستانی عێراق http://gjpi.org/wp-content/uploads/gjpi-cpc-1971-kurdish-v2.doc, art. 53 (accessed on November 6, 2017).

بەپێی ووتەی پارێزەرێکی عێراقی، عادەتەن شاهێدحاڵان و قوربانیان دەیانەوێ ڕۆڵیان هەبێ لە دادگایکردنی تاوانبارانی عێراقیدا بە پێشکەشکردنی شاهێدیەکانیان لەسەر ئەو تاوانانەی ئەنجام دراون.[168] هەروەها دەتوانن لەڕێگەی پارێزەرەکانیانەوە پرسیارەکانیان بخەنە بەردەست دادوەری لێکۆڵەرو ئەویش ئاراستەی تۆمەتبارانی بکات. بەڵام، لەبەرەوەی دادگاکانی دژەتیرۆر بۆ گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لەدژی گومانلێکراوانی داعش تەنها پێویستان بە سەلماندنی هەبوونی پەیوەندیە بە داعش بەپێی یاسای دژەتیرۆر، پێویستیان بە شاهێدی قوربانیان نیە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە گومانلێکراوانی داعش بەشداریان لە تاوانێکی دیاریکراوی وەك کوشتن و دەستدرێژی سێکسی بەپێی یاسای سزادانی عێراقی کردووە. لەبەرەوە، دادوەرانی دژەتیرۆر دەتوانن قۆناغی کۆکردنەوەی بەڵگەو شاهێدی لە قوربانیان یان شاهێدحاڵان بپەڕێنن. بەپێی ووتەی هەموو ئەو پێنج دادوەرەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا، دادوەران بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە دانپێنان دەبەستن وەك بنەمایەك بۆ لێپرسینەوەی یاسایی لەدژی گومانلێکراوانی داعش لەگەڵ نووسراوی شاهێدی دان لەلایەن هاوڕێ و دراوسێکانیان بۆ پشتڕاستکردنەوەی هەبوونی پەیوەندیان لەگەڵ داعش.[169]

داوەرێکی نەینەوا بە هیومان رایتس ۆوچی ووت لەکاتێکدا هەموو دادگایکردنەکان کراوەن بۆ خەڵك، دادگا داوای بەشداریکردن و شاهێدی قوربانیان ناکات و لە ڕاستیدا هانی شتێکی لەو جۆرەش نادات لەبەرەوەی ئەرکێکی قورس دەخاتە سەرشانی سیستمەکە لە پەیوەندیکردنی بەردەوام بە قوربانیانەوە.[170] لە بەغداد، سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی و دوو دادوەری دژە تیرۆر ووتیان، هەرکە بارودۆخی نەینەوا سەقامگیر بوو ئاوارەکان توانیان بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵیان، قوربانیان دەتوانن بەشداریی بکەن بەتایبەت لەکاتی پرۆسەی دادگاییەکاندا.[171] باسی ئەوەیان نەکرد کە ئەو بەشداریکردنە چۆن دەبێت و دادگا چ هەنگاوێك دەگرێتەبەر لەپێناو بەشداریکردنی قوربانیان لە دادگایکردنەکان.

ئەمە کێشەیەکی گەورەیە لە ڕووی کارکردن لەسەر زانینی ئەوەی ئایا ئەندامێکی داعش هەستاوە بە ئەنجام دانی تاوانێکی گەورە یان بۆ ئەو کەیسانەی ڕەنگە تاوانبارێکی ئەندامی داعش یاسای لێبووردن بیگرێتەوە ئەمەش ئەو ئەگەرانە زیاد دەکات، ڕەنگە ئەوانەی تاوانی گەورەیان ئەنجامدابێ ئازاد بکرێن لەبەرەوەی شاهێدحاڵ و قوربانیە سەرەکیەکانی تاوانی ئەم کەسانە هیچیان دەربارەی دادگایکردنی ئەم کەسانە نەزانیوە.

دادوەرانی هەرێمی کوردستان ووتیان، هەموو دادگایکردنەکان لە هۆبەی دژەتیرۆری هەولێر ئەنجام دەدرێ و کراوەیە بۆ هەموو کەس ولایەنێک و هەمووان بۆیان هەیە ئامادەبن، بەڵام دادگا هیچ هەنگاوێکی نەناوە لە پەیوەندیکردن بە قوربانیان و داواکردنی بەشداریکردن یان شاهێدیدانیان لەکاتی دادگاییەکاندا.[172]

---

168 ئیمەیل بۆ بەلقیس ویلی، ١٥ی ئەیلولی ٢٠١٧

169 چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دادوەرێك کە داوای کرد ناوی ئاشکرا نەکرێ، حەمدانیە، ٦ی تەموزی ٢٠١٧

170 Ibid

چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دادوەرێك کە داوای کرد ناوی ئاشکرا نەکرێ، حەمدانیە، ٦ی تەموزی ٢٠١٧

171 چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی فایەق زەیدان ، بەغداد ١٧ی تەموزی ٢٠١٧
هەروەها لەگەڵ دادوەران ڕیاض جەعفەرو ڤەبار حسین، بەغداد ١٩ی تەموزی ٢٠١٧

172 چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دادوەر فاضل عباس و مسعود شنگالی، هەولێر ٥ی تەموزی ٢٠١٧

بەبێ بەشداری چالاکی قوربانیان، ڕەنگە هەندێك لەو کۆمەڵگانەی قوربانیان داوە هەنگاو بەرەو تۆڵەسەندنەوە بنێن. نموونەیەکی لەمجۆرەش وەک، لە حوزەیرانی ٢٠١٧، سەرۆکی خێڵە سوونیەکان باسیان دەکرد کە گوایە چەکدارانی یەزیدی هەستاون بە گرتن و کووشتنی لانی کەم ٥٢ کەس لە هەشت خێزانی خێڵێکی سوونە کە گوایە لەگەڵ داعش بەشداریان لە تاوانی دژ بە ژنانی یەزیدی لە مانگی ئابی ٢٠١٤ کردووە.[173] هەرچەندە، تا کاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە ئەو خێزانانە بێسەروشوێن بوون، بەلام یەزیدیەکان ڕاست و دروستی بانگەشەیەکی لەم جۆرەیان ڕەتکردەوە.[174] هەرچەندە، هیومان ڕایتس ۆوچ نەیتوانی دروستی ئەم بانگەشەیە بە تەواوی بزانێ، بەڵام ئەم ڕووداوە ئەو نیگەرانیانە دەوروژێنێ کە بەشداری پێنەکردنی قوربانیان لە پرۆسەی دادوەری ڕەنگە ئارەزووی گرووپەکان ڕاکێشێ بەرەو تۆڵەسەندنەوەو بەرقەرارکردنی دادپەروەری لەسەر دەستی خۆیان.

173 ڕاگەیاندنێکی ڤیدیۆیی لە ئۆفیسی میدیای نوێنەری پەرلەمان عەلی الماتۆتی لاپەڕەی فەرمی لە فەیس بووک، ١٩ی ئابی ٢٠١٧
https://www.facebook.com/1109944709091912/videos/1440079172745129 (accessed on October 27, 2017

174 بەیاننامەیەك لەلایەن موراد ئیسماعیل بەڕێوەبەرو ئەندامی بۆردی ڕێکخراوی یەزدا کەلەسەر لاپەڕەی فەرمی خۆی لە فەیسبووك دایناوبوو، ٢٠ی ئابی ٢٠١٧
https://m.facebook.com/story.php?story_fbid=10155514612927092&id=822002091 (accessed on October 27, 2017).

لە هەنگاوێکی ئەرێنیدا لە مارسی ٢٠١٧، عێراق پرۆژە یاسای پارێزگاریکردنی لە شاهێدحاڵان تێپەڕاند. یاساکە پارێزگاری لە ژیانی ئەو قوربانی و شاهێدحاڵ و شارەزاو زانیاری دەرانە زیاد دەکات کە زانیاری دەدەن لە کەیسەکانی تاواندا.[175] ڕەنگە ئەم یاسایە هانی قوربانیان بدات لە شاهێدی دان لەدژی ئەو گومانلێکراوانەی داعش کە تاوانبارن بە ئەنجامدانی تاوانی گەورە. بەڵام، بەبێ بواردان بە شاهێدی دان، ئەم یاسایە سوودێکی ئەوتۆی نابێ.

ئەگەر قوربانیان خواستیان وابوو بەشداری لە پرۆسەکەدا بکەن، دەبێت ئەوانەی لە حکومەتی عێراقی و هەرێمی کوردستان ڕێکاری یاسایی دەگرنەبەر لەدژی تۆمەتباران داوای بەشداری چالاکانەی قوربانیان لە دادگاییەکاندا بکەن ئەوەش بە بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر دادگییەکانی داهاتووی گومانلێکراوان و لەو شوێنانەی کە گونجاوە و پەیوەندی بە قوربانیان بکرێ و داوایان لێ بکرێ بۆ ئامادەبوونیان لە دادگا لەکاتی ئەو دادگاییانەی پەیوەندی بە کەیسی ئەوانەوە هەیە، لەگەڵ دابینکردنی هاوکاری دارایی بۆ ئامادەبوونیان.دەبێت داواکارانی گشتی ڕێگە بە قوربانیان بدەن لە بەکارهێنانی دادگایکردنەکان وەك هەلێك بۆ شاهێدیی دان لەسەر ئەو تاوانانەی چەشتویانەو ڕێگەیان پێ بدرێ بەپێی یاسا پرسیار ئاراستەی تۆمەتباران بکەن. دەبێت وریایی بەکاربهێنن لە دڵنیابوون لە سەلامەتی ئەو قوربانی و شاهێدحاڵانەی بەشداری لە دادگاییەکاندا دەکەن. دەبێت خێرخوازە نێودەوڵەتیەکان پشتیوانی لە بەشداریکردنی قوربانیان بکەن وەك دابینکردنی بووجە بۆ ئاگادارکردنەوەی قوربانیان لە پرۆسەکانی دادگایی کردن و نرخی تێچوونی هاتووچۆیان بۆ ئەو شوێنانەی دادگاییەکانی تێدا بەڕێوەدەچێ.

## ڕێکاری یاسایی لە تاوانی دژبە یەزیدیەکان

چەکدارانی داعش هەستان بە کوشتنی لانی کەم لە ٢٠٠٠ یەزیدی و دەستگیرکردنی ٦٤١٧ کەسی تر کە هەموویان زیندانی کران و بەشێوەیەکی سیستماتیکی ڕووبەڕوی دەستدرێژی سێکسی و بەکۆیلەکردنی سێکسی و ئەشکەنجەو مامەڵەی خراپ و هاوسەرگیریکردنی بە زۆرەملێ بە چەکدارانی داعش و کارپێکردنی زۆرەملێ بوونەوە.[176] هەروەها زۆرێکیان ناچارکران بە گۆڕینی ئاینەکەیان و منداڵەکانیان بەچەکدارکران. هەرچەندە، ژمارەیەکی زۆری یەزیدیەکان لەکاتی هێرشەکان و زیندانی کردنیان گیانیان لەدەستدا، نزیکەی ٣٠٠٠ کەسیان توانیان لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی داعش لە عێراق و سووریا لە دوای ساڵی ٢٠١٤وە دەربازیان بێت. لەم ژمارەیە نزیکەی ٨٠٠ کەسیان برانە وولاتانی دەرەوەو باقیەکەی تریشیان لە هەرێمی کوردستانی عێراق نیشتەجێ بوون.[177]

لەبەر سروشتی دڕندەیی ئەم تاوانانە، تاوانەکانی داعش دژبە دانیشتوانی یەزیدی یەکێکە لەو تاوانانەی کە زۆرترین بەبەڵگەکردن وئیدانەکردنی نێودەوڵەتی لێ کەوتۆتەوە. بەرپرسانی عێراقی و هاوپەیمانی دژە داعش بەردەوام پێویستی بەرقەرارکردنی دادپەروەریان بۆ قوربانیانی یەزیدی لە دژی ئەو

[175] پەرلەمانی عێراق، ١١ی مارسی ٢٠١٧
" ,قانون حمایــة الشهود والخبراء والمخبرین والمجنی علیهم, "
March 11, 2017, http://ar.parliament.iq/2017/03/11/13073/ (accessed on November 2, 2017).

[176] کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان، "بانگەواز بۆ لێپرسینەوەو پارێزگاریکردن: قوربانیانی یەزیدی دەست تاوانەکانی داعش،" ئابی ٢٠١٦
http://www.uniraq.org/index.php?option=com_k2&view=item&task=download&id=1910_ca5ff308fd2154bb547334082b35290d&Itemid=650&lang=en (accessed on November 2, 2017).

[177] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ موراد ئیسماعیل بەڕێوەبەرو ئەندامی بۆردی ڕێکخراوی یەزدا، بەغداد، ١٢ی تەموزی ٢٠١٧

گومانلێکراوەی داعش کە تاوانەکانیان لەدژ ئەنجام داون دووپات کردۆتەوە.
زۆرێك لە لایەنە نێودەوڵەتیەکان پشتگیریان لە هەوڵەکانی کۆکردنەوەو پاراستنی بەڵگەکانی تاوانی داعش لەدژی یەزیدیەکان کردووە.[178]

سەرەڕایی ئەمەش، نە هیومان ڕایتس ۆوچ و نە (یەزدا) کە ڕێکخراوێکی ناحکومیەو پشتگیری لە کۆمەڵگەی یەزیدی دەکات، ئاگادارنین لە تەنها کەیسێکیش کە تێیدا حکومەتی عێراقی و هەرێمی کوردستان هەستابن بە دادگایکردنی گومانلێکراوێکی داعش لەبەر ئەنجامدانی تاوانێکی دیاریکراو لە دژی یەزیدیەکان.[179] دوو دادوەری دژەتیرۆر لە هەولێر چەند هۆکارێکی پێچەوانەیان بۆ ئەمە باسکرد: لەوانە، گوایە قوربانیانی یەزیدی زانیاری دیاریکراویان دەربارەی تاوانکەرانیان نیە و نەهاتوون دۆسیەیەك بۆ شکاتی تایبەت لەدژی ئەو کەسانەی حاڵ حازر لە زیندانەکانی هەرێمدان بکەنەوە، یان لەبەرەوەی تاوانەکان لە شنگال ڕوویانداوەو دەکەوێتە دەرەوەی دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان (سەرەڕایی ئەو ڕاستیەی کە هێزە ئەمنی و سەربازیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو کاتەدا بەشێکی زۆری ئەو ناوچانەیان لەژێر کۆنترۆڵدا بوو خۆشیان ئەمەیان بە توێژەران ووت بوو).[180] دادوەرەکەی نەینەوا بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت، هەندێك لەو گومانلێکراوانەی لە دادگاکەیدا سزادراون تاوانیان لەدژی یەزیدیەکان ئەنجام داوە، بەڵام وەك گومانلێکراوەکانی تری داعش بەپێی یاسای دژەتیرۆر سزادراون.[181]

چەندین چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ قوربانیانی یەزیدی بە چاوپێکەوتنی ئەم دوایەشەوە کە لە (ئایاری ٢٠١٧) ئەنجام درا لەگەڵ ١٢ قوربانی یەزیدی لە دهۆك پێشنیازی ئەوە دەکەن کە لانی کەم چەند قوربانیەك زانیاری زۆر بەرچاویان هەیە لەسەر ناسنامەی ئەو داعشانەی کە تاوانیان لە دەرهەق ئەنجام داون. هەشت لە ١٢ ژن و کچەکە ووتیان، چەکدارانی داعش لە سووریا بەندیان کردوون و چوارەکەی تر ووتیان لە عێراق بەندبوون و هەموویان ڕوبەڕوی مامەڵەی خراپی وەك ، توندوتیژی سێکسی و چەند تاوانێکی تر بوونەتەوە. سێ لە ژن و کچە یەزیدیەکان کە لە سووریا بەندبوون ووتیان، لەگەڵ گەڕانەوەیان بۆ عێراق ئاسایش بانگی کردوون بۆ لێکۆڵینەوەو پرسیار کردن: دووانیان ووتیان کە پێشمەرگە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردوون لەکاتی پەڕینەوەیان لە سنوورو حەوتیان ووتیان هیچ بەرپرسێك چاوپێکەوتنی لەگەڵ نەکردوون. ئەوانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کرابوو لەلایەن ئاسایشەوە ووتیان کە ئەفسەرێکی پیاو داوای ناوی چەکدارانی داعش و ناوی خۆشەویستانیان کە هێشتا لەژێر دەستی داعش و چەند پرسیارێکی تری دیاریکراویان لێکردوون بەبێ خستنەڕووی هیچ هۆکارێك بۆ پرسیارو

---

178 "ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر تاوانەکانی داعش دژبە یەزیدیەکان،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٦ی حوزەیرانی ٢٠١٦
https://www.hrw.org/news/2016/06/21/un-panel-reports-isis-crimes-yezidis
"یەزیدیەکان بە ووریاییەوە پێشوازی لە بڕیاری دادگای عێراق دەکەن لە گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لەدژی چەکدارانی داعش،" ڕووداو، ١٢ی حوزەیرانی ٢٠١٧
http://www.rudaw.net/english/middleeast/iraq/12062017 (accessed on October 27, 2017)
"عێراق: قوربانیانی یەزیدی ڕزگاربوو لە تاوانە ترسناکەکانی بەرامبەریان لەژێردەستی داعش لەلایەن کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیەوە پشتگوێ خراون،" هەواڵی لێبووردنی نێودەوڵەتی، ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦
https://www.amnesty.org/en/latest/news/2016/10/iraq-yezidi-survivors-of-horrific-abuse-in-is-captivity-neglected-by-international-community/ (accessed on October 27, 2017).

179 چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ موراد ئیسماعیل بەڕێوەبەرو ئەندامی بۆردی ڕێکخراوی یەزدا، بەغداد، ١٢ی تەموزی ٢٠١٧

180 چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دادوەران فاضل عباس و مسعود شنگالی، هەولێر، ٥ی تەموزی ٢٠١٧:
هەروەها "هەرێمی کوردستانی عێراق: خێزانی یەزیدیە چەکدارەکان دەرکراون،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٩ی تەموزی ٢٠١٧
https://www.hrw.org/news/2017/07/09/kurdistan-region-iraq-yezidi-fighters-families-expelled

181 چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ داوەرێك کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، حەمدانیە، ٦ی تەموزی ٢٠١٧

لێکۆڵینەوەکانیان. سیانەکە ووتیشیان کە هیچ ئەفسەرێکی ژن ئامادەیی نەبووە لەکاتی پرسیارو لێکۆڵینەوەکاندا.

هەموویان ووتیان، هیچ پەیوەندیەکیان بە دەسەڵاتدارانەوە نەکردووە بۆ کردنەوەی هیچ شکاتێکی یاسایی.

یەکێك لە کچەکان کە تەمەنی ١٧ ساڵ بوو ووتی، "زۆرم پێخۆشە ببینم دادپەروەری بەرقەراربێ لە دەرهەق ئەوەی بەسەرمان هاتووە. بەڵام دەترسم لەوەی چی ڕوویدات بەسەر ئەو هەشت ئەندامەی خێزانەکەم کە هێشتا لەژێر دەستی داعشن. هەرکە ئەندامانی خێزانەکەم دەربازیان بوو،هیوادارم ئەم پیاوانە دادگایی بکرێن."

لە ئەیلولی ٢٠١٤، وەزارەتی شەهیدان وئەنفالکراوان کۆمیتەیەکی باڵای بۆ بە ناساندنی تاوانی جینۆساید لە دژی دانیشتوانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستکرد. ئەرکی ئەم کۆمیتەیە کۆکردنەوەی بەڵگەی تاوانی نێودەوڵەتیە کە لەدژی دانیشتوانی یەزیدی ئەنجام دراون و لەگەڵ چۆنیەتی پارێزگاری کردن لە بەڵگەکان و شیکار کردنیان.[182] دادوەر ئەیمەن مستەفا، سەرۆکی کۆمیتەکە، ووتی، لە هەوڵی کۆکردنەوەی شاهێدی قوربانیاندا بووە بەهیوای ئەوەی ووتەی شاهێدحاڵان بەکاربهێنرێت بۆ تاوانبارکردنی گومانلێکراوانی داعش بە تاوانی جەنگ و تاوان لە دژی مرۆڤایەتی و جینۆساید. لەبەر نەبوونی دەسەڵاتی یاسای لە عێراق بۆ دادگایی کردنی ئەو تاوانانە، هیچ زانیارییەکی تیمەکەیی نەداوەتە بەرپرسانی حکومەتی عێراقی و هەرێمی کوردستان کە گومانلێکراوانی داعشیان لایەو دادگاییان دەکەن.[183]

وەك هەموو قوربانیانی تری دەست تاوانەکانی داعش، یەزیدیەکان شایەنی ئەوەن دادپەروەریان بۆ بەرقەرار بکرێ. ڕاوێژکردن لەگەڵ قوربانیانی یەزیدی و ئەو گرووپانەی نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانیان دەکەن و ڕێکخراوە ناحکومیەکانی مافەکانی ژنان یارمەتی دەر دەبێ لە دەستنیشان کردن و کەمکردنەوەی هەر نیگەرانیەك کە قوربانیان و شاهێدحاڵان ڕەنگە هەیانبێ دەربارەی بەشداربوونیان لەهەر پرۆسەیەکی دادوەری وەك شوێنی دادگایکردنەکان و پاراستن و سەلامەتی ژیانیان لە چوونە ئەو شوێنانە و دروستکردنی مەترسی لەسەر ژیانی ئەو خۆشەویستانەیان کە هێشتا لەژێر دەستی داعشن ئەگەر بڕیاریان دا بەشداری لە دادگاییەکان بکەن. ئەمە دوو کێشەیە کە قوربانیانی یەزیدی بۆ هیومان ڕایتس ۆوچیان باسکرد. بەتاییەت، دەبێت بەرپرسان ڕەچاوی چەند ڕێگەیەك بکەن لە پارێزگاریکردنی زانیاری و بەنهێنی هێشتنەوەی ناسنامەی ئەوانەی لە تۆڵەسەندنەوە دەترسن و ئەو ئەندامانەی خێزانەکانیان کە هێشتا لەژێر دەستی داعشن، لەگەڵ گرتنەبەری ڕێوشوێن بۆ بەرەنگاربوونەوەی بە سووك تەماشاکردنی قوربانیان.

دەبێت بەرپرسانی عێراقی و هەرێمی کوردستان کار لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانە بکەن کە بەڵگەیان لە قوربانیان و شاهێدحاڵانی یەزیدی کۆکردۆتەوە، ئەوەش لە پێناو کۆکردنەوەی هەموو بەڵگەکانی تاوان و زانیاری لەسەر ئەنجامدەرانیان بەشێوەیەکی تێروتەسەل بەڵام نەبێتە دووبارە وەبیرهێنانەوەی ڕووداوەکانی پێشوو چونکە ڕەنگە ئەوە کاریگەری زۆر خراپی دەروونی لەسەر قوربانیان و شاهێدحاڵان هەبێت. دەبێت لەنزیکەوە کار لەگەڵ کۆمیتەی باڵای ناسینەوەی تاوانەکانی جینۆسایدو دەست پێشخەریەکانی تری لەم جۆرە بکەن کە لە هەوڵی کۆکردنەوەی بەڵگەی لەم جۆرەن بۆ دەستنیشانکردنی ناسنامەی هەر

---

[182] "عێراق: پارێزگاری لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان بکەن،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٣٠ کانوونی دووەمی ٢٠١٦ https://www.hrw.org/news/2016/01/30/iraq-protect-mass-graves.

[183] چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دادوەر ئەیمەن مستەفا، ١٥ی حوزەیرانی ٢٠١٧

گومانلێکراوێکی داعش کە تۆمەتبارە بە ئەنجامدانی تاوانی جەنگ و تاوان لەدژی مرۆڤایەتی و جینۆسایدو فەرمانی دەستگیرکردن بۆ ئەو کەسانە دەربکرێ کە هێشتا دەستگیر نەکراون. دەبێت هەوڵی بەشداری پێکردنی شاهێدحاڵان و قوربانیان بدەن لەو دادگاییانەی لە دژی گومانلێکراوان بەڕێوەدەچێ بۆ تاوانەکانی وەك کوشتن و دەستدرێژی سێکسی و بەندکردن.

***بۆردی لێکۆڵینەوەی دادوەری بۆ تاوانەکانی دژ بە یەزیدیەکان***

ڕەنگە بەهۆی ئەو فشارە نێودەوڵەتی و ناڕەزاییانەی لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٧ لەدژی ئەنجام نەدانی ڕێکاری یاسایی لەگەڵ گومانلێکراوانی داعش بۆ تاوانەکانیان لەدژی دانیشتوانی یەزیدی دروست بوو، ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراق ڕایگەیاند بۆردێکی لێکۆڵینەوەی دادوەری بۆ ئەو تاوانانەی لەدژی یەزیدیەکان ئەنجام دراوە دروست دەکات. بۆردەکە کە وەك هۆبەیەکی تایبەت کار لەسەر تاوانەکانی داعش لەدژی دانیشتوانی یەزیدی و بەتایبەت ژنان دەکات لەسەرەتا بڕیاربوو شوێنەکەی لە (بعاج) بێت کە بەدووری ٣٠ کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری شاری شنگال، بەڵام دواتر بردرایە (الشمال) لە شنگال.[184] سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی لە مانگی تەمووز ووتی کە دادوەریان بۆ هۆبەکە دەستنیشان کردووە لەگەڵ داواکارێکی گشتی یەزیدی، بەڵام هێشتا بووجە وشوێنیان بۆ دیاری نەکراوە.[185] ئەو ووتیشی، ئەم هۆبەیە ڕێگە بە قوربانیانی یەزیدی دەدات کە شکاتەکانیان بەپێی یاسای دژەتیرۆر بۆ تاوانەکانی کوشتن و فڕاندن و دەستدرێژی سێکسی بکەن و بەشێوەیەکی کرداری بیخەنە چوارچێوەی کارەکانیانەوە، هەرچەندە ئەم تاوانانە لە یاساکەشدا نەهاتووە. هەروەها ووتی کە دادوەران و داواکارەکان لە دادگا کار لەسەر کەیسەکان دەکەن بۆ دادگایکردن و سزادانی تاوانباران. ئەو پێشبینیشی بۆ ڕۆڵی قوربانیان لە پرۆسەکەدا کرد بەتایبەت لە قۆناغی دوابڕیاردا. ئەگەر قوربانیان تۆمەتەکانیان ڕوبەڕوی ئەو گومانلێکراوانە کردەوە کە لە هەولێرو شوێنەکانی تر بەندکراون، بە ووتەی ئەو، ئەوە ئاستەنگێکی زۆر دروست دەکاو ناتوانێ گرەنتی ئەوەبدا کە ڕەوانەی دادگایەکی حکومەتی عێراقی دەکرێن.

موراد ئیسماعیل، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ڕێکخراوی یەزدا، ووتی، کۆمەڵگەی یەزیدی ڕاوێژیان پێنەکراوە لەسەر دروستکردنی بۆردەکەو ڕەخنەیان لە چەند لایەنێکی بڕیارەکە هەیە وەك شوێنی جوگرافی بۆردەکەو دانانی هەموو دادوەرە موسڵمانەکان و نەبوونی شارەزایی نێودەوڵەتی لە دابینکردنی شیکاری پزیشکی بۆ زیاتر لە ٤٠ گۆڕی بە کۆمەڵی یەزیدی لە ناوەوەو دەوروبەری شنگال، لەگەڵ نەبوونی هەماهەنگی بۆردەکە لەگەڵ دەستپێشخەریەکانی ناو هەرێمی کوردستانی عێراق و دەستپێشخەریە نێودەوڵەتیەکانی تر.[186]

---

[184] ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراق بڕیاری دامەزراندنی دادگایەك بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی دژ بە یەزیدیەکان،" باس نیوز، ١٢ی حوزەیرانی ٢٠١٧ http://www.basnews.com/index.php/en/news/iraq/357193 (accessed October 27, 2017).

[185] چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی فایەق زیدان، بەغداد ١٧ی تەموزی ٢٠١٧
هەروەها لەگەڵ دادوەران ڕیاض جەعفەرو جەبار حسین، بەغداد، ١٩ی تەموزی ٢٠١٧

[186] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ موراد ئیسماعیل بەڕێوەبەرو ئەندامی بۆردی ڕێکخراوی یەزدا، بەغداد، ١٢ی تەموزی ٢٠١٧
'عێراق: پارێزگاری لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان بکەن،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ٣٠ کانوونی دووەمی ٢٠١٦ https://www.hrw.org/news/2016/01/30/iraq-protect-mass-graves.

(ئەوەی دەمانەوێ کۆمسیۆنێکی نێودەوڵەتیە بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانی جینۆسایدی یەزیدیەکان و کێشانی وێنەیەکی دروستی مێژووی ڕووداوەکە. دەمانەوێ ئەم کەسانە هەستنە سەرپێ و بۆمان ڕوون کەنەوە بۆچی ئەوەی کردیان کردیان، تا هەمووەمان وانە لەمە وەرگرین. نامانەوێ زۆر بە سادەیی و ساکاری خەڵك بێدەنگ بکرێ و بکوژرێ.)

ئیسماعیل بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت، هیچ قوربانیەکی یەزیدی ناناسێ کە پەیوەندی و چاوپێکەوتنی لەگەڵ بۆردەکە کردبێ و بەرپرسان شکستیان هێناوە لە دروستکردنی هەوڵێکی گشتی و سیستماتیکی بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ قوربانیان و شاهێدحاڵان.[187]

## قەرەبووکردنەوە

عێراق چەند ڕێوشوێنێکی گرتۆتەبەربۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی "تیرۆرو هەڵە سەربازیەکان" لەرێگەی یاسایەکی ساڵی ٢٠٠٩ کە لە ساڵی ٢٠١٥ گۆڕانکاری تێدا کرا.[188] بەپێی ئەم یاسایە، حکومەت لەهەموو پارێزگایەکدا کۆمیتەی درووست کرد بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانەی زەرەروزیانیان لێکەوتوە بەهۆی تیرۆرو ئۆپراسیۆنە سەربازیەکان و هەڵەکانی سووپا ،بە دابینکردنی قەرەبووی ماددی بۆ زەرەروزیانی ماددی و دەروونی و مووچەی خانەنشینی و دابینکردنی شوقەیەك یان پارچە زەوییەك یان قەرەبووی دارایی بۆ خەڵکانی زیان لێکەوتوو بۆ بنیاتنانەوەی خانووەکانیان.[189] لە کانوونی دووەمی ٢٠١٦، کۆمیتەکە ڕایگەیاند کە لانی کەم لە ٦٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی وەك قەرەبوو بەسەر هاووڵاتیان لەسەرتاسەری ووڵات دابەش کردووە.[190] هەروەها لە مانگی نیسان، کۆمیتەکە ووتی کە لە نێوان مانگی کانوونی دووەم و مارسی ٢٠١٧ داوای زیاتر لە ٣٥٠٠ کەسی بۆ قەرەبووکردنەوەی ماڵ و موڵکیان پەسەندکردووە.[191] لە مایزی ٢٠١٧، کۆمیتەکە ڕایگەیاند کە خەرجکردنی پارەی قەرەبووی بۆ ٢٠٠٠ کەسی تری ئەنبار پەسەند کردووە کە بەهۆی داعش و هێزەکانی دژە داعش زەرەرو زیانیان لێکەوتووە.[192]

کاتێك توێژەران سەردانی ئۆفیسی کۆمیتەی قەرەبووکردنەوەیان لە بارەگای پارێزگای نەینەوا لە تەمووزی ٢٠١٧ کرد، کارەکانیان لەهەمان شوێنی دادگای دژەتیرۆری نەینەوا بەڕێوەدەبرد کە لەوکاتەدا لە شارۆچکەی مەسیحییینشینی حەمدانیە لە پارێزگای نەینەوا بوو. لەوێ دادوەرێکی باڵا بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت، تا سەرەتای مانگی تەمووز کۆمیتەکە لانی کەم ٦٠٠٠ داواکاری قەرەبووکردنەوەی

[187] ئیمەیڵ لە موراد ئیسماعیلەوە بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ، ١٤ی ئابی ٢٠١٧

[188] عومەر الشاهیر، "عێراق ٣٠٠ ملیۆن قەرەبوو دەداتە قوربانیانی تیرۆر،" المۆنیتەر، ١٧ی نیسانی ٢٠١٣
http://www.al-monitor.com/pulse/originals/2013/04/iraq-terrorism-compensation-victims.html (accessed on August 16, 2017

[189] "'عێراق:تەقینەوەکانی داعش تاوانن لەدژی مرۆڤایەتی،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ١٥ی کانوونی دووەمی٢٠١٧
https://www.hrw.org/news/2017/01/15/iraq-isis-bombings-are-crimes-against-humanity

[190] سکرتێری گشتی ئەنجوومەنی وەزیرانی کۆماری عێراق
"الأمانة العامة لمجلس الوزراء: اللجنة المركزية لتعويض المتضررين تصادق على أكثر من 15 ألف معاملة خلال عام 2016"
http://www.cabinet.iq/ArticleShow.aspx?ID=7138 (accessed on November 20, 2017).

[191] سکرتێری گشتی ئەنجوومەنی وەزیرانی کۆماری عێراق
"الأمانة العامة لمجلس الوزراء: اللّجنة المركزية لتعويض المتضررين تصادق على أكثر من 3500 معاملة خلال الأشهر الثلاثة الماضية"
http://www.cabinet.iq/ArticleShow.aspx?ID=7351 (accessed on November 20, 2017).

[192] سکرتێری گشتی ئەنجوومەنی وەزیرانی کۆماری عێراق
كزية لتعويض المتضررين توعز بصرف مبالغ التعويضات الخاصة بالممتلكات المتضررة في الانبار قبل تاريخ 2014/6/9"
http://www.cabinet.iq/ArticleShow.aspx?ID=7462 (accessed on November 20, 2017).

پێگەیشتووە بۆ ژمارەیەك لە زیانی وەك لەدەستدانی ماڵ و موڵك و لە دەستدانی خۆشەویستانیان.[193] موراد ئیسماعیل ووتی، ئەو قوربانیە یەزیدیانەی ئەو لە پەیوەندی بووە لەگەڵیان هیچیان دەربارەی پلانی قەرەبووکردنەوەیەکی لەو جۆرە نەزانیوەو هیچ قەرەبوویەکیشیان وەرنەگرتووە.[194]

ئەو پلانەی ئێستا بۆ قەرەبووکردنەوە هەیە بەپێی پێویستی تەواوی قوربانیان نیە. دەبێت بەرپرسان هەستن بە دروستکردن و جێبەجێکردنی پرۆگرامێکی قەرەبووکردنەوە کە هەستیاری ڕەگەزی لە خۆبگرێ لەڕێگەی پرۆسەیەکی شەفاف و بەشداری پێکردنی قوربانیان و گرووپی مافەکانی ژنان و بەپێی ستاندەردە نێودەوڵەتیەکان بێت بۆ هەموو قوربانیانی پێشێلکاریە جدیەکانی مافی مرۆڤ کە لەکاتی جەنگەکەدا ڕوویداوە بە دەستدرێژی سێکسیشەوە.

## دەستپێشخەریە نێودەوڵەتیەکان

بەهۆی گەورەی ئەو تاوانانەی ئەنجام دراون و ڕۆڵی چەکدارانی وولاتانی بیانی لەناو داعش و ڕۆڵی حکومەتە بیانیەکان لە هەڵمەتە سەربازیەکانی دژبە داعش، ئەرکی سەرشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیە ڕۆڵ بگێرێ لە پشتگیری کردنی هەوڵە دادوەریە دروست و سەربەخۆکان.

دەبێت ئەو دەوڵەتانەی پابەندی بەرپرسیارێتین لەبەرامبەر قوربانیانی هەموو تاوان و پێشێلکاریەکان لە عێراق، تەرکیزبخەنەسەر چۆنیەتی باشکردنی توانای سیستمی دادوەری لە هەردوو حکومەتی عێراقی و هەرێمی کوردستان بۆ گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لەدژی تاوانە گەورەکان بەشێوەیەکی کاریگەرو سەربەخۆو عادیلانە. ئەوە دەتوانرێ بکرێت بە داواکردن لە عێراق بە قبوڵکردنی دەسەڵاتی دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی.

دەبێت هاوبەشەکانی عێراق لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوا لە بەرپرسانی عێراقی بکەن لە دڵنیایی دان لەوەی کە تاوانە نێودەوڵەتیەکان دەخرێنە ناو برگەکانی یاسای سزادانی عێراقی و گرتنە ئەستۆی بەرپرسیارێتیەکان ئەگەرچی لە ئاستی باڵاشدا بێت. دەبێت داوای بەپەلە لە بەرپرسان بکەن لە چارەسەرکردنی پێشێلکاریەکان لە پرۆسەی دادوەری و مافە یاساییەکانی دەستگیرکراوان کە ڕێگری لە بەرگریکاران دەکات لە هەبوونی دادگاییەکی عادیلانە و دابینکردنی بووجە بۆ چاودێریکردنی دادگایکردنەکان لەکاتی بیستنی کەیسەکان لەبەردەم دادوەر. جگە لەوەش، دەبێت هاوبەشەکانی عێراق لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەنگاو بنێن بۆ یارمەتیدانی قوربانیان و کۆمەڵگەکانیان بۆ بەشداریکردن لە دادگاییەکان و دابینکردنی بووجە بۆ دامەزراندنی میکانیزمی کاتی دادوەری وەك میکانیزمی قەرەبووکردنەوەو خستنەڕووی ڕاستیەکان. هەروەها دەبێت ئەو وولاتانەی دژی سزای لە سێدارەدانن بەردەوام بن لە هەوڵەکانیان لە داواکردن لە عێراق تا کۆتایی بەسزای لەسێدارەدان بهێنێ.

ڕاستە هەندێك لایەنی نێودەوڵەتی چەند دەستپێشخەرییەکی نافەرمیان کردووە لە پێناو بەرقەرارکردنی پرۆسەیەکی دادوەری عادیلانە بۆ قوربانیانی تاوانەکانی داعش، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بێدەنگ ماونەتەوە لە ئاست پێویستی لێپرسینەوە بۆ قوربانیانی دەست هێزەکانی دژە داعش و پێشبینی هیچ

193 چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دادوەرێك کە نەیوویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، حەمدانیە، ٦ی تەموزی ٢٠١٧

194 ئیمەیڵی موراد ئیسماعیل بەڕێوەبەری یەزدا بۆ بەڵقیس وویڵی توێژەری باڵای هیومان ڕایتس ۆوچ لە عێراق، ١٢ی ئەیلولی ٢٠١٧

بەرکەوتنێکی ڕاستەوخۆ ناکەن لەگەڵ ئەو هەموو کەیسەی گومانلێکراوانی داعش کە ئێستا هەیە. ئەو ستافە نێودەوڵەتیانەی کە کار لەسەر ئەم دوو جۆر دەستپێشخەریە دەکەن بە هیومان ڕایتس ۆوچیان ووت، ڕێکخراوەکانیان نەیانتوانیوە پشتگیری تەواوی بەڕێوەبردنی پرۆسەکانی دادوەری لە عێراق بکات لەبەرەوەی نیگەرانی جدی هەیە سەبارەت بە دادپەروەری لە دادگایکردنەکانی عێراق و جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان.

***تیمی لێکۆڵینەوە کەلەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی UN دەسەڵاتی پێدراوە***

لە ٢١ی ئەیلولی ٢٠١٧ ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بە کۆی دەنگ بڕیاریدا لەسەر دروستکردنی تیمێکی لێکۆڵینەوە بۆ کۆکردنەوەو پاراستنی بەڵگەی تاوانە گەورەکان کە لەلایەن داعش لە عێراق ئەنجام دراون، بەڵام ئەنجوومەنەکە شکستی هێنا لە تیشك خستنەسەر ئەو پێشێلکاریانەی لەلایەن هێزەکانی دژە داعش ئەنجام دراون لە چوارچێوەی هەمان بڕیاردا (تەماشای خوارەوە بکە). بڕیارەکە دەسەڵات دەدات بە سکرتێری گشتی لە دامەزراندنی تیمێکی لێکۆڵینەوە کە لەلایەن ڕاوێژکارێکی تایبەت بەڕێوەببرێ بۆ کۆکردنەوەو پاراستنی بەڵگەکانی تاوانی جەنگ و تاوانە لە دژی مرۆڤایەتی و جینۆسایدو بەکارهێنانیان لە دادگاییە چاوەڕوانکراوەکانی داهاتوو لە عێراق یان وولاتانی تر.

بڕیارەکە دەڵێ، "هەربەکارهێنانێکی تری" بەڵگە کۆکراوەکان لەلایەن تیمەکەوە دەبێت بەپێی ڕێکەوتن بێت لەگەڵ حکومەتی عێراقی لەسەر بنەمای هەر کەیسێك."

بڕیارەکە داوا لە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات هەستێ بە ئامادەکردنی پرۆژە نووسراوێك لەماوەی ٦٠ ڕۆژدا کە "جێگەی ڕەزامەندی حکومەتی عێراقی" بێت بۆ ڕێنمایی کردنی کارەکانی تیمەکە و پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایش. ئەنجومەنی ئاسایش دەڵێ، دەبێت پرۆژە نووسراوەکە بە دیاریکراوی باس لە دەستنیشانکردنی دادوەری لێکۆڵەرەوەی عێراقی و شارەزای یاسایی تر بۆ کارکردن لەناو تیمەکە شانبەشانی شارەزایانی نێودوەڵەتی بکات."

هەرچەندە بڕیارەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش ئاماژەی بەوەکردووە کە دەبێت کاری تیمەکە تەواوکەری لێکۆڵینەوەکانی عێراق بێ، بەڵام ڕوون نیە لە رووی کرداریەوە چۆن کارەکانی تیمەکە بەرکەوتن دەکات لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی ئێستای هێزە ئەمنیەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەوڵەکانی تری ڕێکخراوە ناحکومیەکانی ناو عێراق لە بە بەڵگەکردنی تاوانەکانی داعش.

دەبێت تیمە لێکۆڵەرەکە دڵنیایی بدات لەوەی هەوڵەکانی خۆیان نابێتە هۆی دووبارە دروستکردنی فشاری دەروونی بۆ قوربانیان و شاهێدحاڵان و هەروەها کارەکانی نابێتە هۆی دواکەوتنی زۆر لە بەرقەرارکردنی دادپەروەری بۆ قوربانیان و هەروەها ئەو دەستگیرکراوانەشی لە بارودۆخی نامرۆڤانەدا بەندکراون. جگەلەوەش، هەرکە تیمەکە دەست بە کاربوو، دەبێت ڕۆڵێکی ئەرێنی بگێڕن لە هاندانی بەرپرسانی حکومەتی عێراقی و هەرێمی کوردستان لە دادگایکردنی گومانلێکراوانی داعش بۆ هەموو ئەو تاوانانەی ئەنجامیان داوەو ڕێزگرتن لە پرۆسەی یاسایی و مافەکانی دەستگیرکراو گومانلێکراوان: لەگەڵ گرتنەبەری شێوازێك لە هەوڵەکانی لێپرسینەوەی نیشتمانی کە زیاتر بایەخ و تەرگیز بخاتەسەر قوربانیان: هەروەها کۆتایی هێنان یان هەڵپەساردنی سزای لەسێدارەدان. دەبێت تیمەکە هەوڵی ڕازیکردنی حکومەتی عێراقی بدات لە فراوانکردنی لێکۆڵینەوەکان بۆ هەموو ئەو لایەنانەی پێشێلکاریان لە جەنگەکەدا کردووە.

بڕیارەکەیی ئەنجوومەنی ئاسایش بە ڕوونی ئاماژە بە بەکارنەهێنانی بەڵگەکان لە پرۆسە دادگاییەکانی عێراق ناکات کە ڕێگە بە سزای لە سێدارەدان دەداو یەکێکە لەو دوو سزایەی لە یاسای دژەتیرۆری عێراقدا هاتووەو دادوەران لە هەردوو سیستەمی دادوەری حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان ئەو سزایەیان بۆ تاوانباران بەپێی یاسای دژەتیرۆری عێراقی و هەرێمی کوردستان سەپاندووە. هەتا ئەو کاتەی دادگاکانی عێراق و هەرێمی کورردستان ڕێگە بە سزای لە سێدارەدان بۆ گومانلێکراوانی داعش بدەن، نابێت تیمە لێکۆڵەرەکە ڕێگەبدات ئەو بەڵگانەی کۆیکردۆتەوە بەکاربهێنرێن لە ڕێکارە یاساییە بەردەوامەکانی ئێستای دژبە داعش لە عێراق ئەمەش هاوتایە لەگەڵ سیاسەتی مێژینەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پشتگیری نەکردن و هاوکاری نەکردنی ئەو پرۆسانەی ڕێخۆشکەرە بۆ سزای لەسێدارەدان. لە ١٠ تشرینی یەکەم، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنتۆنیۆ گوتێرێس ووتی،

"سزای لەسێدارەدان لە سەدەی ٢١ دا جێگەی نابێتەوە،" بە "کردارێکی بەربەری" ناوزەندی کرد.[195]

لەبری ئەوە، دەبێت لانی کەم داوا لە بەرپرسانی عێراقی بکەن لە هەڵپەساردنی جێبەجێ کردنی سزای لە سێدارەدان لەم لێپرسینەوە یاسایانەدا کە بۆ ئەمەش پێشینەیەکی نزیك هەیە: حکومەتی لوبنانی ڕازیبوو بە هەڵپەساردنی سزای لە سێدارەدان بۆ ئەو کەیسانەی دادگای تایبەتی لوبنان وەك بەشێك لە ڕێکەوتنی حکومەت لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان.[196]

### ***کۆمسیۆنی دادوەری و لێپرسینەوەی نێودەوڵەتی***

لە ساڵی ٢٠١٤، کۆمسیۆنی دادپەروەری و لێپرسینەوەی نێودەوڵەتی (CIJA) کە گرووپێکی لێکۆڵەرەوەی تاوانە، کارەکانی لە سووریاوە بۆ باکووری عێراق بەرفراوان کرد کە بەپێی یاداشتێکی لێك تێگەیشتن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کاردەکەن.[197] شایەنی باسە، ئەم گرووپە لە ساڵی ٢٠١٢ لە سووریا دامەزراو لەوکاتەوە چالاکە لەو ووڵاتە. یاداشتی لێك تێگەیشتنەکە هیچ پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان CIJA و پرۆسەی دادوەری عێراق و هەرێمی کوردستان دروست ناکات، بەڵام دەسەڵات بە CIJA دەدات لە بنیاتنانی توانای ناوخۆیی و کۆکردنەوەی بەڵگەو دروستکردنی کەیس و فایلی ڕێکاری یاسایی ئامادەکراو بۆ بەکارهێنانیان لەبەردەم دادگایەکی ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی.

بووجەی CIJA لەلایەن دەوڵەتانی بەریتانیاو یەکێتی ئەوروپاو کەنەداو ئەڵمانیاو نەرویج و دانیمارکەوە دابیندەکرێ و ئەم ڕێکخراوە لێکۆڵینەوە لە تاوانی جەنگ و تاوان لە دژی مرۆڤایەتی و جینۆساید دەکات کە لەلایەن ئەندامانی داعش ئەنجام دراون و لەهەمان کاتدا هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لە بنیاتنانی تواناکانی بۆ لێکۆڵینەوەی لەم جۆرە. بەپێی ووتەی نێرما جێلاسیك، نوێنەری CIJA، لەکاتێکدا ڕێکخراوەکە کاردەکات بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە لەسەر بنەمای تاوانەکان (ئەو بەڵگانەی نیشانی دەدەن تاوان ئەنجام دراوە)، CIJA بەشێوەیەکی سەرەکی تەرکیز دەخاتەسەر کۆکردنەوەی بەڵگە لەسەر بەشداریکردنی

---

[195] ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، "ووتەکانی سکرتێری گشتی لە پەناڵێك لەسەر "شەفافیەت و سزای لەسێدارەدان" ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧
https://www.un.org/sg/en/content/sg/statement/2017-10-10/secretary-generals-remarks-panel-%E2%80%9Ctransparency-and-death-penalty%E2%80%9D (accessed on November 2, 2017).

[196] پەڕاوی ڕاستیەکان: دادگایەکی تایبەت بۆ لوبنان، "دادگایەکی تایبەت بۆ لوبنان-نەتەوە یەکگرتووەکان
http://www.un.org/apps/news/infocus/lebanon/tribunal/factsheet.shtml (accessed on November 2, 2017).

[197] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ڕێگەی سکایپەوە لەگەڵ جێرما جێلاسیك، لێپرسراوی پەیوەندیەکانی دەرەوەی کۆمسیۆنی نێودەوڵەتی بۆ دادپەروەری و لێپرسراوێتی،" لەندەن، ٢٦ی تەموزی ٢٠١٧

سەرکردەکانی داعش لە ئەنجام دانی تاوانەکان. جێلاسیك ووتی، هەموو ئەم بەڵگانە هەڵدەگیرێ و شیکار دەکرێ و پاشان ڕادەستی دۆسیەکانی تاوانی پێش دادگایکردن دەکرێ بۆ مەبەستی گرتەنبەری ڕێکارە یاساییەکان لە داهاتوودا. بەپێی ووتەی جێلاسیك، تا ئێستا CIJA چەندین دۆسیەی لەسەر بە کۆیلەکردنی ژنان و منداڵانی یەزیدی و تۆپراسیۆنە سەربازیەکانی شنگال دروست کردووە.

جێلاسیك بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت کە CIJA خوزیارە لە ڕادەستکردنی ئەم دۆسیانە بە دەسەڵاتە دادوەریە نێوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان بەمەرجێك پابەندبن بە ستاندەردەکانی دادگایی کردنی عادیلانە و جێبەجێ نەکردنی سزای لەسێدارەدان. تەرکیزی ئێستای CIJA بەهێزکردنی توانای لێکۆڵینەوەی ناوخۆییە لە عێراق و لەهەمان کاتدا هاوکاریکردنی ئەو بەرپرسە دادوەریە نیشتمانیانەی ئەوروپایە کە کار لەسەر کەیسەکانی دژ بەو ئەندامانەی داعش دەکەن کە تاوانی گەورەیان ئەنجام داوە، بەوانەشەوە کە لەژێر پرەنسیپی دەسەڵاتی جیهانیدان، کە بەپێی ئەم پرەنسیپانە دەوڵەتان دەتوانن لێپرسینەوەی یاسای لەو کەسانە بکەن کە بەرپرسیاربوون لەئەنجامدانی تاوانی نێودەوڵەتی وەك تاوانی جەنگ و تاوان لەدژی مرۆڤایەتی کە لەناوچەکانی وولاتانی تر ڕوویانداوە.

***دادگای تاوانی نێودەوڵەتی***

عێراق ئەندام نیە لە "پەیماننامەی ڕۆم" کە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دامەزراند.[198] هەتا ئەو کاتەی عێراق دەبێتە ئەندام لە پەیماننامەکە یان ڕازی دەبێ بە دەسەڵاتەکانی ئەو دادگایە لەرێگەی ڕاگەیاندنێکەوە، دادگای تاوانی نێودەوڵەتی تەنها دەتوانێ دەسەڵاتی هەرێمی بەدەست بهێنێ بۆ ئەو تاوانانەی لەو شوێنانە ئەنجام دراون ئەگەر ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو کەیسانە ڕادەستی دادگاکە بکات. ئەنجوومەنی ئاسایش لە چوارچێوەی ئەوەی ،ناوی دەبات بە "گێرانەوە بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی"، دەتوانێ دەسەڵات بە دادگاکە بدات لە گرتنبەری ڕێکاری یاسایی لە چوونە بواری جێبەجێ کردنی کارەکانی دادگاکە بەپێی پەیماننامەی ڕۆم لە ساڵی ٢٠٠٢.[199]

یەکێتی ئەوروپاو ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان داوایان لە عێراق کردووە ببێتە ئەندام لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ئەمەش لەپێناو ڕێگەدان بە گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لەدژی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی و جینۆساید کە لەلایەن هەموو لایەنەکانی جەنگەوە ئەنجام دراوە.[200] بەڵام، عێراق هیچ ئاماژەیەکی نیشان نەداوە بۆ بوونە ئەندام لەو دادگایە. لە مارسی ٢٠١٦، حەیدەر عبادی سەرۆك وەزیران بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت کە عێراق هیچ پلانێکی نیە بۆ پەیوەندیکردن بە دادگاکەوە--ئاشکرایە ئەمەش لەترسی ئەوەیە ئەوکات دادگاکە دەتوانێ لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەش بکات لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی حکومەتەوە ئەنجام دراون.

---

198 پەیمانامەی ڕۆمی دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی لە ١٧ی تەموزی ١٩٩٨ و لە ١ی تەموزی ٢٠٠٢ چووە بواری جێبەجێ کردن
https://www.icc-cpi.int/NR/rdonlyres/ADD16852-AEE9-4757-ABE7-9CDC7CF02886/283503/RomeStatutEng1.pdf
ئەندامانی دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی، نەخشەی جیهانی
https://www.icc-cricket.com/about/members (accessed on October 18, 2017).

199 ماددەی ١٥ی پەیمانامەی ڕۆم

200 پانزە جەلسەی ئەنجومەنی وولاتانی ئەندام، گفتوگۆی کراوە، دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی، "ڕاگەیاندن لەبری یەکێتی ئەوروپاو وولاتانی ئەندامی بۆ "دیبەیتێکی گشتی" لە پانزەهەمین کۆبونەوەی وولاتانی ئەندامی پەیمانامەی ڕۆم لە تشرینی دووەمی ٢٠١٦، ١٦-١٧ تشرینی دووەمی ٢٠١٦
https://asp.icc-cpi.int/iccdocs/asp_docs/ASP15/GenDeba/ICC-ASP15-GenDeba-Slovakia_EU-ENG.pdf (accessed on November 2, 2017).

هەرچەندە، عێراق ئەندام نیە لە دادگاکە، بەڵام دادگای تاوانەکان دەسەڵاتی هەیە لەگرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لەدژی ئەو تاوانە گەورانەی لەلایەن هاونیشتمانیانی وولاتانی ئەندامی دادگاکەوە ئەنجام دراون وەك ئەو هاوولاتیانەی ئەندامی وولاتانی دادگاکە کە ڕەنگە وەك ئەندامی داعش تاوانی گەورەیان لە عێراق ئەنجام دابێ. بەڵام، وەك سیاسەتی دادگاکە، داواکارانی گشتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی تەرکیز دەخەنە سەر ئەو کەسانەی

بەرپرسیارن لە ئەنجامدانی تاوانی زۆر گەورە. لە نیسانی ٢٠١٥، داواکاری دادگاکە فاتو بێنسۆدا ووتی، هیواکانی ئۆفیسەکەی بۆ لێکۆڵینەوەو ڕێکاری یاسایی لەوانەی بەرپرسیارن لە ئەنجامدانی تاوانی گەورە لەناو داعش سنووردارە.[201] ئەو ووتیشی، هەرچەندە ئاماژەکان ئەوە نیشان دەدەن کە "ژمارەیەکی زۆر" هاوولاتیانی وولاتانی ئەندامی دادگاکە پەیوەندیان بە گرووپەکەوە کردووە وەك چەکداری بیانی، سەرکردایەتی ڕێکخراوەکە لە هاوولاتیانی عێراق و سووریا پێك هاتووە. لەهەمان کاتدا، بێنسۆدا ووتی، ئۆفیسەکەی کراوەو ئامادەیە لە وەرگرتنی زانیاری زیاتر "ئەوەش ئاشکرایەکی زیاتر نیشان دەدات لەسەر پێگەی هاونیشتمانیانی وولاتانی ئەندام لەنێو هەرەمی سەرکردایەتی ڕێکخراوی داعش."[202]

***لێکۆڵینەوەکانی وولاتانی سێیەم***

لەژێر ڕۆشنایی پرەنسیپی دەسەڵاتی جیهانی یاسا نێودەوڵەتیەکان، لە وولاتانی ئەورووپا لێکۆڵینەوە دەکرێ لەو خەڵکانەی تاوانبارن بە ئەنجامدانی تاوانی گەورە لە سووریاو عێراق.[203]

لە ٢٠١٤، بەرپرسانی دادوەری ئەڵمانیا لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی بەرفراوانیان دەستپێکرد بەبێ بوونی گومانلێکراوێکی دیاریکراو بۆ لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەی لەلایەن داعش ئەنجام دراون لە عێراق و سووریا کە تەرکیزیان لەسەر هێرشەکانی ساڵی ٢٠١٤ی داعش بوو بۆسەر کەمینەی یەزیدی لە شنگال.[204] جگەلەوەش، بەرپرسانی ئەڵمانی سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن لە ٢٧ کەس بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوان لە عێراق و سووریا.[205]

---

[201] ئۆفیسی داواکاری گشتی لە دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی، "بەیاننامەی داواکاری گشتی دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی، فاتۆ بێنسۆودا، لەسەر ئەو تاوانانەی لەلایەن داعشەوە ئەنجام دراون"، ٨ی نیسانی ٢٠١٥
https://www.icc-cpi.int/legalAidConsultations?name=otp-stat-08-04-2015-1 (accessed on November 2, 2017).

[202] Ibid.

[203] ڕێکاری یاسایی لەدژی تاوانەکانی جەنگ لە ئەورووپا: ڤیدیۆیی پرسیارو وەڵام تیشك خستنە سەر کەیسەکان ئاوارەکانی سوریاو عێراق،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ، ٢٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦
https://www.hrw.org/news/2016/10/20/war-crimes-prosecutions-eur

[204] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم هێرشە تەماشای جۆر ستۆرك، (هیومان ڕایتس ۆوچ) بکە، "دێوەزمە لە عێراق،" ٩ی ئابی ٢٠١٤
https://www.hrw.org/news/2014/08/09/nightmare-iraq (accessed October 18, 2017);
"عێراق: هاوسەرگیریپێکردنی بە زۆرەملێ و گۆڕینی ئاینی یەزیدیەکان—قوربانیان و شاهێدحاڵان باس لە دڕندەیی داعش دەکەن لەگەڵ دەستگیرکراوەکان،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ لە ١١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤
, https://www.hrw.org/news/2014/10/11/iraq-forced-marriage-conversion-yezidis
ژمارەیەك لە شاهێدحاڵان ئێستا لە ئەڵمانیان لە چوارچێوەی پرۆگرامێکی کۆچکردن کە دەوروبەری ١١٠٠ یەزیدی چوونە ئەو وولاتە کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون. بەپێی ڕاپۆرتی پشتڕاست نەکراوەی میدیاکان، ئۆفیسی دادواکاری فیدراڵی فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ ئەندامێکی داعش بۆ جینۆسایدو تاوانی جەنگ و تاوان لەدژی مرۆڤایەتی بەدەستهێناوە.

[205] هیومان ڕایتس ۆوچ، ئەمانە ئەو تاوانانەن کە لێیان هەڵدێین، دادپەروەری بۆ سووریا لە دادگاکانی سویدو ئەڵمانیا، ٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧
https://www.hrw.org/report/2017/10/03/these-are-crimes-we-are-fleeing/justice-syria-swedish-and-german-courts.

ڕەنگە لە ئێستادا لێکۆڵینەوەی تر هەبێت، بەڵام زانیاری گشتی بۆ ئەم لێکۆڵینەوانە لەبەردەست نیە.

# بەشی سێیەم: فەرامۆشکردنی پێشێلکاری هێزەکانی عێراق وهەرێمی کوردستان لە جەنگی داعشدا

پێشلکاریەکانی مافەکانی مرۆڤ کە لەلایەن هێزەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان ئەنجامدراون لە جەنگی دژبە داعش بەباشی بەبەڵگەکراون. لەوانەش کوشتن و گولەبارانی بە کۆمەڵ و بێسەروشوێکردن و ئەشکەنجەو وێرانکردنی بەرفراوانی ماڵی سوونەکان لەو ناوچانەی لەژێر دەستی داعش بوون.[206] هیومان ڕایتس ۆوچ چەندین جار داوای زانیاری لە بەرپرسانی هەردوولا کردووە دەربارەی ئەوەی ئایا لێپرسینەوە لە هێزە عێراقیەکان و هێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە بۆ ئەو پێشێلکاریانە. تەنها وەڵامیان بریتی بووە لەوەی کە لێکۆڵینەوە لە پێشێلکاریەکان دەکەن بەبێ خستنەڕووی هیچ زانیاریەك لەسەر ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان.

بەپرسانی عێراقی بەڵێنی زۆریان داوە بۆ لێکۆڵینەوە کردن لە پێشێلکاری هێزەکانیان، بەڵام زۆر بە دەگمەن هیچ ئەنجامێکی لێکۆڵینەوەکانیان یان لێپرسینەوە لە ئەنجام دەرانی ئەگەر کرابێ بۆ ڕای گشتی ئاشکرا کراوە. لەدواین نموونەی خراپی لەم جۆرە، دەرکەوتنی چەند گرتەیەکی ڤیدیۆیی بوو لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لە (ئایاری ٢٠١٧) کە تێیاندا ئەفسەرانی یەکەی بەرپەرچدانەوەی خێرای سەر بە وەزارەتی ناوخۆ ئەشکەنجەو گولەبارانی گومانلێکراوانی داعش و خێزانەکانیان دەکەن.[207] لە مانگی تەمووز، ڕاوێژکارێکی سەرۆك وەزیران بە هیومان ڕایتس ۆوچی ووت کە حکومەت شەش ئەفسەری دەستگیرکردووە کە دەرکەوتوون لە گرتە ڤیدیۆییەکاندا وهەنگاوەکان لەدژیان ڕادەگەیەنێ، "بەڵام لە ئێستادا نا"، لەبەرەوەی دەبێتە بەربەست لەبەردەم پەیامی پیرۆزبایی سەرکەوتنەکان"[208] لە ١٧ی ئاب، ئۆفیسی سەرۆك وەزیران ڕاگەیاندنێکی بڵاوکردەوەو تێیدا ڕایگەیاند کە کۆمیتەیەکی تایبەتی دروستکردووە بۆ لێکۆڵینەوە لە ٢٠ بانگەشەی پێشێلکاری لە ئۆپراسیۆنەکانی موسڵ، بەو بانگەشانەشەوە کە

---

[206] "عێراق: شوێنی گولەبارانکردن لە نزیك گەڕەکی مۆصڵی کۆن،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ، ١٩ی تەموزی ٢٠١٧
https://www.hrw.org/news/2017/07/19/iraq-execution-site-near-mosuls-old-city
عێراق: لێکۆڵینەوە لە ئەگەری ئەنجامدانی پێشێلکاری لە موسڵ،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ، ١٣ی تەموزی ٢٠١٧
https://www.hrw.org/news/2017/07/13/iraq-investigate-possible-mosul-abuse
عێراق: گوایە خێزانی داعشەکان نێردراون بۆ کامپی چاکسازی،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ، ١٣ی تەموزی ٢٠١٧
https://www.hrw.org/news/2017/07/13/iraq-alleged-isis-families-sent-rehabilitation-camp
عێراق: ڕاپۆرتی نوێی تاوان و کوشتنی ئەو پیاوانەی لە موسڵ هەڵهاتوون،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ، ٣٠ی تەموزی ٢٠١٧
https://www.hrw.org/news/2017/06/30/iraq-new-abuse-execution-reports-men-fleeing-mosul
عێراق: بەدەیان کەسی گولەباران کراو بەدەست بەستراوی لە نزیك موسڵ دۆزراونەتەوە،"هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ، ٦ی حوزەیرانی ٢٠١٧
https://www.hrw.org/news/2017/06/05/iraq-dozens-found-handcuffed-executed-around-mosul
هەرێمی کوردستانی عێراق: بە هەزاران ئاوارەی هەڵهاتوو لە چاوەڕوانیدان لە نزیك هێڵەکانی پێشەوەی شەڕ،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ، ٢١ی حوزەیرانی ٢٠١٧
https://www.hrw.org/news/2017/07/09/kurdistan-region-iraq-yezidi-fighters-families-expelled
هەرێمی کوردستانی عێراق: دەستگیرکردنی نوێی پیاوان و کوڕانی هەڵهاتوو،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ، ٣ی حوزەیرانی ٢٠١٧
https://www.hrw.org/news/2017/06/03/kurdistan-region-iraq-new-detentions-fleeing-men-boys

[207] سارا لی ویتسن، (هیومان ڕایتس ۆوچ)، "بردنەوەی جەنگەکە بەڵام دۆڕاندنی شەڕەکە بۆ عێراقێکی یەکگرتوو،"
*The Star*, May 27, 2017, https://www.hrw.org/news/2017/05/27/winning-battles-losing-war-united-iraq.

[208] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ (ناو ئاشکرا ناکرێ)، بەغداد، ١٤ی تەموزی ٢٠١٧

لەدژی ئەفسەرانی یەکەکانی بەرپەرچدانەوەی خێرا کراون.[209] لە ڕاگەیاندنەکدا هاتبوو کە ژمارەیەك لە ئەفسەرەکانیان دەستگیرکردووەو ڕووبەڕوی دادگاییکردن بوونەتەوە.

لە ١٧ی ئەیلول، سەرۆك وەزیران عەبادی ووتی، لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان لە پێشێلکاریەکانی ئۆپراسیۆنی موسڵ دەریدەخەن کە ئەو پێشێلکاریانە لەلایەن چەند کەسێکەوە ئەنجام دراون و "سیستماتیکی" نەبوون.[210] عەبادی بە ئەسۆشیەیتید پرێسی ووت، ئەو سەربازانەی تۆمەتبار دەرچوون لێپرسینەوەیان لەگەڵ کراوەو لە "ئێستادا گوێ لە هەموو ڕاپۆرتەکان و بانگەشەکان دەگرین و هیچ ئاماژەیەك نیە کە ئەم پێشێلکاریانەی مافەکانی مرۆڤ سیستماتیکی بووبن." هەروەها ووتی ئەو ئەفسەرانەی کە لەو کارەوە گلاون بەشێوەیەکی سەرەکی سزادراون بە "کەم تەرخەم"، هەتا ئەو کاتەی دەرکەوێ کە فەرمانیان بە ئەنجام دانی ئەو پێشێلکاریانە داوە یان نا. هەتا نووسینی ئەم ڕاپۆرتە، بەرپرسان هیچ هەواڵ و زانیاریەکیان لەسەر بەڕێوەچوونی پرۆسەی دادگایکردنی ئەو سەربازو ئەفسەرانە بۆ هیومان ڕایتس ۆوچ دابین نەکردبوو. هەروەها توێژەران گرتەیەکی ڤیدیۆییان پێگەیشت کە تێیدا کاپتن و سەربازێکی یەکە پێشێلکارەکانی بەرپەرچدانەوەی خێرا ڕاستەوخۆ دەستیان لە ئەشکەنجەدان و گولەبارانکردنەکان هەیە.

لێکۆڵینەوەکردن لە پێشێلکاریەکانی حەشدی شەعبی باشتر نەبووە. لە تەمووزی ٢٠١٧، هیومان ڕایتس ۆوچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ دوو دادوەری دادگای پێداچوونەوەی تاوانەکانی بەغدا کرد. یەکێك لە دادوەرەکان بەناوی جەبار حسین، ئەرکی بریاردانە لەسە کەیسەکانی پێشلکاری لەلایەن حەشدی شەعبی و دژەتیرۆرو کەیسەکانی تری تاوان لەدژی ئەوانەی لەلایەن پۆلیسی فیدراڵی یان حەشدی شەعبیەوە ئەنجام دەدرێن.[211] لەسەرەتادا بە توێژەرانی ووتبوو کە تا ئێستا بریاری لەسەر ٥٧ کەیسی لەدژی ئەندامانی حەشدی شەعبی داوە، بەڵام بەردەوام بووە لە قسەکانی و ووتویەتی کە کەیسەکان لە ڕاستیدا لە دژی ئەو کەسانە بوون کە وایان نیشانداوە بەشێك بن لە حەشدی شەعبی، بەڵام حەشدی شەعبی نەبوون. نەیتوانیوە ئاماژە بە تەنها یەك کەیسیش بکات کە تێیدا ئەندامێکی حەشدی شەعبی سزادرابێ بە ئەنجامدانی تاوان.

سەرەڕایی پێشینەی مەترسیداری حەشدی شەعبی لە ئەنجامدانی تاوان و پێشێلکاری لە دژی هاووڵاتیانی مەدەنی عێراقی، حکومەتی عێراقی بەردەوامە لە ستایش کردنیان. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥، ئەنجوومەنی دادوەری باڵا دروشمی ستایشی حەشدی شەعبی لەسەر نامە فەرمیەکانی دانابوو.[212] دروشمەکان لەمانەی خورەوە پێك هاتبوون: "حەشدی شەعبی پشتیوانی سووپا ئازاکەی عێراقە،" یان "لە سایەی سووپاکەمان و حەشدی شەعبی عێراق بەهێزترو خۆڕاگرترە."

---

[209] ماڵپەڕی فەرمی ئۆفیسی سەرۆك وەزیرانی عێراق، ١٧ی ئابی ٢٠١٧
http://www.pmo.iq/press2017/17-8-20171.htm (accessed on November 2, 2017).

[210] دواین: سەرۆك وەزیرانی عێراق دەڵێ پێشێلکاریەکانی موسڵ سیستماتیکی نەبوون،" ئەسۆشییەیتت پرێس، ١٦ی ئەیلولی ٢٠١٧
https://www.apnews.com/a4848b07448b4ced9d06a2d17a5073af (accessed on November 2, 2017).

[211] چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دادوەر جەبار حسین، بەغداد، ١٩ی تەموزی ٢٠١٧

[212] "عێراق: تاڵانی و وێرانکاری لەلایەن ئەو هێزانەی شەڕی داعش دەکەن،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ، ١٦ی شوباتی ٢٠١٧
https://www.hrw.org/news/2017/02/16/iraq-looting-destruction-forces-fighting-isis
"عێراق: داوای لێکۆڵینەوە لە پێشێلکاریەکانی فەللوجە لە ناو نهێنیدا چەقیوە،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ، ٧ی تەموزی ٢٠١٧
https://www.hrw.org/news/2016/07/07/iraq-fallujah-abuses-inquiry-mired-secrecy.

بەهەمان شێوە، سەرەڕایی بەڵێنی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لێکۆڵینەوە لە وێرانکردنی گووندو ماڵی عەرەبە سوونەکان لەلایە هێزەکانی حکومەتی هەرێم کە لە لایەن هیومان ڕایتس ۆوچ ەوە بە بەڵگەکراوە، ئەوەندەی توێژەران ئاگاداربن تا ئێستا بەرپرسان لێپرسینەوەیان لەگەڵ هیچ فەرماندە و سەربازێك نەکردووە کە فەرمان یان بەشداریان لە وێرانکاریەکان کردووە.[213] کۆمسیۆنی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستانی عێراق کۆك بوو لەسەر دەرەنجامی ڕاپۆرتەکەی هیومان ڕایتس ۆوچ لە کانوونی دووەمی ٢٠١٧ کە تێیدا هاتبوو هێزەکانی ئاسایش ئەشکەنجەی منداڵێکی گومانلێکراوی داعشیان داوە.[214] بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هیومان ڕایتس ۆوچیان ووت کە لێکۆڵینەوەیان لەو تۆمەتانە دەستپێکردووە، بەڵام تا کۆتایی ئەیلولی ٢٠١٧، لێکۆڵینەوەکە هیچ ئەنجامێکی نەبووەو بەرپرسان ڕێوشوێنی یاساییان لەدژی هیچ ئەفسەرێك نەگرتوتەبەر کە فەرمان یان بەشداری لەو مامەڵە خراپە کردبێ.[215]

---

213 هیومان ڕایتس ۆوچ، نیشانەکراوە بە 'ئێکس' لاپەڕە ٧

214 "هەرێمی کوردستان: تۆمەتی ئەشکەنجەدانی منداڵان لەلایەن هێزە ئەمنیەکان،" هەواڵی هیومان ڕایتس ۆوچ، ٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧
https://www.hrw.org/news/2017/01/29/krg-children-allege-torture-security-forces.

215 چاوپێکەوتنی هیومان ڕایتس ۆوچ لەگەڵ دیندار زێباری سەرۆکی کۆمیتەی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکان، هەولێر، ٢٨ی ئەیلولی ٢٠١٧.

# پێشنیازەکان

## دادوەری کاتی

- دەبێت هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی عێراقی و هەرێمی کوردستان هەستن بە تاوتوێکردنی ستراتیژێکی نیشتمانی لە گرتنەبەری ڕێکارە یاساییەکان لە دژی گومانلێکراوانی داعش و چەند دەست پێشخەریەکی تری وەك دروستکردنی میکانیزیمی خستەڕووی ڕاستیەکان و پلانی قەرەبووکردنەوە لە پێناو دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ تاوانەکانی داعش؛
- دەبێت ئەو ستراتیژە لەپەیوەندیدا بێت لەگەڵ ڕای گشتی لەسەر هەموو پرۆسە دادوەریەکان و پشتگیری بەشداری قوربانیان لە پرۆسەکەدا بکات؛
- دەبێت دەستبەجێ بەرپرسان هەنگاوبنێن لە دروستکردنی ستراتیژێکی ڕێکخراو لە ئەولەویەت دان بە گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لەدژی هەموو ئەوانەی تاوانی گەورەیان ئەنجام داوە، ئەوەش بە دادگایکردن و سزادانیان بۆ هەموو ئەو تاوانە دیاریکراوانەی ئەنجامیانداوە لەگەڵ بوونی ڕۆڵێکی ڕوونی قوربانیان لە پرۆسەکەدا؛
- دەبێت بەرپرسان ئەولەویات بدەن بە لێپرسینەوەی یاسایی لەو گومانلێکراوانەی داعش کە تاوانی گەورەیان ئەنجامداوە ئەوەش بە سزادانیان بۆ ئەو تاوانە دیاریکراوانەی ئەنجامیان داوە؛
- بۆ ئەوانەی تەنها گومانی ئەندام بوونیان لەناو داعش لێدەکرێ، بەبێ هیچ بەڵگەیەك لەدژیان کە تاوانی گەورەیان ئەنجام دابێ بە تایبەت بۆ منداڵان دەبێت بەرپرسان بیرلە بەدیلی تربکەنەوە لەبری ڕێکارو سزادانی یاسایی کە ئەمەش دەبێتە هۆی گیران و خنکانی سیستمی دادوەری و بەندیخانەکان و هیچ دادپەروەریەك بۆ قوربانیان بەرقەرارناکاو عێراق بەرەو داهاتوویەکی ئارام و ئاشتی نابات؛
- دەبێت لانی کەم بەرپرسان ڕێکاری یاسایی لەدژی ئەو کەسانە نەگرنەبەر کە کارەکانیان لەژێر دەستی داعش یارمەتیدەر بووە لە پارێزگاریکردنی مافە مرۆیەکانی هاووڵاتیان؛
- ئەگەر بەرپرسان هەر سووربوون لەسەر لێپرسینەوەیەکی بەرفراوانی یاسایی لە هەموو ئەوانەی پەیوەندیان بە داعشەوە هەبووە بەوانەشەوە کە تەنها لەناو گرووپەکە ئەندام بوون بەبێ هیچ بەڵگەیەك لە دژیان کە تاوانی گەورەیان ئەنجام دابێ، دەبێت یەکەم جارو بەخێرایی ئەولەویات بدەن بە دادگایکردنی کەیسی ئەوانەی کە کەمترین تۆمەتیان لەسەرەو دەستبەجێ ئەوانە ئازاد بکەن کە یاسای لێبووردن دەیانگرێتەوە. ئەم هەنگاوە یارمەتیدەر دەبێت لە چارەسەرکردنی قەرەباڵغی زۆری ناو بەندیخانەکان؛
- وەك بەدیلێك بۆ ڕێکارو سزای یاسایی، دەبێت بەرپرسان میکانیزمی خستنەڕووی ڕاستیەکان دروست بکەن و دەسەڵاتێکی بەرفراوانی پێ بدەن وەك بانگکردنی شاهێدحاڵ وەرگرتنی شاهێدی، ئەم هەنگاوە هەموو ئەو پێشێلکاریانە دەخاتە ڕوو کە هەموو لایەنەکانی جەنگەکە ئەنجامیان داوەتەواوکەری پرۆسەی دادوەری و پلانی قەرەبووکردنەوە دەبێت؛
- دەبێت بەرپرسان پرۆگرامێکی قەرەبووکردنەوەی هەستیاری ڕەگەزی دروست بکەن لەڕێگەی پرۆسەیەکی شەفاف و بەشداری پێکردنی قوربانیان و گرووپی مافەکانی ژنان بەپێی ستاندەردە نێودەوڵەتیەکان بۆ هەموو ئەو قوربانیانەی پێشێلکاری گەورەی مافەکانی مرۆڤ لە دژیان ئەنجام دراوە لەکاتی جەنگەکەدا بە دەستدرێژیە سێکسیەکانیشەوە.

## لێکۆڵینەوەو دەستگیرکردن و بەندکردن

***بۆ هێزە دەستگیرکەرەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان***

- دەبێت تەنها ئەو کەسانە دەستگیربکرێن کە فەرمانی دەستگیرکردنیان لەلایەن دادگاوە بۆ دەرچووە؛
- دەبێت دەستگیرکردنی منداڵان دوا ڕێگەچارە بێت؛
- تۆمارکردنی ناوی هەموو دەستگیرکراوان لەناو داتابەیسێکدا کە ناوی هەموو دەستگیرکراوەکانی تێدا هەڵگیرابێ؛
- دەستبەجێ هێنانی هەموو دەستگیرکراوان بۆ بەردەم دادوەر بۆ بڕیاردان لەسەر بە یاسایی بوون و پێویستی دەستگیرکردنیان لەسەر بنەمای تاکە کەسی؛
- دڵنیابوون لەوەی هەموو دەستگیرکراوەکان یان ڕووبەڕووی سزای یاسایی ببنەوە یان ئازاد بکرێن.

***بۆ وەزارەتی ناوخۆی عێراق***

- دڵنیابوون لەوەی کە تەنها هێزە دەسەڵات پێدراوەکان بەشداری لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەو دەستگیرکردن دەکەن؛
- پابەندبوون بە فەرمانەکەی ٥ی حوزەیرانی سەرۆك وەزیران کە تێیدا داوا لە وەزارەتی ناوخۆ دەکات خێزانی هەموو ئەو کەسانە ئاگادار بکەنەوە کە لەکاتی ئۆپراسیۆنەکانی موسڵدا دەستگیرکراون؛
- پابەندبوون بە فەرمانی ١٣ی تەمووزی ٢٠١٧ی وەزیری ناوخۆ کە تێیدا داوا لە هێزەکانی دەکات تەنها بەپێی ماددەی ٩٣ی بڕگەکانی یاسای سزادانی عێراقی (ژمارە ١٩٧١\٢٣) خەڵك دەستگیربکەن.

***بۆ وەزارەتەکانی دادو تەندروستی و ناوخۆی عێراق و هەرێمی کوردستان***

- ئاگادارکردنەوەی خێزانی گومانلێکراوانی داعش لە شوێنی دەستگیرکردنیان لەڕێگەی بنکەکانی پۆلیس و بەڕێوەبەرایەتی کامپەکان یان ڕێگای تر ئەگەر پێویستی کرد؛
- دڵنیابوون لەوەی کە گومانلێکراوانی داعش پارێزەری حکومی یان پارێزەری تایبەت بە خۆیان لەکاتی لێکۆڵینەوەکان و دانیشتنی دادگادا ئامادە دەبێت؛
- بەردەوام بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری دەربارەی دەستگیرکردن و ڕێکارو سزای یاسایی گومانلێکراوانی داعش؛
- دڵنیابوو لەوەی کە پرۆسەی دەستگیرکردنی گومانلێکراوانی داعش بەپێی بڕگە پەیوەندیدارەکانی یاسای سزادان جێبەجێ دەکرێ واتە دەستگیرکردن بەپێی فەرمانی دادوەر بێ و دەستگیرکراو لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا بهێنرێتە بەردەم دادوەر؛
- دڵنیابوون لەوەی کە دەستگیرکراوان لەو شوێنانە بەند دەکرێن کە کراوەن بۆ پشکنەرانی حوکمی و چاودێرانی نێودەوڵەتی و ئەندامانی خێزان و پارێزەرەکانیان بە بەردەوامی؛
- ئەنجامدانی پشکنینی تەندروستی بۆ هەموو دەستگیرکراوان لەکاتی گەیشتنیان و بوونی چاودێری تەندروستی گونجاو بۆیان لە زینداندا؛
- کردنەوەی زیندانەکان بەڕووی هەموو پشکنەرانی حکومی و چاودێرانی نێودەوڵەتی لە بارودۆخی زیندانەکان؛

- بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر ژمارەی تۆمەتەکانی پێشلکاری لەدژی دەستگیرکراوان لەگەڵ ژمارەی ئەو بەرپرسە حکومیانەی ڕێوشوێنی یاسایی لەدژیان گیراوەتەبەر لەدوای لێکۆڵینەوە لەو تۆمەتانەی ئاراستەیان کراوە سەبارەت بە مامەڵەی خراپ لەگەڵ زیندانیان.

***بۆ وەزارەتەکانی دادو ناوخۆو کاروکاروباری کۆمەڵایەتی عێراق و هەرێمی کوردستان***

- ئامادەکردنی پلان و بەدیل لەبری لێپرسینەوەو یاسایی و دەستگیرکردن بۆ ئەو منداڵانەی گومانی هەبوونی پەیوەنیان بە داعش لێدەکرێ وەك دروستکردنی پرۆگرامی چاکسازی بۆ هاوکاریکردنیان لە گەڕانەوە بۆ ناو کۆمەڵگا.

***بۆ وەزارەتەکانی دادو ناوخۆو تەندروستی عێراق***

- دڵنیابوون لەوەی کە هەموو منداڵە دەستگیرکراوەکان لە شوێنی گونجاو بۆ مێردمنداڵان بەند دەکرێن و لە گەورەکان جیادەکرێنەوەو خوێندن و پرۆگرامی چاکسازیان بۆ دابین دەکرێ؛
- گواستنەوەی هەموو دەستگیرکراوانی نەینەوا بۆ زیندانی فەرمی کە بە پێی ستاندەردە نێودەوڵەتیەکان دروست کرابێ وەك جیاکردنەوەی منداڵان لە گەورەکان و پاك و خاوێنی و هەبوونی شوێنی خۆشۆرین و چاودێری تەندروستی. تا ئەو کاتەی ئەمە ئەنجام دەدرێ، وەك ئەولەویاتێکی دەستبەجێ و خێرا دەبێت بارودۆخی زیندانە کاتیەکان باش بکەن؛
- بنیاتنانەوەی هەردوو زیندانەکەی موسڵ تا دەستگیرکراوانی نەینەوا بگوازرێنەوە بۆ زیندانێکی گونجاوتر کە بۆ ئەو مەبەستە دروست کرابێی و ببێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕەوشی ئێستای نامرۆییانەی زیندانیەکان.

***بۆ وەزارەتەکانی دادو ناوخۆو ئەنجوومەنی باڵای دادوەری عێراق***

- ئازادکردنی ئەو کەسانەی یاسای لێبوردن دەیانگرێتەوە و ڕەچاوکردنی بڕیاری لێبوردن بۆ هەموو ئەوانەی کە تێنەگلاون لە هیچ تاوانێکی گەورەوە جگە لە ئەندام بوون لەناو داعش؛
- بڵاوکردنەوەی زانیاری بەردەوام بۆ ڕای گشتی لەسەر ژمارەی ئازادکراوان بەپێی یاسای لێبوردنەکەو و زانیاری لەسەر تۆمەتەکانیان.

***بۆ پەرلەمانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان***

- ڕەچاوکردنی پرۆژە یاسایەکی لێبوردن لە کۆتایی جەنگی داعش وەك لە یاسا مرۆییە نێودەوڵەتیەکاندا ئاماژەی پێکراوە، جگەلەوانەی تاوانی گەورەیان ئەنجام داوە وەك تاوانەکانی جەنگ و تاوان لە دژی مرۆڤایەتی.

***بۆ ئەنجومەنە دادوەریەکانی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان***

- ڕێنمایی دان بە دادوەران لە دەرکردنی فەرمانی گواستنەوەی ئەو دەستگیرکراو زیندانیانەی لە ڕەوشی نامرۆڤانەدا بەندکراون بۆ زیندانی گونجاو باشتر بەپێی ستاندەردەکان، ئەگەر ئەمە مەحاڵ بوو، ڕەچاوی بەدیلی تر بکرێ لەبری زیندانیکردن؛
- ڕێنمایی دان بە دادوەران لە ڕاگرتنی ئەو دادگاییانەی کە تێیاندا دەستگیرکراوان بانگەشەی ئەوە دەکەن مامەڵەی خراپیان لەگەڵ کراوەو لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل و سەربەخۆ لەهەموو ئەو

بانگەشانە بکەن و ئەو دانپێنانەی بە زۆرەملێ بە دەستگیرکراوان کراوە لە دادگادا کاری پێ نەکرێ؛

- بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی بۆ دادوەران و داواکاران سەبارەت بەوەی ڕێکاری یاسایی بۆ چ کەیسێك بگرنەبەرو بۆ چ کەیسێك نەیگرنەبەر؛
- دەرکردنی ڕێنمایی بۆ دادوەران و داواکاران لە هەستان بە گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لە دژی گومانلێکراوان بۆ هەموو ئەو تاوانانەی ئەنجامیان داوە بەپێی برگەکانی یاسای سزادان یان لانی کەم تۆمارکردنی ئەو تاوانانە بەپێی برگەکانی یاسای سزادان لەکاتی پرۆسەی لێکۆڵینەوەدا، تەنانەت ئەگەر گومانلێکراویش تەنها بەپێی یاسای دژەتیرۆر سزا بدرێ.
- ڕێنمایی دان بە دادوەران لەسەر ئازادکردنی هەموو ئەو منداڵانەی کە هێشتا بەفەرمی تاوانبار نەکراون.
- دڵنیابوون لەوەی کە دادوەران کەیسی هەموو ئەو منداڵانەی تاوانبارکراون بە ئەندام بوون لەناو داعش دەخەنە بەردەم بۆردەکە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی ئایا بڕیاری لێبوردن دەیانگرێتەوە؛
- دەبێت گرتنبەری ڕێکاری یاسایی لە دژی منداڵانی گومانلێکراو دوا ڕێگەچارە بێ، بەتەواوی و بەپێی ستاندەردە نێودەوڵەتیەکانی دادوەری مێردمنداڵان بێت و ئامانج لەهەر سزایەك بۆ چاکسازی و گەڕانەوەی منداڵەکە بێت بۆ ناو کۆمەڵگا؛
- ڕێنمایی کردنی دادوەران لە دەرنەکردنی سزای لەسێدارەدان بۆ ئەوانەش تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی تاوان لەناو داعش؛
- بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر هەموو پرۆسە دادگاییەکان و سزاکان بۆ نیشاندانی شەفافیەت و پابەندی سیستمی دادوەری بۆ قوربانیان و پشتگیری کردن لە دروستکردنی تۆمارێکی مێژووی دروست؛
- مەشقکردن بە دادوەران لەسەر هەستیاری ڕەگەزی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکانی توندوتیژی سێکسی لەسەر بنەمای ڕەگەز.

***بۆ وەزارەتەکانی دادو ناوخۆو تەندروستی و ئەنجومەنەکانی دادوەری عێراق و هەرێمی کوردستان***

- هەوڵدانی بەردەوام بۆ بەشدارپێکردنی قوربانیان و شاهێدحاڵان لە دادگاییەکان ئەمەش لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر دادگاییەکانی داهاتووی گومانلێکراوان و پەیوەندی کردن بە قوربانیان و داواکردنی ئامادەبوونیان لەو دادگاییانەی پەیوەندی بەوانەوە هەیەو لەو شوێنانەی کە گونجاوە و دابینکردنی بووجەی هاتوچۆی خێزانی قوربانیان بۆ بەشداریکردن لە دادگاییەکان؛
- دڵنیابوون لە سەلامەتی بەشداری کردنیان وەك پاراستنی ناسنامەیان بە نهێنی لە شاهێدیداندا ئەگەر پێویستی کرد؛
- ڕێگەدان بە قوربانیان لە بەکارهێنانی دادگاییەکان وەك هەلێك بۆ باسکردنی ئەو تاوانانەی لەدژیان ئەنجام دراوەو ئاراستەکردنی پرسیار بۆ تۆمەتباران بەپێی یاسا؛
- لێکۆڵینەوەیەکی شەفاف و کاریگەرو خێرا لەسەر بەرزترین ئاستی بەرپرسیارێتی لە هەموو تاوانەکان بە کوشتنی نایاسایی و شێواندنی جەستەی کوژراوان لەلایەن هەر لایەنێکی جەنگەکەوە ئەنجام درابێ. لێپرسینەوەی یاسایی لەوانە بکرێ کە بەرپرسیار بوون؛
- ڕاوێژکردن لەگەڵ قوربانیان و گرووپەکانی تری وەك ڕێکخراوی مافەکانی ژنان لە دروستکردنی شێوازێکی دادوەری کە تێیدا چەق و تەرکیزی سەرەکی قوربانیان بێت، لەگەڵ دڵنیابوون لە

پاراستنی نهێنی زانیاری و داتاکان، لەگەڵ سیاسەتێکی گشتگیر بۆ قەرەبووکردنەوە بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکانی مافەکانی مرۆڤ و دروستکردنی پرۆگرام بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بە سووك تەماشاکردنی قوربانیان لە ناو کۆمەڵگا.

### ***بۆ سەرۆکی عێراق و هەرێمی کوردستان***

- هەڵپەساردنی جێبەجێ کردنی سزای لە سێدارەدان و وەستانی بە کرداری سزاکە؛
- گۆڕینی هەموو سزاکانی لە سێدارەدان بۆ زیندانی هەتاهەتایی

### ***بۆ پەرلەمانی عێراق و هەرێمی کوردستان***

- ڕاگەیاندنی پەسەندکردنی "یاسای ڕۆم" تا عێراق ببێتە ئەندام لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی؛
- جێ کردنەوەی تاوانەکانی جەنگ و تاوان لە دژی مرۆڤایەتی و جینۆساید لەناو بڕگەکانی یاسای سزادان؛
- کۆتایی هێنان بە سزای لەسێدارەدان؛
- پەسەندکردنی پرۆتۆکۆڵی جنێف لە دژی ئەشکەنجەدان.

### ***بۆ پەرلەمانی عێراق***

- تێپەڕاندنی پرۆژە یاسای دژبە ئەشکەنجەدان کە ئێستا لەبەردەم پەرلەمانە.

### ***بۆ ئەو لایەنە نێودەوڵەتیانەی پشتگیری بەرقەراربوونی دادوەری بۆ قوربانیانی عێراق دەکەن***

- پشتگیریکردن لە بنیاتنانەوەی زیندانیەکانی موسڵ؛
- دابینکردنی بووجەی ئەو چاودێرە نێودەوڵەتیانەی چاودێری ڕەوشی ناو ئەو زیندانانە دەکەن کە گومانلێکراوی داعشیان تێدایەو بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکانیان؛
- گوشارخستنە سەر بەرپرسانی عێراقی و هەرێمی کوردستان لە لە گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لەدژی ئەوانەی تاوانی گەورەیان ئەنجام داوەو دۆزینەوەی بەدیل بۆ ئەوانەی تەنها گومانی ئەندام بوونیان لە ناو داعش لێدەکرێ و تاوانیان ئەنجام نەداوە؛
- گوشارخستنە سەر بەرپرسانی عێراقی و هەرێمی کوردستان لە گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لە دژی تۆمەتباران بۆ هەموو ئەو تاوانانەی ئەنجامیان داوە بەپێی برگەکانی یاسای سزدان، یان لانی کەم تۆماری بەڵگەنامەیی تاوانەکانیان بەپێی یاسای سزادان بکەن لەکاتی پرۆسەی لێکۆڵینەوە، تەنانەت ئەگەر گومانلێکراویش بەپێی یاسای دژەتیرۆر سزا بدرێن؛
- داواکردن لە بەرپرسانی عێراقی بۆدڵنیابوون لەوەی کە هەموو بەرگریکارێك بە هاوولاتی وولاتەکانی خۆشیانەوە دادگاییەکی عادیلانە دەکرێن و مافەکانیان بەپێی یاسا دەپارێزرێ و سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرناکرێ ئێتر شوێنی دادگایکردنەکە لە عێراق یان هەر شوێنێکی تر بێت؛
- داوای بەپەلە لە بەرپرسانی عێراقی بکەن لە دڵنیابوون لەوەی کە ئەو هاونیشتمانیانەی خۆیان کە ڕووبەڕووی سزای یاسایی دەبنەوە پارێزەرو هاوکاری یاساییان بۆ دابین بکرێ؛
- پشتگیریکردن لە بەشداری خێزانی قوربانیان لە دادگاییەکان ئەوەش بە دابینکردنی بووجە بۆ هەوڵەکانی ئاگادارکردنەوەی قوربانیان لە دادگاییەکان و دابینکردنی تێچوونی هاتوچۆیان بۆ ئەو شوێنانەی دادگایکردنەکانی لێ بەڕێوەدەچێ؛

- پشتگیریکردن لە جێ کردنەوەی یاساکانی تاوانی جەنگ و تاوان لەدژی مرۆڤایەتی و جینۆساید لەناو یاسای سزادانی عێراقی بۆ هەموو ئەوانەی بەرپرسیارن لە ئەنجامدانی ئەو تاوانانە بە فەرمادەکانیشەوە؛
- هاندانی بەرپرسان لە قبوڵکردنی بوونە ئەندام لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و پرۆتۆکۆڵی جنێفی دژبە ئەشکەنجەدان؛
- دابینکردنی بووجەی مەشقپێکردنی دادوەرانی دژەتیرۆر لەسەر پێویستی لێکۆڵینەوەو گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لەدژی گومانلێکراوانی داعش بۆ تاوانەکانیان بەپێی یاسای سزادان؛
- دابینکردنی بووجە بۆ ئەو لایەنە نێودەوڵەتیانەی هەڵدەسن بە چاودێریکردنی دادگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان؛
- پستگیریکردن لە دادگایکردنی ئەو هێزانەی دژ بە داعش کە گومانی ئەنجام دانی تاوانیان لێ دەکرێ لە شەڕەکانیان لە دژی داعش؛
- پشتگیریکردنی ئەو پرۆگرامانەی کە بەدیلن بۆ ڕێکاری یاسایی و دەستگیرکردن وەك میکانیزمی خستنەڕوی ڕاستیەکان و پرۆگرامی چاکسازی بۆ گەڕانەوەی ئەو منداڵانەی گومانی هەبوونی پەیوەندیان لەگەڵ داعش لێدەکرێ بۆ ناو کۆمەڵگا.

***بۆ ئەو تیمەی لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەی لە تاوانەکانی داعش پێدراوە***

- دڵنیابوون لەوەی هەوڵەکانتان بۆ لێکۆڵینەوە نابێتە هۆی دووبارە دروستکردنەوەی فشاری دەروونی بۆ قوربانیان و شاهێدحاڵان و نابێتە هۆی دواکەوتنێکی زۆر لە جێبەجێ کردنی دادپەروەری بۆ قوربانیان و دەستگیرکراوانیش کە لە ڕەوشی نامرۆییانەدا دەستگیرکراون؛
- گوشارخستنەسەر بەرپرسانی عێراقی و هەرێمی کوردستان لە دادگایکردنی گومانلێکراوانی داعش بۆ هەموو ئەو تاوانانەی ئەنجامیان داوە لەگەڵ ڕێزگرتن لە مافە یاساییەکانی دەستگیرکراوان و تەبەنیکردنی شیوازێك گرنگی بە قوربانیان و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی بدات، لەگەڵ هەڵپەساردن یان کۆتایی هێنان بە سزای لە سێدارەدان؛
- گوشارخستنەسەر حکومەتی عێراقی بۆ ڕێگەدان بە فراوانکردنی لێکۆڵینەوەکان لە هەموو ئەو پێشلکاریانەی لەلایەن هەموو لایەنەکانی جەنگەوە ئەنجام دراون؛
- هەتا ئەو کاتەی دادگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان ڕێگە بە سزای لە سێدارەدانی گومانلێکراوانی داعش بدەن، خۆتان بەدووربگرن لە دابینکردنی ئەو بەڵگانەی کۆی دەکەنەوە بۆ بەکارهێنان لە دادگاییەکانی داعش کە ئەمەش هاوتایە لەگەڵ سیاسەتی لە مێژینەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پشتگیری نەکردن یان هاوکاری نەکردنی ئەو پرۆسانەی دەرەنجامەکەیان سزای لە سێدارەدان دەبێت.




لەسەرەتای دەستپێکردنی شەڕەکانەوە لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی (ناسراو بە داعش) لە ساڵی ٢٠١٤، هێزەکانی حکومەتی عێراقی و هەرێمی کوردستان بە هەزاران کەسیان بە گوومانی هەبوونی پەیوەندی بەو گرووپەوە دەستگیرکردووە. لەسەر بنەمای چاوپێکەوتن لەگەڵ دەیان پارێزەرو دادوەرو بەڕێوەبەری بەندیخانەکان و بەرپرسانی باڵاو دەستگیرکراوانی پێشوو لەگەڵ خێزانی ئەو کەسانەی هێشتا زیندانین، ڕاپۆرتەکە***کەم و کورتی دادوەری: لێپرسراوێتی بۆ تاوانەکانی داعش لە عێراق*** شیکاری سیستمی دادوەری و هێزە ئەمنیەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان و مامەڵەیان لەگەڵ گومانلێکراوانی داعش دەکات، هەر لە لێکۆڵینەوەو دەستگیرکردن و گرتنەبەری ڕێکاری یاساییەوە لەدژیان. هەرلە ڕاپۆرتەکەدا لێکۆڵینەوە لە پێشێلکاری گەورەی مافە یاساییەکان لە هەزارەها دادگایکردنی بەردەوامی گومانلێکراوە عێراقی و چەکدارە بیانیەکانی داعش کراوەو ئاماژە بە غیابی تەواوی بەشداری پێکردنی قوربانیان لە دادگاییەکاندا کراوە. ڕاپۆرتەکە دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە بەڕێوەچوونی پرۆسەکە بەم شێوەیە هەوڵەکان لاواز دەکات بۆ لێپرسینەوەیەکی ڕاستەقینە لەو پێشێلکاریە مەترسیدارانەی لەلایەن داعش و هێزەکانی دژە داعش ئەنجام دراون و ناشتەوایی داهاتوو لە نێوان کۆمەڵگەکانی عێراقدا. ڕاپۆرتەکە داوای بەپەلە لە بەرپرسانی عێراقی دەکات بۆ پێکهێنانی ستراتیژێکی نیشتمانی لە گرتنەبەری ڕێکارە یاساییەکان لەدژی داعش وتیشکخستنەسەر ئەوانەی کە بەرپرسیارن لە ئەنجامدانی تاوانە گەورەکان و دۆزینەوەی بەدیل لەبری لێپرسینەوەی یاسایی بۆ ئەوانی تر. هەر لە چوارچێوەی ڕاپۆرتەکەدا، ژمارەیەك پێشنیاز بۆ حکومەتی عێراقی و هەرێمی کوردستان و لایەنە دەرەکیەکان خراوەتەڕوو لەپێناو باشکردنی پرۆسەی دەستگیرکردن و لێپرسینەوەو سزای یاسایی بەپێی ستاندەردە نێودەوڵەتیەکان و هێنانەدی ئارامی دادوەری بۆ قوربانیان.

**hrw.org**

### وێنەی بەرگی دواووە

قەرەباڵغیەکی زۆر لە ژووری زیندانێکی نافەرمی لەنزیك موسڵ کە گومانلێکراوانی داعشی تێدایە

© 2017 Laurence Geai

### وێنەی بەرگی پێشەوە

گومانلێکراوێکی داعش لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێ لەلایەن هێزە عێراقیەکان لەنزیك موسڵ

© 2016 Safin Hamed/Getty Image